

ماس میدیا و تیرۆریزم

# میدیا وەک چەکێک بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان یان فەزایەک بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان



«پارادایمی تازەی تیرۆریزم بەشێکی بەرەنجامی ئەو پێشکەوتنە لەپڕ و خێرایەیە کە تەکنەلۆژیای زانیاری بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی لەو راستییەدا بەرجەستە کردووە کە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان خۆیان دان بە بایەخی هۆیەکانی راگەیاندن دەنێن لە سەرکەوتنی هەموو ئامانجەکانیان، لەنێوان میدیا و کاری تیرۆریستی پەیوەندییەکی زۆر کارلێکاری هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئاڕاستە و شێوازی رووماڵی میدیادا پیشەسازی میدیا توخمی هەستیار بۆ هەواڵ و راپۆرت پەسەند دەکات، کارە تیرۆریستیەکانیش ئەم توخمە هەستیارە بۆ رۆژنامەنووسان فەراهەم دەکەن، ئەمەش وادەکات رەنگدانەوەی کارە تیرۆریستییەکان بوونێکی گەورەی لە رووماڵی هەواڵ و راپۆرتەکانی میدیا هەبێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بن کە هۆیەکانی راگەیاندنی ئازاد بۆ خزمەتی ئامانجەکانیان ئیستیغلال بکەن. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین میدیای ئازاد زەمینەیەکی گلۆباڵی بۆ گەیشتنی پەیامی تیرۆریستان فەراهەم کردووە و کاریگەری لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ تیرۆر و مەترسییەکانی تیرۆر دروستکردووە، هەروەها کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارە سیاسییانەش دروستکردووە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر دەدرێت و لەمەش زیاتر فۆرمەلەی پەیوەندییەکی کردووە لەسەر ئاستی سیاسەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. وێڕای هەموو ئەمانەش، بەڵام دیسان نابێت میدیای ئازاد ببێتە ئامێرێک کە لەلایەن تیرۆریستانەوە بۆ خزمەتی ئامانجەکانیان بەکاربهێندرێت، بەڵکو پێویستە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیراسەتکراوە میدیا بکرێتە جۆرە چەکێک کە رۆڵێکی هێجگار کاریگەر لە تێکشکانی تیرۆریستاندا بگێڕێت»

د. ئەنیتا پیرسن
پسپۆڕ لە ستراتیژیەتی دژە تیرۆر – زانکۆی زەگرەب

### ● کردەوەی تیرۆریستی
### پڕوپاگەندە کردن بۆ ترس و تۆقاندن

زۆر پێش ئەوەی گۆتنبێرگ دەزگای چاپکردن دابهێنێت و هیچ هۆیەکی میدیایی بوونی هەبێت، ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی بەو مانایەی بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی بوونی هەبووە، ئامانجیش لە ئەنجامدانی توندوتیژی و هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنی بۆ گەیاندنی پەیامی ترس و تۆقاندنە و بۆ ئەوەیە ئەم پەیامە بگاتە زۆرترین خەڵك، نەك هەر ئەوانەی هێرشیان دەکرێتەسەر، بەڵکو بۆ ئەوەی لەسەر هەموو کۆمەڵگە رەنگدانەوەی هەبێت، هەربۆیە پێش ئەوەی هۆیەکانی میدیا بوونی هەبێت کاری توندوتیژی و تیرۆریستی وەك کارێکی پڕوپاگەندەیی (propaganda of the deed) مامەڵەی لەگەڵ کراوە و کارە تیرۆریستییەکان لە شوێنە قەرەباڵغەکان ئەنجامدراون، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی لەو شوێنەن و کردەوە تیرۆریستییەکە دەبینین، بۆ ماڵ و منداڵ و برا و خزم و دۆستەکانیانی بگێڕنەوە و کارەکە دەنگدانەوەی زیاتری هەبێت.

کەواتە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی پەیامی تیرۆریستانە و دەیانەوێت ئەم پەیامە بە خێرایی و لە زۆرترین شوێن بڵاو ببێتەوە، ئەگەر لێرەدا سەرنج لەو کردەوە تیرۆریستییە بدەین کە ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٧٢ لە ئۆلۆمپیادی میونخ لە ئەڵمانیا ئەنجامیدا، بۆ ئەوە بوو پەیامی خۆی بە هەموو جیهان بگەیەنێت، ئەگەر وردتر سەرنج لەم رووداوە بدەین کە ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین چۆن شوێن و کاتەکەی هەڵبژاردووە، دەبینین مەبەستی ئەوە بووە کە نەك هەر تیمی یاریزانانی ئیسرائیل بکاتە ئامانج، بگرە ئەم رووداوە دەنگدانەوەی لەسەر ئاستی جیهانی هەبێت و گەیشتە ئەوەی کە بڵێن جارێکی دیکە رووداوی میونخ ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی لەو کاتەدا بە جیهان ناساندەوە، دواتر ئەم رووداوە کرایە فیلم و هەتا ئێستاش خەڵك سەیری دەکات و دووبارە بیری دێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانج لە کاری تیرۆریستی، یان توندوتیژی، گەیاندنی پەیامەکە بووە، ئەگەر پەیامەکە بە سەرکەوتوویی گەیشت، ئەوا تیرۆریستان سەرکەوتوو بوون، ئەگەر پەیامەکەشیان وەك خۆی نەگەیشت، ئەوا کارەکەیان سەرکەوتوو نەبووە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموو گرووپێکی تیرۆریستی لە دەستنیشانکردنی کات و شوێندا ئەو وردەکارییە رەچاو دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا

ڕۆژنامەنووس تۆماس فریدمان سەبارەت بە کەمپی مەشقپێکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لەناو کەمپەکە نامیلکەیەکی مەشق و ڕاهێنانیان هەیە کە وانەی لەسەر دەخوێنن و تیایدا هاتووە کە دەبێت هەوڵبدرێت کارە تیرۆریستییەکان لەو شوێنانە ئەنجامبدرێت کە وەك ڕەمزی وڵاتێك سەیر دەکرێت، ئەمەش واتە ئەو شوێنانەی وەك پەیکەری ئازادی لە نیویۆرك، بورجی ئیڤل لە پاریس، کاتژمێری بیگ بن لە لەندەن. ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە پەیامەکەیان ترس و تۆقاندن لە ڕۆژئاوا و هەموو جیهان بڵاو بکاتەوە. تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) یش، وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیان لە پێناسەی تیرۆر دروستکرد و تیرۆریان لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن گرووپێکی غەیرە دەوڵەتییەوە گۆڕی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتێکی تیرۆریستییەوە کە ناوی «خەلافەتی ئیسلامی» یان لێناوە.

(مدین درییە)ی ڕۆژنامەنووسی کەناڵی ئەلجەزیرە کە فیلمێکی دیکۆمینتاری لەسەر دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لە پارێزگای ڕەقە لە سووریا ئامادە کردووە و ماوەی دوو مانگ لە پارێزگای ڕەقە خەریکی وێنەگرتن بووە، پاشان بە ڕێگەی وڵاتێکی دراوسێی داعش گەڕاوەتەوە و فیلمەکەی بڵاو کردۆتەوە، ڕاشکاوانە لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت: «دەوڵەتی خەلافەتی داعش هەموو پایەکانی دەوڵەتی هەیە، بۆیە دەبێت وەك دەوڵەت باسی بکەین».

ئەم فیلمە کە تەنها کاری ڕۆژنامەوانییە، تیرۆریستانی داعش ڕێگەیان داوە بە ئاشکرا ئەنجام بدرێت و وەك کارێکی پڕوپاگەندەیی بۆ دەوڵەتی داعش بڵاو بکرێتەوە، لەماوەی ناوەڕاستی مانگی ئاب هەتا ناوەڕاستی تشرینی دووەم، تەنها لە یوتیوب ٥ ملیۆن کەس سەیری کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی لە زۆربەی میدیاکان لێدراوە، یان بەشێکی بەکارهێندراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پەیامەی داعش وەك دەوڵەت دەیەوێت بەجیهانی بگەیەنێت، نەك هەر گەیشتە سیاسەتمەدار و دەستەبژێری خوێندەوار لە جیهاندا، بەڵکو هەموو جیهان بە چاوی خۆیان سەیریان کرد و پەیامەکەیان پێ گەیشت.

مدین درییە کە دوای دروستکردنی ئەم فیلمە دیکۆمێنتارییە، لەلایەن میدیاکانی جیهانەوە بایەخی پێدەدرێت، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە تیرۆریستانی داعش ئەو کارە دڕندانەی دەیکەن، (وەك سەربڕین و لە خاچدان) نایشارنەوە و شانازی پێوە دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە تیرۆریستانی داعش خۆیان دەیانەوێت بەمجۆرە پەیامی خۆیان بگەیەنن:

١. حەز دەکەن ئەو پرسیارەیان لێبکرێت بۆچی تیرۆریستانی داعش ڕقیان لە مرۆڤایەتی و لە بەهای مرۆڤایەتییە؟

٢. حەز دەکەن پرسیاری ئەوەیان لێبکرێت بۆ هێرش دەکەنە سەر خەڵکی مەدەنی و بێتاوان و کۆمەڵکوژیان دەکەن؟

٣. حەز دەکەن پرسیاریان لێ بکرێت بۆچی کچان و ژنانی ئێزیدی و کریستیان دەکەن کۆیلە و سەبایە و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن؟

تیرۆریستانی داعش لەو کاتەوەی بەشێك بوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لقی عێراق، زەمینەسازییان لەسەر ئاستی جیهان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە کردووە، وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بە ڕێگەی هۆیەکانی پەیوەندیکردنی هاوچەرخ (Mass Communication)داوەتەوە.

سەبارەت بەم خۆئامادەکردنەی قاعیدە و داعش بۆ ئەم پرسیارانە پرۆفیسۆر بریجیت ئیل ناکۆس (Brigitte.L.Nacos) لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی «تیرۆریزم و دژە تیرۆر و میدیا لە سەردەمی بەجیهانیبوونی پەیوەندیکردندا»، ئاماژەی بەوە کردووە، تیرۆریستان ماس میدیای وەك (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، وێبسایت، ڕۆژنامە و گۆڤار)یان ئیستغلال کردووە، لەمەش زیاتر هەموو هۆیەکانی پەیوەندیکردن وەك ئینتەرنێت، سی دی، دی ڤی دی، یارییە ئەلکترۆنییەکان، موزیك، گۆرانی و کلیپ و ...) وەك چەکێك لە ناو ڕۆژئاوا و جیهان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆیان بەکارهێناوە و تیایشیدا سەرکەتوو بوون، لەمەش زیاتر ئەم هۆکارانەی پەیوەندیکردنیان بۆ تەجنیدکردنی تیرۆریستان، کۆکردنەوەی پیتاکی دارایی و پەیداکردنی چەك و هەموو پێداویستییەکانیان بەکارهێناوە.

پرۆفیسۆر ناکۆس لەو توێژینەوەیەدا باس لە تیرۆریستێك دەکات بە ناوی حامد ئیسحاق کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕۆما دەستگیر کراوە و، لە دادگای ڕۆما باسی ئەوەی کردووە کە ئەو لە هۆڵێکی وەرزشی مەشقی لەشجوانی کردووە و یەکێك لە برادەرەکانی بە ناوی سەعید ئیبراهیم بە ڕێگەی پێدانی سی دی و دیڤی دی، شێوازی مامەڵەی سەربازانی ئەمریکی لەگەڵ عەرەبی عێراق پیشانداوە، لەمەوە پەیوەندی بە قاعیدەوە کردووە و دواتر بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی ئامادە کراوە.

لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش و قاعیدە، لە ناو کەلتووری ڕۆژئاوا گاڵتەجاڕی بە ڕۆژئاوا و

**جێگەی خۆشحاڵی و دەستخۆشی و شانازییە کە میدیاکانی کوردستان، بەتایبەتی شاشەی تەلەفزیۆنەکان وایانکردووە هەموو هاووڵاتیەکی کوردستان خۆی بە پێشمەرگە بزانێت، بەڵام جێگەی ڕەخنەیە کە نەیانتوانیوە وابکەن هەموو هاووڵاتیانی کوردستان خۆیان بە پۆلیس، یان ئاسایش بزانن**

**ئەگەر باسی هێرشی تیرۆریستان بکەین بۆ سەر ئاسایشی هەولێر، یان پارێزگای هەولێر، هەست دەکەین پیاوانی پۆلیس و ئاسایشی ئەم وڵاتە نەك لە مردن ناترسن، بەڵکو ئەگەر تیرۆریستان بۆمباش بن باوەشیان پیادەکەن و ڕێگە نادەن ئارامی و سەقامگیری ئەم وڵاتە بشێوێت**

سەرکردەکانی ڕۆژئاوا دەکەن، هەر بۆ نموونە گرووپی ڕاپ تیرۆر Rap terror، کلیپیکیان بە شێوازی هیپ هۆپی ئەمریکی دەرکردووە بە ناونیشانی «کافری پیس Dirty Kuffar» لەم کلیپەدا سڵاو بۆ بن لادن دەنێرن و هێرش دەکەنە سەر بوش و بلێر، هەروەها یارییەکی ئەلکترۆنییان دروستکردووە بە ناوی ئومنا دیفێنس ١،٢، سیناریۆی ئەم ڤیدیۆ گەیمە بەو جۆرەیە کە لە ساڵی ٢٠١٤ هەموو جیهان لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا یەکدەگرێت و لە جیهاندا خەلافەتی ئیسلامی دادەمەزرێت.

لەبەرامبەر ئەم هەڵمەتەی تیرۆریستان، هەڵمەتێکی دی خەریکە وەك کاردانەوە دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت:White supremacy و بانگەشە بۆ باڵادەستیی سپی پێست و کریستیان لە جیهاندا دەکات، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی تیۆری بە یەکدادانی شارستانیەتەکان کە نزیکەی ٢٣ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن (هنتگتن)ەوە نووسراوە. بەڵام ڕۆژئاوا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم کاردانەوەیە نەگاتە ئەوەی پێی دەگوترێت پێکدادانی شارستانیەتەکان و لەلایەن زۆربەی بیرمەندانەوە وەك دیاردەی پێکدادانی شارستانیەتەکان ڕەتدەکرێتەوە، لێ ئەگەر سەیری ئاکامی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای دیموکراتی بکەین، هەست دەکەین ئەو حزبانەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگەشە دەکەن، چیدیکە پەنابەر وەرناگرن، یان سنووریك بۆ پەنابەران دادەنێن، ئەوانە هەڵبژاردنەکە دەبەنەوە، ئەمە پێمان دەڵێت خەریکە زەمینەیەك بۆ پێکدادانی شارستانیەتەکان دروست دەبێت.

## ● ماس میدیا و ڕوومالی کارە تیرۆریستییەکان

هێرشە تیرۆریستییەکەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە و ناساندنی لەسەر ئاستی جیهان، بە ئاستێك کە لە دوای ڕووماڵکردنی ئەو کارەساتە و پاشانیش لە شەڕی ئەفغانستان و ڕووخاندنی ئیمارەتی تالیبان، کەناڵی ئەلجەزیرە زۆر پێش کەناڵی CNN کەوت، دیارە لە مێژووی کارکردنی کەناڵی CNN و لە ماوەی ٢١ ساڵ کارکردنی لە (١٩٨٠-٢٠٠١)، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە ڕووماڵ و لە ناوەڕۆکی هەواڵیش پێشی بکەوێت، بۆیە ئەمە بۆ ئەلجەزیرە بە وەرچەرخانێکی گەورە هەژمار دەکرێت. لەمەش زیاتر ئەلجەزیرە بۆ ڕووماڵی کردەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بووە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بۆ تەواوی ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا. دیارە لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هیچ کام لە تەلەفزیۆنەکانی جیهان وێنەی فڕۆکەی یەکەمیان نییە کە خۆی بە یەکێك لە تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانیدا تەقاندەوە، بەڵام ئەلجەزیرە بە چەند خولەکێك پێش CNN وێنەی فڕۆکەی دووەمی بڵاوکردەوە پێش ئەوەی خۆی بە تاوەری دووەمدا بتەقێنێتەوە، بەمەش شاشەی تەلەفزیۆنی جەزیرە لەو ڕۆژەدا چاوی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و مێژوویەکی گەورەی بۆخۆی تۆمار کرد. ئەم نموونەیەی کەناڵی ئەلجەزیرە پێمان دەڵێت تا چ ئاستێك توندوتیژی و بەتایبەتیش ئەو توندوتیژی و کارەساتەی کە لە ئاکامی کارە تیرۆریستییەکان دروست دەبێت، چەند هەستیار و سەرنجڕاکێشە وەك توخمی سەرەکی لە پیشەسازی دروستکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت لای ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ڕووماڵی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە دەکات.


با وەك ڕۆژنامەنووسان ئەو ساتە لەبەرچاوی خۆمان وێنا بکەین کە فڕۆکەی دووەم خۆی بە تاوەری دووەمی سەنتەری بازرگانی جیهانیدا دەتەقێنێتەوە، وای دابنێن کە ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری هەردووکیان پێکەوە سەیری ئەو ڕووماڵەی ئەلجەزیرە و CNN یان کردووە، ئایا هەستیان بەچ خۆشی و کامەرانییەك کردووە؟ ئیمارەتی تالیبانیش وەك خەلافەتەکەی ئێستای داعش ڕێگەی نەدەدا ئەو حاڵەتانە ڕووماڵ بکرێت، بەڵام هەر یەك کاتژمێر دوای ئەنجامدانی کارە تیرۆریستیەکەی نیویۆرك، تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە ڕووماڵی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەستینی کرد لە غەزە و ڕامەڵا، بینیمان چۆن شاییان دەکرد و شیرینییان دەبەشییەوە، دیارە هەر فەلەستینیەکان نەبوون، زۆر بوون ئەو خەڵکانەی لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیش بەو بۆنەیەوە شاییان کردووە و شیرینییان بەشیوەتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەردوو کەناڵی ئەلجەزیرە و CNNبەو ئامانجە ئەو ڕووماڵەیان بەو ئاستە پرۆفیشناڵییە بەرزە ڕووماڵ کرد بۆ ئەوەی دەستخۆشی لە تیرۆریستانی ئەلقاعیدە بکەن، یان زەمینە بۆ توندوتیژی زیاتر لە جیهاندا دروست بکەن؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی CNN لە ساڵی ١٩٨٠ـەوە کە دامەزراوە، دوای ماوەیەکی کورت نازناوی ئەندامی هەمیشەیی شەشەمی ئەنجوومەنی ئاسایشی پێدراوە، واتە هێندەی هەر یەك لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی جیهان (ئەمریکا، سۆڤیەت، بەریتانیا، چین و فەرەنسا) کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و هێندەی ئەو دەوڵەتانە کاریگەری لەسەر ڕەوتی بڕیار دروستکردن لە جیهاندا هەبووە، بە دیوێکی دیکەدا شاشەی CNNتوانای ئەوەی هەبووە ڤیتۆی بڕیارەکان

تیرۆریستان ناتوانن بە کردەی تیرۆریستی لە ڕووبەری ٥٠ مەتر زیاتر لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان بترازێن، خەڵکی وڵاتپارێزیش لەوە ناترسێت

لەوانەیە ڕۆژنامەنووس کە ڕووماڵی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت دەکات، بتوانێت بێلایەن بێت، بەڵام لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا ڕۆژنامەنووس بێلایەن نییە، بەڵکو سەرباز و پێشمەرگەیە

لەگەڵ ئەوەی هەموو جیهانی ئازاد لە بەرەیەکدایە دژی تیرۆریستان، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیرۆریستان زیاتر دەبن، لەبەر ئەوەی کارەکانیان بە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لەو پەڕی سەرکەوتندا پیشان دەدەرێن



لە جیهاندا بکات، دیارە سەبارەت بە ئەلجەزیرەش تا ئێستا لە چەندین وڵاتی عەرەبی نووسینگەیان داخراوە و، هەروەها فریکوێنسی شەپۆلەکانیان راگیراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەلجەزیرەش توانای کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکان و بڕیاردروستکردنی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەیە، بەڵام ئایا دوای ئەم رووماڵە گەورەیەی میدیاکان، بن لادن چی گوتووە؟

پرۆفیسۆر یۆرگن گیرهارد لە سەنتەری سیسیۆلۆژی زانکۆی بەرلین لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «تیرۆریزمی نێودەوڵەتی: چۆن هێرشە تیرۆریستییەکان جێگەی خۆیان لە رووماڵەکانی ARD، BBC، CNN ئەلجەزیرە دەکەنەوە»، ئاماژەی بەوە کردووە کە بن لادن گوتوویەتی: «سوپاس بۆ خوا بەم کارە توانیمان ترسێکی گەورە لە ئەمریکا و جیهان دروست بکەین»، ئەمەش مانای ئەوەیە نەخشەی بن لادن بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە تیرۆریستییە بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهان، تەنها بۆ رووخاندنی ئەو دوو تەلارە نەبووە لە مەنهاتن، بەڵکو پەیامێك بووە ئاراستەی شەش ملیار مرۆڤی کردووە و ماس میدیاش ئەوپەیامەی بە سەرکەوتوویی بۆ گەیاندووە.

دیارە ئامانجی سەرەکیی ماس میدیا، کۆمەڵگەی ئازاد، ئاشتی و زیاتر چەسپاندنی ئازادییە، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئاشتی و ئازادی بۆ ماس میدیا ئۆکسجینی ژیان و مانەوەیەتی، هەروەك چۆن لەو شوێنانەی ئاشتی و ئازادی نییە ماس میدیای ئازادیش بوونی نییە، بۆیە ماس میدیا بۆ ئەوە کار ناکات خۆی بکوژێت، بەڵکو بۆ ئەوە کاردەکات ئازادی زیاتر بچەسپێت و بۆ خۆیشی بوونی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کارە تیرۆریستییەکان و کارەسات و سەربڕین و بەکۆیلەکردن هەموویان دژی مرۆڤایەتی و ئازادین، ئەم حاڵەتانەش لەبەردەستی رۆژنامەنووس توخمی هەستیارن بۆ رووماڵکردن بۆ بەرژەوەندی ئایندەی مرۆڤایەتی، ئەوا رۆژنامەنووس بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێت پەیوەندییەکی کارلێکەری لەگەڵ کارە تیرۆریستییەکان بۆ دروست دەبێت، راشکاوانەتر رۆژنامەنووس بەدوای رووداودا دەگەڕێت، تیرۆریستان رووداوەکەی بۆ ئامادە دەکەن. ئەم حاڵەتە دەکرێت ناوی بنێین فێڵی تیرۆریستان، هەروەك چۆن بیرمەندی گەورەی عەرەب محەمەد سەبیلا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گوڵان، سەرکەوتنی ئیخوان موسلمینی لە میسر ناو لێنا «فێڵی دیموکراتی»، ئەو کات کە چەند مانگێك بوو محەمەد مورسیی بووە سەرۆکی میسر پێی گوتین: ئەمە فێڵی دیموکراتییە، راستە دیموکراتی

**پۆلیسی پاسەوانی پارێزگای هەولێر نەیهێشتووە تیرۆریستان ئامانجەکەیان سەرکەوتوو بێت و خۆی شەهید بووە بۆ ئەوەی قەوارەی کارەسات و قوربانییەکان کەم بکاتەوە**

**هێزێکی سیاسی (لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست) لە هەر چوارپارچەی کوردستان نییە گومانی ئەوەی لەسەر بێت، پشتگیری تیرۆریستانی داعش دەکەن**

**ساڵی ١٩٩١ زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسی جیهانی وایکرد بڕیاری ٦٨٨ و ناوچەی ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ دابمەزرێت و ئەم ئەزموونەی ئێستای لێ بەرهەم بێت**

ئەوی بردە سەر کورسیی سەرۆك کۆمار، بەڵام ئەگەر دیموکراتییەت تەنها وەك پەیژەیەك بۆ دەسەڵات سەیر بکات، هەر دیموکراتییەت دەیخاتە خوارەوە، بۆ ئەم حاڵەتە نەخوازراوەی نێوان میدیا و تیرۆریستان، کە تیرۆریستان دەیانەوێت بە ڕێگەی میدیای ئازاد و هۆیەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگە ئازادەکان پەیامی خۆیان بگەیەنن، ئەوا دەبێت ڕۆژنامەنووسان ئەو فێڵەی تیرۆریستان بەتاڵ بکەنەوە و وەك د.ئەنیتا بیرسن لە توێژینەوەکەی بە ناونیشانی «ماس میدیا و تیرۆریزم» ئاماژەی پێکردووە، دەبێت لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیراسەتکراودا میدیا بکرێتە چەکێکی هێندە کاریگەر کە ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ لە تێکشکانی تیرۆریستان بگێڕێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن میدیا دەکرێتە چەکێکی کاریگەر لە تێکشکانی تیرۆریستاندا، لە کاتێکدا تیرۆریستان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی خۆیان شانازی بە وەحشیەت و ئەو کارە نامرۆڤایەتی و دڕندەییەی خۆیانەوە دەکەن و هەر خۆشیان وێنەی ڤیدیۆی دەگرن و لە یوتیوب بڵاوی دەکەنەوە؟ ئایا میدیا چۆن دەکرێتە چەکێکی کاریگەر لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسان ناتوانن ڕووماڵی ژیانی ڕۆژانەی ئەو ناوچانە بکەن کە لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە؟ ئایا میدیا چۆن دەبێتە چەکێکی کاریگەر لە کاتێکدا هەموو میدیا گەورەکانی جیهان نەك هەر شاشەی کەناڵەکانی سەتەلایت، بەڵکو تەنانەت ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەك گاردیان و تایمز و نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست لەناو ئینتەرنێت بوونەتە کەناڵی نووسراو، بیستراو، بینراو بۆ گواستنەوەی کارە دڕندەکانی تیرۆریستانی داعش و هەواڵی ڤیدیۆیی بڵاو دەکەنەوە؟

بێگومان لەگەڵ ئەوەی ڕووماڵکردنی ڕووداوە تیرۆریستییەکان وەك دیاردە بۆتە دیاردەیەکی گلۆباڵی و هەموو میدیاکانی جیهان ڕووماڵی دەکەن و لەمەش گرنگتر لەگەڵ ئەوەی تێڕوانینی هاووڵاتییان و سیاسەتمەداران بۆ مەترسیی تیرۆر لە چوارچێوەی سنووری نیشتمانی فراوانتر بووە و بۆتە تێڕوانینێکی گلۆباڵی، بەڵام دیسان تایبەتمەندی وڵات و نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە، شێوازی ڕووماڵێکی ڕۆژنامەوانی وڵاتێك لە وڵاتێکی دیکە جیادەکاتەوە، هەر بۆ نموونە ڕووماڵی میدیایەکی ئەمریکی بۆ سەربڕینی ڕۆژنامەنووسێك لەلایەن داعشەوە، زۆر زیاتر جێگەی بایەخە لە ڕووماڵی بەکۆیلەکردن و فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی بەدەستی داعش، یان ڕووماڵی ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی بۆ سەربڕینی ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی بەدەستی داعش جیاوازە لە ڕووماڵی بۆ سەربڕینی ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی .

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گرنگە میدیای کوردستان، لە ناویشیاندا بەشێوەیەکی تایبەت کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، پێویستە و گرنگە لەو کاتەی کە ڕووماڵی کارێکی تیرۆریستی دەکەن، ناسنامەی تەلەفزیۆنێکی کوردستانی، یان کوردی لە ڕووماڵەکەدا ون نەکەن، مەبەست لە وننەکردنی تەلەفزیۆنی کوردستانی یان کوردی، ئەوەیە وەك ڕۆژنامەنووسێکی پڕۆفیشناڵی کورد ڕووداوەکە ڕووماڵ بکەن، نەك وەك ڕۆژنامەنووسێکی پڕۆفیشناڵی بیانی، هۆکاری دروستکردنی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکانی ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی ڕووماڵی بەرەکانی شەڕی پێشمەرگە و کارەساتەکانی ڕووداوە خۆکوژییەکانی تیرۆریستان دەکەن، جیاوازییان لەگەڵ پێشمەرگە هەر ئەوەندەیە لە بری کلاشینکۆف مایکی بەدەستە، یان کامێرای بە شانەوەیە، لەمەش زیاتر ڕۆژنامەنووسەکانی کەناڵەکانی سەتەلایتی کوردستان، تەنها و تەنها وەك ڕۆژنامەنووس و پیشەی ڕۆژنامەنووس ڕووماڵی ڕووداوەکان ناکەن، بەڵکو ئەو کارە بە



کارێکی نیشتمانی و نەتەوەییش دەزانن، بۆیە پێویستە وەك ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵی پێشمەرگە ڕووداوەکان ڕوومـــاڵ بکەن، نـــەك تەنها وەك ڕۆژنامەنووســـێکی پرۆفیشناڵ.

لەوانەیە هەندێك لە هاوڕێیانی ڕۆژنامەنووسمان بەو جۆرە ئەم قســـەیە تەفسیر بکەن کە مەبەست ئەوەیە لە شـــێوازی گلۆباڵی ڕۆژنامەنووسی دوور بکەوینەوە و ڕووماڵەکانمان بکەینـــەوە ڕووماڵی لۆکاڵی تەقلیدی؟ نەخێر مەبەســـتەکە تەواو پێچەوانەیـــە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕۆژنامەنووســـێکی بیانی چەند پرۆفیشـــناڵ بێت، هێندەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵە کوردەکە لەو ڕووداوانـــە تێناگات کە لە کوردســـتان ڕوودەدەن، بۆیە گرنگە ئەم تێگەیشـــتنەی ڕۆژنامەنووســـە کوردەکە ئاوێتەی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشـــناڵی گلۆباڵی بێت. لێـــرەدا گرنگە ئاماژە بە چەنـــد ڕووماڵێکی گرنگ بپێکەین:

١. ســـاڵی ١٩٩١ زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسی جیهانـــی وایکـــرد بڕیاری ٦٨٨ و ناوچـــەی ئارام لە ســـەرووی هێڵـــی ٣٦ دابمەزرێت و ئـــەم ئەزموونەی ئێستای لێ بەرهەم بێت. ئەگەر بە وێژدانەوە بەراوردێك بکەین لەگەڵ ڕێژی زۆر بێپایانی نەتەوەی کورد بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ١٩٩١ کارەساتی ئێمەیان بە جیهان گەیاند، دەبینین مـــاوەی نزیکەی ١٠ ڕۆژ نەتەوەیەك لە مەرگەســـاتدا بوو، ئەوجا جیهـــان بڕیاریدا، بەڵام ئەمجارەیان لە٢ی ئاب تیرۆریستانی داعش شنگالیان گرت، لەبەر ئەوەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان زۆر کوردانە کارەســـاتی چیای شنگالیان ڕووماڵکرد، لەگەڵ ئەوەی هەموو کەناڵـــەکان بەپێی ئیمکانیەتی خۆیان دریغییان نەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیمکانییەتی تەلەفزیۆنـــی ڕووداو لە ڕووی تەکنیکەوە لەوانی دیکە بەرزتـــر بوو، توانرا جیهان زووتر بێتە دەنگ و بڕیاریش زووتر لە ئەنجوومەنی ئاســـایش دەربچێت، ڕاستە ماس میدیا ئێســـتا زۆر لە ١٩٩١ پێشکەوتووترە،

بـــەڵام وەرگرتنی بڕیار لە ناو ئەنجوومەنی ئاســـایش سەبارەت بە پرسێك دە هێندەی ١٩٩١ قورسترە.

٢. لە ڕووماڵی کارەساتی چیای شنگال پەیامنێری تەلەفزیۆنی ڕووداو لەگەڵ فڕۆکەی فریاکەوتن خۆی گەیاندە چیای شنگال و لەسەر چیاکە ئەو کارەساتەی گواســـتەوە، دیارە ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەوانەی ڕووماڵی کارەسات و شەڕەکان دەکەن، هەموویان هەمان هاندان و بوێری ڕۆژنامەنووســـەکەی ڕووداویان هەیە، بەڵام ئەوەی دەبێتە هاندانێکـــی زیاتر بۆ پەیامنێرانی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان، هاندەری هەستی نیشتمانی و نەتەوەییە، هەر بۆیە لە ناو ستۆدیۆی هەواڵ و لەسەر شاشەی ڕووداو ڕۆژنامەنووسێکی دیکە دەستی بە گریان کرد، ئەو گریانە پرۆفیشـــناڵیی ڕۆژنامەنووســـەکەی جوانتر کرد، نەك ڕووماڵەکەی کردبێتەوە بە لۆکاڵ.

٣. لە هەموو جیهاندا بەگشتی و لە تەواوی وڵاتانی ئیســـلامی، خەریکە دەرکەوتنی تیرۆریســـتان دەبێتە بەرهەمـــی خودی کۆمەڵگـــەکان (homegrown)، بەڵام هەتا ئێســـتا تیرۆر و تیرۆریســـتان لە کوردستان نەبووەتە بەرهەمی خودی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمەش بەو مانایەی هێزێکی سیاســـی لە هەر چوارپارچەی کوردستان نییە (لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست) گومانی ئەوەی لەســـەر بێت، پشتگیری تیرۆریستانی داعش دەکەن، خۆ ئەگەر پێشتر هەندێکی زۆر کەمیش هەبووبن، ئەوانەش بەرهەمی کۆمەڵگەی کوردســـتان نەبوون، بەڵکو بەرهەمـــی کۆمەڵگەیەکی دیکە بوون و لە شـــوێنی دی پـــەروەردە کرابـــوون. بۆیە گرنگە بۆ میدیای کوردســـتانی ئەم خاڵە لـــە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا و لە بەگژداچوونـــەوەی تیرۆردا توخمی سەرەکیی پیشەسازی میدیای بێت.

٤. جێگەی خۆشحاڵی و دەستخۆشی و شانازییە کە میدیاکانی کوردستان، بەتایبەتی شاشەی تەلەفزیۆنەکان وایانکـــردووە هەموو هاوولاتیەکی



**ڕۆژنامەنووسێکی بیانی چەند پرۆفیشناڵ بێت، هێندەی ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵە کوردەکە لەو ڕووداوانە تێناگات کە لە کوردستان ڕوودەدەن**

**گرنگە میدیای کوردستان، لە ناویشیاندا بەشێوەیەکی تایبەت کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، پێویستە و گرنگە لەو کاتەی کە ڕووماڵی کارێکی تیرۆریستی دەکەن، ناسنامەی تەلەفزیۆنێکی کوردستانی، یان کوردی لە ڕووماڵەکەدا ون نەکەن**

**ڕۆژنامەنووس بەدوای ڕووداودا دەگەڕێت، تیرۆریستان ڕووداوەکەی بۆ ئامادە دەکەن. ئەم حاڵەتە دەکرێت ناوی بنێین فێڵی تیرۆریستان**

**نەخشەی بن لادن بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشە تیرۆریستییە بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهان، تەنها بۆ رووخاندنی ئەو دوو تەلارە نەبووە لە مەنهاتن، بەڵکو پەیامێک بووە ئاراستەی شەش ملیار مرۆڤی کردووە و ماس میدیاش ئەوپەیامەی بە سەرکەوتوویی بۆ گەیاندووە**

**تیرۆریستان ماس میدیای وەک (تەلەفزیۆن، رادیۆ، وێبسایت، رۆژنامە و گۆڤار)یان ئیستغلال کردووە، لەمەش زیاتر هەموو هۆیەکانی پەیوەندیکردن وەک ئینتەرنێت، سی دی، دی ڤی دی، یارییە ئەلکترۆنییەکان، موزیک، گۆرانی و کلیپ و ...) وەک چەکێک لە ناو رۆژئاوا و جیهان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆیان بەکارهێناوە**

**تۆماس فریدمان سەبارەت بە کەمپی مەشقپێکردنی رێکخراوی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لەناو کەمپەکە نامیلکەیەکی مەشق و راهێنانیان هەیە کە وانەی لەسەر دەخوێنن و تیایدا هاتووە کە دەبێت هەوڵبدرێت کارە تیرۆریستییەکان لەو شوێنانە ئەنجامبدرێت کە وەک رەمزی وڵاتێک سەیر دەکرێت**

کوردستان خۆی بە پێشمەرگە بزانێت، بەڵام جێگەی رەخنەیە کە نەیانتوانیوە وابکەن هەموو هاووڵاتیانی کوردستان خۆیان بە پۆلیس یان ئاسایش بزانن، لەکاتێکدا ئەم شەڕی تیرۆرە بە پلەی یەکەم و لە بەرەی ناوخۆ و بۆ کاریگەری بۆ سەر ژیانی خەڵك، شەڕی پۆلیس و ئاسایشە، بۆیە گرنگە ئەو هەستەی لای هاووڵاتیان بە رێگەی میدیاکان دروستبووە کە هەموویان خۆیان بە پێشمەرگە دەزانن، دەبێت هەوڵەکان بەو ئاراستەیەش زیاتر بخرێنەگەڕ کە هەموو هاووڵاتییەك خۆی بە پۆلیس و ئاسایشی ئەم وڵاتە بزانێت، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت میدیاکانی کوردستان هەوڵبدەن هەر هاووڵاتیەکی کوردستان بکەنە خرۆکەیەکی سپی ناو خوێنی جەستەی کوردستان، بۆ ئەوەی چۆن خرۆکە سپییەکانی ناو جەستەی مرۆڤ بوونە ئامێری بەرەنگابوونەوەی ڤایرۆس و ناهێڵن مرۆڤەکە نەخۆش بکەوێت، بەهەمان شێوە دەبێت هەموو بەرپرسیار بین لەوەی رێگە نەدەین تیرۆریستان وەك ڤایرۆس لە کوردستان کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامبدەن.

## ● رووماڵی کاری تیرۆریستی لە کوردستان هەولێر وەك نموونە

هەفتەی رابردوو ئۆتۆمبیلێکی تیرۆریستان هێرشی کردە سەر بینایەی پارێزگای هەولێر و خۆی تەقاندەوە، ئەگەر لێرەدا هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو تەلەفزیۆنانە بکەین کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و ئەو رووداوەیان رووماڵکرد، ئەوا هەست دەکەین ئەمە مانای ئەوەیە ئەو رۆژنامەنووسەی کە گوێبیستی هەواڵەکە بووە، راستەوخۆ لەگەڵ کامێرەمانەکەی هاوڕێی گەیشتۆتە شوێنی رووداوەکە، ئەگەر تیمی تەلەفزیۆنێك خولەکێك پێشتریش گەیشتووبێتە شوێنی رووداوەکە، لەوانەیە پەیوەندی بە دووری و نزیکی تەلەفزیۆنەکە، یان قەرەباڵغی رێگەوبان لەو کاتەدا هەبووبێت، ئەگینا گومان لەسەر حەماسی ئەو رۆژنامەنووسانە بۆ رووماڵەکە نییە، ئەمەش جێگەی دەستخۆشی و خۆشحاڵییە، بەڵام ئەگەر سەیری هەموو رووماڵەکان بکەین، هەست دەکەین تەلەفزیۆنێکیان بەوشێوەیە رووداوەکە رووماڵ دەکات، کە سەرنجڕاکێشتر خەڵك لە دەوری شاشەکەی خۆی بهێڵێتەوە، ئەمەش لەو رووەوە کە کاری رۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا کێبڕکێ و مونافەسەیە، بۆیە بۆ ئەو شاشەیە جێگەی دەستخۆشیە، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی قسەکردن لەسەر رووماڵی ئەو شاشەیە، ئەوەیە لە کاتی رووماڵکردنەکەدا رۆژنامەنووسەکەی ئەو کەناڵە توخمی هەستیار تەنها لە قوربانییەکاندا دەبینێتەوە، نەك لەو قوربانییانەی کە نەیانهێشتووە قوربانییەکان زیاتر گەورەتر بن! ئەم تێبینییە لەسەر بەدواداچوونی ئەو شاشەیە نییە کە بۆ ماوەی چەند سەعاتێك بەدواداچوونی لەسەر ئەو رووداوە کردووە و هەموو لایەنەکانی رووماڵکردووە کە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵکو تێبینییەکە لە ساتی رووماڵکردنی رووداوەکەیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، چونکە هەموومان دەزانین کوردستان لە شەڕیکی سەختدایە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، ئەو تیرۆریستانە بۆیە ئەو کارە خۆکوژییانە بە تایبەتی لە هەولێر ئەنجامدەدەن، بۆ ئەوەی بارێکی ناسەقامگیر و دڵەڕاوکێ لە پایتەختی کوردستان دروست بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هیچ دوور نییە تیرۆریستانی داعش خۆیشیان سەیری شاشەی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن تاچەند پەیامەکەیان سەرکەوتوو بووە، نەك کارە تیرۆریستییەکەیان.. هەر بۆ نموونە دوای تەقینەوەکە و رووماڵی رووداوەکە بەو شێوە سەرنجڕاکێشە، تەلەفزیۆنی رووداو هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە تیرۆریستانی داعش بە تەلەفۆن و تویتەر و فەیسبووك پیرۆزباییان لە خۆیان کردووە بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە، ئەم هەواڵە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو رووماڵەی بۆ ئەو کارە تیرۆریستییە کراوە، پەیامەکەی تیرۆریستانی گەیاندووە، ئەم گەیاندنەش نەك هەر بۆ خەڵکی هەولێر، بەڵکو بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان و هەموو رەوەندی کورد لە جیهاندا بووە، هەروەها مۆراڵێك بۆ تیرۆریستان دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە دەستیان دەگاتە هەموو شوێنێك و ئەوەی بیانەوێت و دەیانەوێت، بیکەن. ئەمە لە کاتێکدا پۆلیسی پاسەوانی پارێزگای هەولێر نەیهێشتووە ئامانجەکەیان سەرکەوتوو بێت و خۆی شەهید بووە بۆ ئەوەی قەوارەی کارەسات و قوربانییەکان کەم بکاتەوە، ئەم حاڵەتە لە هێرشی تیرۆریستان بۆسەر ئاسایشی هەولێریش بەو جۆرە بوو، تیرۆریستان هاتبوون ئاسایشی هەولێر داگیر بکەن، بەڵام ئەو ئاسایشانەی پاسەوانی ئەو دامەزراوەیە بوون، وەك پاڵەوان باوەشیان بە تیرۆریستەکەدا کردبوو کە خۆی بۆمبڕێژ کردبوو، ئەمەش مانای ئەوەیە پیاوانی پۆلیس و ئاسایشی کوردستان بە قوربانیکردنی خۆیان رێگە نادەن تیرۆریستان ئامانجەکانیان سەرکەوتوو بێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا توخمی هەستیار لەم دوو رووماڵەی دووکاری خۆکوژیدا، تەنها ژمارەی قوربانییەکان و زیانەکانی ئەو کارەی تیرۆریستانە؟ ئایا توخمی بەهێز تەنها پیشاندانی خوێن و جەستەی شەهیدەکان و بریندارەکانە؟ ئایا توخمی هەستیار تەنیا دروست بوونی ترسە لای هاووڵاتییان؟ ئەم توخمانە



راسته هەستیارن بۆ پیشەسازی هەواڵ، راسته گرنگن بۆ بەهای مرۆڤایەتی و داکۆکیکردن لە بەها مرۆڤایەتییەکان، بەڵام لە ئێستادا جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەگەڵ دوژمنێکدا لەشەڕداین، کە خۆی دەیەوێت لێی بپرسن بۆ خەڵکی مەدەنی دەکوژێت؟ خۆی دەیەوێت لێی بپرسن بۆ سەردەبڕێت و بۆ خەڵك لە خاچ دەدەیت و بۆ کۆیلەیەتیت زیندوو کردۆتەوە؟ ئەم لایەنە زۆر گرنگە و رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵیش کە کاری سەرەکی و بنەمای ئەخلاقیی کاری رۆژنامەگەری وای لێدەکات، هەواڵ، یان راپۆرتە هەواڵ بۆ بەرژەوەندی بەهاو کەرامەتی مرۆڤایەتی دابڕێژێت، ئەمە بە درێژایی تەمەنی میدیای ئازاد پێڕەو کراوە، بەڵام لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و قاعیدە و تەواوی تیرۆریستانی دیکە بە هەر ناوێك بن، ئەم شێوازە دەبێتە گەیاندنی پەیامەکانی ئەوان زۆر بەسەرکەوتوویی و هەر ئەمەش وایکردووە، لەگەڵ ئەوەی هەموو جیهانی ئازاد لە بەرەیەکدایە دژی تیرۆریستان بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ تیرۆریستان زیاتر دەبن، لەبەر ئەوەی کارەکانیان بە رێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لەو پەڕی سەرکەوتندا پیشان دەدەرێن.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا چۆن واز لەو توخمە هەستیارە مرۆییە سەرنجراکێشانە دەهێندرێت، لەکاتێکدا میدیای ئازاد چاوی ئێشکگری کەرامەت و بەهای مرۆڤایەتییە؟ بێگومان هیچ رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ ناتوانێت دەستبەرداری ئەو توخمە هەستیارانە بێت، بەڵام داهێنانی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەوەیە لە خاڵی بەهێزی دوژمنەکەیەوە دەستی دوژمنەکەی بشکێنێت، لەمەش گرنگتر لەوانەیە رۆژنامەنووس کە رووماڵی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت دەکات، بتوانێت بێلایەن بێت، بەڵام لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا رۆژنامەنووس بێلایەن نییە، بەڵکو سەرباز و پێشمەرگەیە، رۆژنامەنووس تەنها رووماڵی هەواڵ ناکات، بەڵکو خۆی بەشێکە لە شەڕەکە، بۆیە دەبێت داهێنان بکات بۆ ئەوەی بزانێت چۆن دوژمنەکەی نائومێد دەکات، هەر بۆ نموونە رۆژنامەنووس دەتوانێت زۆر بە ئاسانی پەیامی تیرۆریستان پووچەڵ بکاتەوە، ئەگەر باسی هێرشی تیرۆریستان بکەین بۆ سەر ئاسایشی هەولێر، یان پارێزگای هەولێر، هەست دەکەین پیاوانی پۆلیس و ئاسایشی ئەم وڵاتە نەك لە مردن ناترسن، بەڵکو ئەگەر تیرۆریستان بۆمباش بن باوەشیان پیادەکەن و رێگە نادەن ئارامی و سەقامگیری ئەم وڵاتە بشێوێت، ئەوەش توخمی بەهێزن بۆ دروستکردنی هەواڵ ئەو رۆژنامەنووسانەن کە لەناو رووداوەکە راستەوخۆ رووماڵی دەکەن، بۆیە گرنگە رۆژنامەنووسەکە خۆی بکاتە نموونە کە تیرۆر کار لە مۆراڵی هاووڵاتییانی ئەم کوردستانە ناکات، هەر چاوی خۆی و چاوی کامێرەکەی بکاتە پێوەر کە تیرۆریستان ناتوانن بە کردەی تیرۆریستی لە رووبەری ٥٠ مەتر زیاتر لەناو شارەکانی هەرێمی کوردستان بترازێن، خەڵکی وڵاتپارێزیش لەوە ناترسێت.

**داهێنانی رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەوەیە لە خاڵی بەهێزی دوژمنەکەیەوە دەستی دوژمنەکەی بشکێنێت، لەمەش گرنگتر لەوانەیە رۆژنامەنووس کە رووماڵی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت دەکات، بتوانێت بێلایەن بێت، بەڵام لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا رۆژنامەنووس بێلایەن نییە، بەڵکو سەرباز و پێشمەرگەیە**



## پیتەر گروس

بەڕێوەبەری قوتابخانەی جورنالیزم و میدیای ئەلکترۆنی لە زانکۆی تێنسی بۆ گوڵان:

# با ڕۆژنامەنووسان ڕووداوەکان ڕوومالّ بکەن، بەڵام مایکرۆفۆن بۆ تیرۆریستان ڕانەگرن

**پرۆفیسۆر پیتەر رۆس بەڕێوەبەری قوتابخانەی جۆرنالیزم و میدیای ئەلکترۆنییە لە زانکۆی تێنسی لە ئەمریکا، سەبارەت بە رووماڵی رۆژنامەنووسان بۆ کاری تیرۆریستان و ئەو کێشانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە لەسەر ئاستی جیهان، روانگەیەکی بابەتییانە و وردبینانەی هەیەو رایوایە زۆر جار رووماڵی رۆژنامەنووسان دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی پەیامی تیرۆریستان، هەر بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ئیشکالیەتە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداوە و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ماس میدیا لەم سەردەمی شۆڕشی زانیاری و گەیاندنەدا، دووچاری کێشەیەك بووە لە رووماڵی رووداوە تیرۆریستییەکان، میدیا کاری خۆی دەکات، بەڵام بە کردەوە دەبێتە گەیەنەری پەیامی تیرۆریستان، چۆن دەتوانین رووبەڕووی ئەم کێشەیە ببینەوە؟**

- تیرۆریستان ئامانجیان ئەوەیە پەیامەکەیان بە خێرایی و سەرکەوتوویی بگات، میدیاش ئەو هۆکارەیە، بۆیە لەلایەن سەرجەم تیرۆریستانەوە و لە هەموو رۆژگارەکاندا ئەم ئیستغلالکردنەی میدیا ئەنجام دراوە. تیرۆریستان دەیانەوێت بە هەر ئامرازێکی میدیایی بەردەست، کارەکانی خۆیان بە زووترین کات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئیدی ترساندنی خەڵك بێت، یاخود هێنانەدی ئامانجە ستراتیژی و تاکتیکییەکانیان، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان دەتوانن زیاتر میدیای تەقلیدی بەکار بهێنن، ئەوەش شتێکی نوێ نییە و دەمێکە بە رێگەیەکی دەزانن بۆ ئەوەی کارەکانیان بناسرێت، ئیدی بۆ فشاری سیاسی بێت بۆ سەر سیاسییەکانی نێو حکومەت، یاخود تەنها بۆ ترساندنی خەڵك بێت، دەبێت کارێك بکەن، کار و ئامانجەکانیان بە خەڵك بگات. بە دڵنیاییەوە بەکارهێنانی میدیا لەلایەن تیرۆریستانەوە چەند ئامانجێکی هەیە، پێشتر ئاماژەم بە دوو ئامانجی سەرەکییان کرد (فشارخستنە سەر سیاسییەکان و ترساندنی خەڵك)، هەروەها بۆ ئەوەیە بە خەڵکی رابگەیەنن کە ئەوان هەن و توانای خۆیشیان بۆ راکێشانی خەڵك بۆ نێو خۆیان بەکار دەهێنن. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو رێوشوێنێکی پیادەکراوە و بیست ساڵ پێش ئێستا و پەنجا ساڵ پێش ئێستا و سەد ساڵ پێش ئێستا ئەمەیان بەکارهێناوە.

*** ئایا لەم رووەوە هیچ کارێك دەکرێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی هیچ شتێك نییە بکرێت، چونکە کاتێك تیرۆریستان کارێکی تیرۆریستی دەکەن، ئەوا ئەمە هەواڵە و دەبێت رووماڵ بکرێت، تاکە رێگەیەك کە دەتوانیت رێگە لەوە بگرێت هاوکاری تیرۆریستان بکرێت لە رووماڵی کردەوەکانیان ئەوەیە کە هەندێ وێنەی دیاریکراو بڵاو نەکرێتەوە و رێگەیان نەدرێت راستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن، یاخود رادیۆ قسە بکەن، یاخود لێدوانی راستەوخۆی ئەوان بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت فلتەر بکرێت. واتە مایکرۆفۆنەکەیان مەدەنێ، بەڵکو رووماڵی کارەکانیان بکەن، ئەمە رێگەیەکە بۆ ئەوەی لە هاوکاریکردنیان خۆت لابدەیت، بەڵام هەروەك زووم دەبێت رووماڵی کردەوەکانیان بکەیت، چونکە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك هەیە.

*** ئایا پێتوا نییە هەندێك لە رۆژنامەنووسان بەبێ مەبەست خزمەتی ئامانجەکانی ئەوان دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە خزمەت بە ئامانجەکانیان دەکەن، بەڵام بە مەبەست نا، چونکە هەروەك وتم پێویستە رووماڵی کارەکانیان بکەن، بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، واتە بە رووماڵکردنی بابەتێکی شەرعی رۆژنامەوانی، ئەوا تا رادەیەك خزمەت بە تیرۆریستان دەکرێت. لێرەدا دەبێت رۆژنامەنووسان وریا بن، کە چی و چ وێنەیەك بڵاو دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت، مایکرۆفۆنەکەیان مەدەنە دەست و رێگەیان مەدەن لە رێی ئێوەوە راستەوخۆ لەگەڵ بینەرانتاندا قسە بکەن. بەو شێوەیە دەتوانن کاریگەری راستەوخۆی ئەوان کەم

**ئەوانەی دەیانەوێت ئازار بە خەڵک بگەیەنن، رەنگە بتوانن لە مەودای کورتدا ئەم کارە بکەن، بەڵام لە مەودای دووردا پێیان ناکرێت**

**لە جیهانی ئازاددا ئێمە نامانەوێت سانسۆر بکەین، بەڵکو دەمانەوێت وەڵامی شتێک بدەینەوە کە سەلبی بێت. ئازادی رادەبڕین بەرپرسیارێتی ئەو رادەربڕینەت دەخاتەئەستۆ، هەروەها مافی ئەوەشت دەداتێ کە وەڵامی مشتومڕەکان بدەیتەوە و وەڵامی ئەوانەش بدەیتەوە کە بڵاودەکرێنەوە**

**چەندەها هۆکار هەن بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەو رادیکاڵییەت برۆن، مەرج نییە تەنها هۆکاری ئایینی بێت**

**تیرۆریستان هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی هەواڵ بکەن، ئینجا ڤیدیۆی سەربڕینێک بڵاو دەکەنەوە لەگەڵ لێدوانێک لەبارەی ئەو سەربڕینە، یان هەر شتێکی دیکە و چاوەڕێ دەکەن میدیای ڕۆژئاوا ئەوە چاپ و پەخش بکات**

**تاکە ڕێگەیەک کە دەتوانیت ڕێگە لەوە بگرێت هاوکاری تیرۆریستان بکرێت لە ڕووماڵی کردەوەکانیان ئەوەیە کە هەندێ وێنەی دیاریکراو بڵاو نەکرێتەوە و ڕێگەیان نەدرێت ڕاستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن، یاخود رادیۆ قسە بکەن**

**تیرۆریستان دەیانەوێت بە هەر ئامرازێکی میدیایی بەردەست، کارەکانی خۆیان بە زووترین کات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئیدی ترساندنی خەڵک بێت، یاخود هێنانەدی ئامانجە ستراتیژی و تاکتیکییەکانیان، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان دەتوانن زیاتر میدیای تەقلیدی بەکار بهێنن**

بکەنەوە لەسەر ئەوانەی موتابەعەی راگەیاندن دەکەن، بەتایبەتی راگەیاندنی ئێوە کە خۆتان کۆنترۆڵی دەکەن.

*** تیرۆریستان ڕێگە نادەن ڕۆژنامەنووسان ڕووماڵی ئەو ناوچانە بکەن کە ئەوان بەڕێوەی دەبەن، ئەوان تەنها ڕێگە بەو ڕۆژنامەنووسانە دەدەن کە پڕوپاگەندە بۆ ئەوان بکات، ئەمەیان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکەیت؟**

- بێگومان ناکرێت تەنها پڕوپاگەندە بۆ ئەوان بکرێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ڕێگە بدرێت بە ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بچنە ئەو شوێنانەی کە تیرۆریستان بەڕێوەی دەبەن، یاخود بە ڕێگەیەکی دیکە ڕووماڵی هەواڵەکانیان بکەن، چونکە ناتوانن کۆنترۆڵی ئەوە بکەن کە ئەوان کۆنترۆڵیان کردووە، ئەمە مەحاڵە. ئەوانیش بە ڕێگەنەدانیان بە ڕۆژنامەنووسان ئەم کارە دەکەن، تیرۆریستان هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی هەواڵ بکەن، ئینجا ڤیدیۆی سەربڕینێك بڵاو دەکەنەوە لەگەڵ لێدوانێك لەبارەی ئەو سەربڕینە، یان هەر شتێکی دیکە و چاوەڕێ دەکەن میدیای ڕۆژئاوا ئەوە چاپ و پەخش بکات، لێرەدا ئێوە وەك ڕۆژنامەنووسێکی دەرەکی و وەك موحەریرێك و وەك بەڕێوبەری تەلەفزیۆن و بەڕێوبەری رادیۆ دەتوانن ڕۆڵ ببینن و ببنە فلتەرێك، نەك تەنها بڵاوکردنەوەی ئەوەی بۆتان دەنێرن. بەڵام ڕووماڵکردنی ئەوەی لە ناوچەکانی خۆیاندا دەیکەن مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ڕێگەتان پێنادەن کە بچنە نێو ئەو ناوچانەوە، هیچ شتێکتان پێناکرێت جگە لە ڕووماڵکردنی بەشێکی بچووکی ئەوەی ڕوودەدات، وەك کاراکتەرە سەرەکییەکان و هۆکارەکان، بەڵام ناتوانن لەوە زیاتر بکەن، ئەگەر ڕێگەتان پێنەدەن ڕووماڵی ڕووداوەکە بکەن، ئەوا چیتر کۆنترۆڵی ئەوە ناکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەتوانن ڕێگە لەوە بگرن کە کۆنترۆڵی تەواویان هەبێت لە ڕێی بڵاونەکردنەوەی هەموو شتێك کە بۆتان دەنێرن.

*** تا چ رادەیەك بەکارهێنانی ڤیدیۆیەکانی (**you tube**) کاریگەری هەیە لەسەر خەڵکی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بچنە نێو داعشەوە، چونکە ژمارەیەك هاووڵاتی ئەمریکی و ئەورووپی چوونەتە نێو داعشەوە؟ ئایا ئەوە تا چ رادەیەك کاریگەری هەبووە؟**

- ئێستا ئێوە باس لە هۆکارێکی شەخسی راگەیاندن دەکەن، وەك فەیسبوك و وێبسایت و سۆشیال میدیا، ئەوانە ئامرازی راگەیاندنی شەخسین، کارێکی زۆرت لەدەست نایەت بۆ ئەوەی بیانوەستێنن، تەنها ئەگەر تەواوی ئەنتەرنێت، یان تەواوی سۆشیال میدیا رابگریت، ناشکرێت ئەم کارە بکەیت، لەبەر ئەوە دەبێت دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو پەیامانەدا نەرم بکەیت کە لەلایەن راگەیاندنی تایبەتەوە، یان دەزگایەکی راگەیاندنی بە تایبەتکراوەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەوەی دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە بەرەنگاری ئەو پەیامانە ببیتەوە لە ڕێی میدیای تەقلیدی و میدیای ناتەقلیدییەوە کە دەبێتە ئیلهامبەخش بۆ چەند کەسێك لە ئەوروپا و ئەمریکا بۆ ئەوەی بچنە نێویان. کەواتە کارێکی زۆرت لەم ڕووەوە پێناکرێت و من چارەسەرێك بۆ ئەوە بەدی ناکەم. بەدڵنیاییەوە چارەسەرێکی ڕاستەوخۆ نییە و ڕەنگە چارەسەرێکی ناڕاستەوخۆ هەبێت. چەندەها هۆکار هەن بۆ ئەوەی خەڵکی بەرەو رادیکاڵییەت بڕۆن، مەرج نییە تەنها هۆکاری ئایینی بێت، بەڵکو دەکرێت هۆکاری سیاسی و هۆکاری ئایدیۆلۆژیش بێت، یاخود مەسەلەکە ئەوە بێت ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی بگرێت و هەست بکات ناچارە بە ناوی بزووتنەوەیەکی دیاریکراوەوە کار بکات، بەدڵنیاییەوە ئەوانەش کەسانی چەواشەکراون و بە درێژایی مێژووش کەسانی چەواشەکراو بوون.

*** ئەی سەبارەت بەو ڤیدیۆ گەیمانەی تیرۆریستان بە ڕێگەی ئینتەرنێت دەیفرۆشن، ئایا ئەمەیان چەند کاریگەری لەسەر گەنجی ڕۆژئاوا دروستکردووە؟**

- گەمەکان شتێکی نوێن، بەلای کەمەوە بەکارهێنانی لەلایەن تیرۆریستانەوە شتێکی نوێیە، کارێکی زۆرت لەدەست نایەت لەم بارەیەوە، ئەوانەی ئەو یارییانە بەکار دەهێنن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر لە ڕۆژئاوا بن، لە ئەوروپا بن یاخود لە ئەمریکا، دەتوانیت تا رادەیەك بڵاوبوونەوەی ئەو گەمانە کۆنترۆڵ بکەیت، بەڵام کاتێك تیرۆریستان دەیانەوێت گەمەیەکی ئاوا بڵاوبکەنەوە، ئەوا کارێکی زۆرت لەدەست نایەت بۆ بەرپێگرتنی، ڕەنگە ئەو ئاژانسانەی کاریان جێبەجێکردنی یاسایە، وەڵامی ئەمەیان هەبێت، بەڵام من وەڵامم بۆ ئەمە نییە. من مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا ناکەم، من مامەڵە لەگەڵ راگەیاندندا دەکەم. هەروەها بە دڵنیاییەوە هەر هۆکارێکی پەیوەندیکردن، ئیدی مۆسیقا بێت، یان کتێب، یاخود میدیای تەقلیدی، یاخود ناتەقلیدی، هەموو ئەوانە بۆ مەبەستگەلێکی جیاواز بەکاردەهێنرێن، ئیدی تیرۆریزم بێت، یان هەر شتێکی دیکە. لە جیهانی ئازاددا ئێمە نامانەوێت سانسۆر بکەین، بەڵکو دەمانەوێت وەڵامی شتێك بدەینەوە کە سەلبی بێت. ئازادی رادەبڕین بەرپرسیارێتی ئەو رادەربڕینەت دەخاتەئەستۆ، هەروەها مافی ئەوەشت دەداتێ کە وەڵامی مشتومڕەکان بدەیتەوە و وەڵامی ئەوانەش بدەیتەوە کە بڵاودەکرێنەوە. ئێمە لە جیهانی ئازاددا ئەو کارە ناکەین، ئەمە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بە باشی سەرکەوتوو بووە، ئەوانەشی دەیانەوێت ئازار بە خەڵك بگەیەنن، ڕەنگە بتوانن لە مەودای کورتدا ئەم کارە بکەن، بەڵام لە مەودای دووردا پێیان ناکرێت.



## پرۆفیسۆر ویلیام سۆرن

تۆێژەری باڵا لە ئامۆژگای کاسۆلیک میدیا بۆ گوڵان:

# رۆژنامەنووس ناتوانێت رووماڵی کارە تیرۆریستییەکان نەکات، بەڵام دەتوانێت وابکات سەرکەوتنی تیرۆریستان پیشان نەدات

پرۆفیسۆر ویلیام سۆرن تۆێژەری باڵایە لە سەنتەری کاسۆلیك میدیا بۆ پرسی رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوە لەسەر میدیا و ئەو تەحەدییانە دەکات کە رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی میدیا لە سەر ئاستی جیهان لە کاتی رووماڵی کاری تیرۆریستاندا رووبەڕووی دەبنەوە. هەر سەبارەت بەو پرسە و چۆنیەتی سوودوەرگرتنی تیرۆریستان لە هەموو هۆیەکانی پەیوەندیکردنی هاوچەرخ، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**جیاکردنەوەی ئەو تاوانانە لە ئیسلام، بەوە دەبێت کە سەرکردەکانی ئیسلام لێرە (لە ئەمریکا) و لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکەی جیهان لێدوانێک بدەن و ئاماژە بەوە بکەن کە ئەوانە گرووپێکی بچووکی ناو ئیسلامن و بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن**

**کۆمەڵگە لیبراڵ دیموکراتەکان گرنگییەکی زۆر بە لێبووردەیی و ئازادیی رادەربڕین دەدەن کە دەکرێت ئیستیغلال بکرێت**

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زۆرێک لە ژوورەکانی هەواڵ تەمومژێکی گەورەیە و نازانن کەلتوورەکە جیاوازە، لەبەر ئەوە تێناگەن لەوەی کە بەراستی لەوێدا روودەدات**

**رووماڵێکی کەمی مێژووی داعش کراوە و پێموا نییە شارەزامان هەبێت لێرە بۆ ئەوەی لە ژووی هەواڵەکاندا رووماڵی دروستی بۆ بکەن**

*** ئەو بەرەوپێشچوونەی لە بواری هۆکارەکانی پەیوەندیکردندا بەدی هاتوون، لەلایەن تیرۆریستانەوە بەکارهێنراون و ئیستیغلال کراون و پەیوەندییەکی تەفاعولی لە نێوان تیرۆریستان و راگەیاندندا دروست بووە، بە چەشنێك رووماڵی هەواڵەکانیان دەکرێت کە خزمەت بە ئامانجەکانیان بکات، واتە زۆربەی ئەوانەی رووماڵی رووداوە تیرۆریستییەکان دەکەن، ئەوا ئامانجەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن، چۆن ئیستیغلالکردنی لایەنی رۆژنامەگەری بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە لێکدەدەیتەوە؟**

- پێموایە ئەوان لەوە تێدەگەن کە بەلای راگەیاندنی رۆژئاواوە هەندێ کردەوەی ئەوان ناتوانن رووماڵ نەکەین، وەك سەربڕین و هەندێ کردەوەی دیکە کە سەرنجی راستەوخۆی راگەیاندنی هەواڵی رۆژئاوا رادەکێشن، دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا ئەوان لەوە تێدەگەن کە کاردانەوەی ئەوانەی ئەمە دەبینن سلبیە یان ئیجابی، یاخود ئەمە بایەخی نییە بەلای ئەوانەوە. بەتایبەتی راگەیاندنی هەواڵی ئەمریکا ناتوانێت لەبەردەم ئەو جۆرە چیرۆکانەدا خۆی راگرێت. رەنگە هەوڵبدەن فلتەری بکەن و لایەنە هەستیارەکەی و ئەوەی دەبێتە سەرکەوتن بۆ تیرۆریستان کەم بکەنەوە، بەڵام ناتوانن رووماڵی ناکەن. ئەمەش کێشەیەکە کە بە شێوەیەکی گشتی ژووری هەواڵ رووبەڕووی دەبێتەوە. ئێمە بەرگرییەکمان نەدۆزیوەتەوە لە دژی ئەم ئیستیغلالکردنە، بۆ نموونە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شەڕی ڤێتنام، رێگەیەکان نەبوو بۆ بەرگریکردن لە رووداني جەین فۆندا لە سایگۆن، کە زۆر بەناوبانگ بوو، رووداوەکانیش ئەوەندە زۆر بوون، کە نەدەکرا رووماڵ نەکرێن و نازناوی (هانۆی جەین)ی پێدرا، بەڵام پرۆپاگەندەیەکی زۆر سەرکەوتووی ڤێتنامییەکان بوو، هەمان شت لە ئێستادا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات، کە دەتواندرێت راگەیاندنی ئەمریکی بە ئاسانی ئیستیغلال بکرێت بەهۆی هەمان جۆری رووداو و بەتایبەتی هەمان جۆری وێنەوە.

*** لەم ساتەوەختەدا تیرۆریستان توانیویانە راگەیاندنی تەقلیدیی تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان بگۆڕن بۆ پرۆپاگەندە، بۆ نموونە دەزگاکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردن لە ململانێدان لەسەر رووماڵکردنی کردەوەکانی داعش لەم بەشەی جیهاندا، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها لینکی شۆکەیسی خۆیان بڵاو دەکەنەوە بۆ ترساندنی خەڵك، وەك سەربڕینی رۆژنامەنووسان، ئایا پێتوا نییە ئەو جۆرە راگەیاندنە خزمەتی ئامانجەکانی ئەوان دەکات؟**

- وەسفکردنیان بە تیرۆریست بەس نییە و پێموا نییە ژورێکی هەواڵ لە ئەمریکا بدۆزیتەوە کە باوەڕی وابێت پێویستە موقاتەعەی رووماڵکردنی کردەوەکانی تیرۆریستان بکەن، بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵ دەدەن چوارچێوەیەکی بدەنێ و لە سیاقێکدا دایبنێن، یاخود وا باسی بکەن کە ئەمە لەلایەن تیرۆریستانەوەیە و لێی گەڕێن ئاوا بڕوات، ناکرێت خۆمان لە رووماڵکردنی هەواڵەکان لابدەین. لێرە رووماڵێکی کەمی مێژووی داعش کراوە و پێموا نییە شارەزامان هەبێت لێرە بۆ ئەوەی لە ژووی هەواڵەکاندا رووماڵی دروستی بۆ بکەن، بۆیە تۆڕەکانی هەواڵ کارێکی باشیان نەکردووە بۆ رووماڵکردنی کردەوەکانی تیرۆریستان. پێموایە زۆربەی خەڵك نازانن جیاوازی نێوان «ISIS و ISIL» چییە، کە ئەوە مایەی بایەخ پێدانە، بەلای منەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زۆرێك لە ژوورەکانی هەواڵ تەمومژێکی گەورەیە و نازانن کەلتوورەکە جیاوازە، لەبەر ئەوە تێناگەن لەوەی کە بەراستی لەوێدا روودەدات. ئەمەش وا دەکات ژمارەیەکی زیاتری تیرۆریستان راگەیاندنی ئەمریکا بۆ پروپاگەندی خۆیان بەکاربهێنن.

*** تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش نەیانهێشتووە کە جیهانی ئازاد سوود لە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیای نوێ وەربگرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم، ئەویش بەوەی رێگە نادەن رۆژنامەنووسان رووماڵی رووداوەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بکەن و تەنها (VICE NWES)یان هەیە و ئەویش بە مەرجی ئەوەی هیچ شتێك لە دژی ئەوان بڵاو نەکەنەوە، چۆن دەکرێت ئەمەیان لە کۆنترۆڵ دەربچێت؟**

- یەکێك لەو شتانەی ئەوان تێیدەگەن ئەوەیە دەزانن بڕیاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە رۆژنامەگەری ئەمریکیدا چۆن دەردەچێت، دەزانن زیندانیکردنی ئەمریکییەك لە دەرەوە، هەواڵێکە و ئەوان رووماڵی دەکەن. دووبارە لەم سیاقە سەیرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست - سەیرە بەلای زۆربەی ئەمریکییەکانەوە- نازانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەسەرەتادا ترسێکی زۆر هەبوو کە ئەلجەزیرە دەبێتە کێشەك بۆ رۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان، بەڵام رەنگە ئەلجەزیرە لە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووبێتە سەرچاوەیەکی خاوەن زۆرترین میسداقیەت بۆ رۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان لە ئەلجەزیرەدا کار دەکەن لە داینامیکیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەگەن، کە زۆر ئاڵۆزە، ئەمریکییەکان لەوەدا کارامە نین، نایزانن و لێی تێناگەن، لەبەر ئەوە بە ئاسانی کێش دەکرێن بۆ رووماڵکردنێك کە یەکسانە بە پروپاگەندە.

*** لە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا تەنها رووماڵکردنی رووداوەکان نییە، بەڵکو چەندین لایەنی دیکەی هەیە، وەك ڤیدیۆ کلیپ و تۆماری دەنگی، وەك ئەوەی سەرۆکی رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەم کارەی دەکرد و ئێستاش ئەبوبەکر ئەلبەغدادی ئەم کارە دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە؟**

- پرسی تەکنەلۆژیا پرسێکی نوێ نییە، ئایەتوڵا خومەینی رادیۆ و کاسێتی دەنگی بەکارهێنا بۆ هاندانی



پشـــتیوانەکانی کاتێك لە مەنفا بوو لە پاریس، قەناعەتی وابوو کـــە هیچ پەیوەندیەکی نییە لەگەڵ خەڵکەکەیدا لە ناو ئێران، بۆیە بەردەوام لە رێی کاسێتی دەنگیەوە قسەی لەگەڵ دەکردن، لەبەر ئەوە ئەمە شتێکە کە حکومەت خاوە لەوەی هاوتەریب لەگەڵیدا هەنگاو هەڵبگرێت، بەتایبەتی کە لە کەلتوورەکە تێناگەن.

*** ئایا ئەم بەکارهێنانە تا چ رادەیەك مەترسی بۆ سەر لیبراڵ دیموکراسی لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوادا هەیە؟**

- کۆمەڵگە لیبراڵ دیموکراتەکان گرنگییەکی زۆر بە لێبووردەیی و ئازادی رادەربڕین دەدەن کە دەکرێت ئیستیغلال بکرێت، بەڵام ئەوە کێشـــەیەکە ئێمە پێمان باشترە لەگەڵیدا بژین، ئێمە پێمان باشترە ئازادیی رادەربڕین و لێبووردەییمان هەبێت، نەك حکومەتێکی سەرکوتکار.

*** ئایا ناکرێت رێگری لەو ئیستیغلالکردنە بکرێت؟**

- تەنها ئەو کاتەی کە ئەو موحەڕیر و رۆژنامەنووسانەت هەبێت کە بە تەواوەتی لەوە تێبگەن کە روودەدات و بەرپەرچی بدەنەوە، یاخود بڵێن ئێمە رەتیدەکەینەوە کە ئەمە وەربگرین، لەبەر ئەوەی پێمانوایـــە پڕوپاگەندەیە، ئەوە تەنها رێگەیە کە بتواندرێـــت ئازادیی رادەبڕین بپارێزرێت، موحەڕیرەکان ئازادیـــی رادەبڕین بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی رێگەیان نەدەن بگەنە لاپەڕەکانی ئەوان، یاخود سایتەکانیان. کێشەکە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە ســـەرودەریان لەگەڵ هەواڵدا هەیە، بۆ نموونە بۆ شـــەڕەکەی عێـــراق، کاتێك هەندێ لـــە تۆڕەکانی تەلەفزیۆن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەوانەی بەغدادا دەکرد، خەڵکی دەیانـــوت چۆن ئەو کارە دەکەن، ئێمە لە شەڕداین لەگەڵیاندا؟ وەڵامەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەبێت هەواڵ کۆبکەینەوە، ئەوانیش بەشـــێکن لێی، بەڵام پێموایە زۆر زەحمەتە لـــە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوەدا بە رۆژنامەنووســـێك بڵێیت نابێت قسە لەگەڵ ئەو کەس و لایەنەدا بکەیت، یان نابێـــت ناوەڕۆکی هەواڵیان رووماڵ بکەیت. تەنها مەگەر لە دۆخی شەڕدا کە حکومەت پێیان بڵێت دەبێت خۆتان لـــە رووماڵکردنی ئەوانە لابدەن، لەبەر ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی وڵات دەبێت.

*** ئـــەی دەربارەی ئەو کارە دڵڕەقانـــەی کە دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجامی دەدەن، وەك سەربڕینی رۆژنامەنووسە ئەمریکییـــەکان، ئایا رای گشـــتی ئەمریکا چۆن لێی دەڕوانێت و چۆن ئەم کارە لە ئیسلام جیابکەینەوە؟**

- بەلای منەوە رای گشـــتی ئەمریـــکا پێیوایە ئەوە کارێکـــی مەترســـیدارە و ئەوانە کەســـانێکن کە تینووی خۆێنن، کێشەکە ئەوەیە رای گشتی پێیوابێت ئەمە تەنها بۆ ئەندامانی داعش راست نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەش راســـتە کە لە نێو ئیسلامدان، کە ئەمەش رەوا نییە، بەڵام روودەدات. جیاکردنەوەی ئەو تاوانانە لە ئیسلام، بەوە دەبێت کە ســـەرکردەکانی ئیسلام لێرە (لە ئەمریکا) و لە ئەوروپا و شـــوێنەکانی دیکەی جیهان لێدوانێك بدەن و ئاماژە بەوە بکەن کە ئەوانە گرووپێکی بچووکی ناو ئیســـلامن و بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن. من دۆستێکم هەیە لێرە لە بەشـــەکەمان، مارك هێد، کە تیولۆجیستە و ئیســـلامە و کاتێك لەگەڵیدا باسی دەکەم، دەڵێت: بەلای منەوە ئیســـلام ئایینی ئاشـــتییە، لە وەڵامدا پێی دەڵێم: ئەمە بیرکردنەوەی تۆیە، ئەی چ تەعلیقێکت هەیە لەسەر ئەوەی تیرۆریســـتان دەیکەن، وەڵامەکـــەی ئەوەیە: ئەوان کەڵکـــی خراپ لە ئایین وەردەگرن. پێموایە مەســـەلەکە پێویســـتی بە کەسانی وەك ئەو هاوڕێیەی منە بۆ ئەوەی قســـە بکەن و بڵێن: تیرۆریستان نوێنەرایەتی بیروباوەڕی ئیسلامی، یان کەلتووری ئیســـلامی ناکەن، بەو شێوەیە دەتوانن بەرپەرچی ئەو ناوبانگە خراپە بدەنەوە کە بەســـەر هەموو کەسێك لە ناو ئیسلامدا دەیسەپێنن.

**پێموا نییە ژۆرێکی هەواڵ لە ئەمریکا بدۆزیتەوە کە باوەڕی وابێت پێویستە موقاتەعەی رووماڵکردنی کردەوەکانی تیرۆریستان بکەن**

# بایەخی یەکڕیزیی هێزەکان لە بەدیهێنانی ئامانجی سەربەخۆییدا



ئەبوبەکر عەلی

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

هەموو ئامانجێکی مێژوویی گەورەو چارەنووسساز، خۆکۆکردنەوەیەکی مەزن و هۆشیارییەکی هەمەلایەنەی، بەرێسا مێژوویی و گەردوونیەکانی سەرکەوتن پێویستە، مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییش، ئامانجی هەرەگەورەی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی هەر ناسیۆنالیزمێکی کامڵ و پێگەیشتووە، سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردیش مەسەلەکە بەهەمان شێوەیەو، دەوڵەت هەمان پێگەو قورسایی هەیە، یان دەبێت زووبێت و، بەو جۆرە بیری لێ بکرێتەوە.

سەبارەت بە ئێمەی کوردو گەلی کوردستانیش، لە سۆنگەی مێژووی پڕکارەسات و، واقیعی نالەبارو، گەورەیی جۆراوجۆری ئاستەنگەکان، ئەم پرسە رەهەندی نوێ بەخۆوە دەگرێت، ئەم رەهەندە نوێیەش زیاتر لە تەحەدداو مەیدانخوازیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش دڵسۆزی و لێبڕانێکی جدیتر، لە هێزە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردیەکەو، کۆمەڵگای کوردستانی دەخوازێت، یەکڕیزی هێزەکانیش ئاماژەو رەنگدانەوەیەکی بنەڕەتی بوونی ئەو دڵسۆزی و جدیەتەیە.

دەوڵەتی باشووری کوردستانی، وەك هەنگاوی یەکەم بە سروشتیحاڵ پێش مەرج و هەلومەرجی تایبەت بەخۆی دەوێت، پێشمەرجەکانیش هەندێکیان بابەتی، لەدەرەوەی ئیرادەو خواستی راستەوخۆی ئێمەوەن، هەندێکیشیان خودی و، بەناوماڵ و، ئاستی ئامادەگی و، هاوچارەنووسی و، تۆکمەیی ناوخۆمان و، بوونی ئیرادەیەکی بەبڕشت و لەشکان نەهاتووی نیشتمانییەوە پەیوەستە، هۆشیاربوون بە هەردوو پێشمەرجەکەو، چۆنیەتی کارکردنیان و، کاریگەریان لەسەر پرۆژەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان گرنگە.

راستە ئێمەی کوردو ناسیۆنالیزمی کوردی بەدرێژایی سەدەی ناسیۆنالیزمی خۆرهەڵات، واتە سەدەی بیستەم، قوربانیەکی گەورەی نەبوونی پێشمەرجە بابەتیەکان و لەوانەش، هەڵکەوتی جوگرافی و، چۆنیەتی دابەشکردنی خاك و گەلەکەمان و، سروشتی رژێمە فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دەبەشکراوەو، سیستمێکی نادادپەروەری نێودەوڵەتی بووین، هەر ئەوەش وای کرد بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکە دوای دەیان ساڵ خەباتی خوێناوی و قوربانیدانێکی بێ شومار، بەئامانجەکانی خۆی نەگات و. نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان دووچاری جۆرەها کێشەو چەرمەسەری و مەینەتی هات.

بەڵام هەموو ئەوە یەکسان نییە بە لە بیرکردنی لاوازییەکانی پەیوەست بە پێشمەرجە خودیەکان و، پەرتەوازەیی لە ریزەکان و، ناکۆکیە نیمچە بەردەوامە ناوەکیەکان و، نەبوونی گیانێکی هاوچارەنووسی وا، کە هیچ رووداوو کارەساتێ توانای بەلەرزە خستن و لاوازکردنی نەبێت.

ئەگەر ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی، بەسروشتی حاڵ خاڵی لاوازی هەرناسیۆنالیزمێك و، لەوانەش ناسیۆنالیزمی کوردی بن، ئەوا نکوڵی لەوە ناکرێت کە هێزە پێکهێنەرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم رووەوە چەند لێپرساوێتیان دەکەوێتە ئەستۆ، هەڵبەت هەندێ هەڵەو ناهۆشیاری لەم رووەوە لە هەندێ بڕگەی مێژوویی دیاریکراودا، کە بە دەرفەتی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێن، ئۆباڵەکەی چەند قات دەبێتەوە، کێشەمەکێش و ناکۆکیەکانی دوای راپەڕینی (١٩٩١) لەسایەی بوونی ناوچەیەکی ئارام و دامودەزگایەکی حکومڕانی خۆماڵیشدا، دەچێتە ئەم خانەوە. چونکە ئەو بوومەلەرزەی لە(١٩٩١)دا پایەکانی سیستمێکی وەحشناکی وەکو (بەعس)ی لەبەرزەخت و سەرەنجام لە (٢٠٠٣)دا بەتەواوەتی خستی، مەزنترین دەرفەتی مێژوویی خستە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی و، نەتەوەی کورد.

بەڵام با زۆر لەم روانگەوە نەدوێین، چونکە تاڕادەیەکی زۆر قسە لەسەر بەڵگە نەویستێکی مێژووی خۆمان و، دنیای ناسیۆنالیستیش دەکەین، کە کێشەکەمان ـ واتە ناکۆکی و نەبوونی ئیرادەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی لە شکان نەهاتووی خاوەن بڕیار ـ هەمیشە بەخاڵێکی لاوازی کوردو بزووتنەوە نەتەوایەتیەکەی لە سەرئاستی هەرچوار پارچەی کوردستاندا بەئاستی جیاواز لە قەڵەم دراوەو، لەقەڵەم دەدرێت، بەجۆرێك کە ئەم واقیعە مێژووییە، کە تاکو ئێستاش لە دەست ئاسەوارەکانی رزگارمان نەبووە، هێندە بەپانی و درێژی و مێژووی ئێمەدا رۆچووەو بڵاوبۆتەوە، تاوای لێهاتووە، لای هەندێ کەس و ناوەند، ببێتە کەرەستەیەکی خۆنائومێدکردن و، بەستنەوەی ئەم ناکۆکییە بەجەوهەری نەگۆڕی تاك و کەسێتی و، کۆمەڵگای کوردی و، قەدەرێکی مێژوویی خۆلێ نەبوێراو؟!

سەرچاوەی ناکۆکیەکانیش لەرابوردوودا جۆراوجۆر بوون، کە دەکرێت ئاماژە بەهەندێکیان بکەین، لەوانەش:

١. ناوچەگەری و عەشیرەتگەری.

٢. جیاوازیی زارو، تەریقەتی ئایینی.

٣. جیاوازیی ئایدۆلۆژی و کاریگەری ئایدۆلۆژیای چەپ لەم رووەوە.

٤. لاوازی کەرەسەکانی ئاوێزانکردنی نەتەوەیی و، خەملاندنی شووناسێکی یەکگرتووی بەهێز.

٥. دووری و نزیکی لە هێزە هەرێمایەتیەکان.

٦. نائومێدی و بەئامانج نەگەیشـــتنی شۆڕش و راپەڕینەکان و رەنگدانەوەیان.

٧. نـــویێ نەبوونەوەی کلتوری سیاســـی و، مۆدێلی حزبی و، شێوازی رێبەرایەتی کردن.

٨. ململانێ لەسەر پێگەی رێبەری و دەسترۆیشتوویی حزبی و سیاسی و، لەدوای راپەڕینیشدا پارەو دەسەڵات.

٩. کـــەرت بوونی مێژووی نوێی کـــوردو بوونی رەمزو بۆنەو یادەوەری جیاواز، لە سۆنگەی جیاوازی حزبایەتی و دەستپێشخەریە حزبیەکانەوە.

بەڵام ســـەبارەت بەئێســـتای واقیعی باشـــووری کوردستان، لە روانگەی گەشـــەکردنە سیاســـی و ئابـــوری و، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکـــەو، ئـــەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکـــەو جیهاندا روویداوە، دەتوانین دۆخەکە لەچەندین رووەوە، بەوە وەســـف بکەین کەلـــە قازانجی خەملینی ناســـنامەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و، تێپەڕاندنی بەشـــێ لـــە هۆکارەکانـــی ناکۆکیەکانی قۆناغی رابوردووە، بەومانایەی زەمینە بۆ بەدەســـتهێنانی دەســـتکەوتی گەورەی نەتەوەیی و لەوانەش سەربەخۆیی و قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەیی لەبارەو، بەپێچەوانـــەی زۆربەی مێژووی نوێی ئێمەوە، گۆڕانکاریـــەکان واقیعێکی وایـــان هێناوەتە پێش، کەپێش مەرجە خودی و ناوخۆییەکان، ببنە هـــۆکاری یەکلاکەرەوەو بنەڕەتی لە سەرەڕێی بەدیهاتنی ئامانجی سەربەخۆیدا.

واتە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین زۆربەی بەربەستە دەرەکیەکانی بەردەم پرۆژەی نەتەوەیی کوردی و، ســـەربەخۆیی نەماون، یاخود لاواز بـــوون، بەبوونی ریزێکی یەکگرتووی نەتەوەیی و، نەخشـــە رێگایەکی هاوبەشی ســـازانی لەسەر کراو، دەتوانین سەربەخۆیی بکەینە پاداشـــتی هەزاران شـــەهیدو، زیاد لە ســـەدەیەك ئازاری جەستەی نەتەوایەتی بریندارو جەزرەبە چەشتوومان.

دۆخەکـــە بە ئاقاری ناوخۆشـــدا چەندین بەربەســـتی بەردەم یەکیەتی نەتەوەیی نێوان هێزەکانی لابردووە، لەوانەش:

١. زیاتر ئاوێزان بوونی نەتەوەیی لەســـایەی دەستکەوتەکانی پەیوەندی یە گشـــتیەکان و، کاڵبوونەوەی سنوورەکان و، شکاندنی ئابڵۆقەکان.

٢. کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆژی و ململانێ ئایدۆلۆژیەکان.

٣. بووژانەوەو بەهێزبوونەوەی هەســـتی نەتەوایەتی بەتایبەتیش لـــەم دواییەداو پاش شـــەڕی داعش و، بەرگری پێشـــمەرگە لە باشوورو رۆژئاوا.

٤. کەمتر بوونەوەی کاریگەری ناوچەو خێڵ بە بەراورد لەگەڵ جاران.

٥. گۆڕانکاری لەدەرو دراوســـێکانی کوردســـتان بەتایبەتیش گۆڕانکاری ئەرێنییەکانی تورکیاو، شکســـتی بەعس لە هەردوو وڵاتی عێراق و لە داهاتووشدا سوریا.

٦. بوونی ئومێدێکی زۆرتر بەدوارۆژو هەست کردن بەپشتیوانی نێودەوڵەتی.

٧. سەرهەڵدانی هێزی نوێ لە دەرەوەی پارتی و یەکیەتی کە لە رابردوودا، دوو جەمسەری دژبەیەکی ناو بزووتنەوە ناسیۆنالیستی یەکەیان پێکهێنابوو، ژیانی سیاســـیان تاڕادەیەکی بەرچاو شەتەك دابوو.

٨. بوونی ئەزموونێکی نوێی شەڕی ناوخۆو، دەرفەت لەدەستدان و، هاوکاری لەسەر ئاستی ئیدارەو، دەرەوەدا.

ئەگەر ئەم دەرفەتەی ئێســـتاش بۆ کوردی باشـــوورو تەنانەت رۆژئاواو باکووریـــش هاتۆتەپێش، بەمێژوویی و دەگمەن دابنرێت، ئەوا یەکڕیزی نێوخۆیش دەکات بە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی هەرەمەزنی پێش راگەیاندنی سەربەخۆیی و قۆناغەکە.

نەچـــوون بەپیری ئەم بانگەوازەشـــەوە، کە لە قووڵایی رۆحی نەتەوایەتـــی کوردییەوە هەڵدەقوڵـــێ و، تێکەڵە بەبۆن و بەرامەی گیانی بەرزەفڕی شـــەهیدانی شـــۆڕش و ئەنفـــال و کیمیاباران و زیندانـــەکان و، رۆژانـــی ســـەختی بەرخـــودان و، بڕیـــاری خۆبەدەســـتەوەنەدان، ئۆباڵێکە هێندە گەورەیە، کە نابێت هیچ هێزو ســـەرکردەیەك ئامادەی لە ئەســـتۆگرتنی بێت، بەڵام بانگەوازی یەکبوونی نەتەوەیی و یەکگرتوویی ریزی هێزە کوردستانیەکانیش نابێت وادەرکەوێت، ســـەدای رێبەرو هێزێکی دیاری کراوە، بائەو هێزەش رۆڵی گەورەی هەبێت.

بەڵکـــو دەبێـــت هاوارێکی ئاوێزان بوو و، شـــەیپۆری جەنگی پێکەوەیی بێت، بۆ هاتنەدی ئەم مەبەستەش ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگە:

١. رێکەوتن لەسەر دیاریکردنی سروشتی قۆناغەکەو ئەرکەکانی و، ئامانجە نزیك و، دوورترەکان.

٢. رێکەوتن لەســـەر نەخشەڕێگایەکی بەدیهێنانی ئامانجەکان و، دابەشکردنی رۆڵەکان.

٣. رەواندنەوەی هەر(هاجس)و گومان و مەترسییەك، کە هەندێ لە هێزەکان لەقۆناغی دواترو رۆڵ و پێگەی خۆیانیان هەبێت.

٤. لەهەموو ئاســـتەکاندا لەم قۆناغـــەدا گیانی لێبوردەیی و هاوچارەنووســـی بەسەر هەنگاو بڕیارو سیاســـەتەکاندا زاڵ بێت، بەتایبەتیـــش ئەمە بۆ پارتی دیموکراتی کوردســـتان زۆر گرنگە کـــە جومگە ســـەرەکیەکانی دەســـەڵاتی هەرێمی کوردســـتانی بەدەستەوەیە.

٥. رێکەوتن لەسەر جۆری مامەڵە کردن لەگەڵ دەرو دراوسێکان و، بوونی یەك گوتاری و یەك سیاسەتی و دبلۆماسیەتی، ئەویش لەرێگەی کۆتایی هێنان بە پاشماوەیی دووئیدارەیی و، یەکگرتنەوەو بەدامەزراوەیی کردنی هێزەکانی پێشـــمەرگەو ئاسایشی ناوخۆو، قەدەغەکردنی کاری حزبی تیایاندا.

٦. پەسەندکردنی دەســـتووری کوردستان لەرێی سازانی نێوان هێـــزەکان لەســـەری وەك چوارچێوەیـــەك بۆ ژیانی سیاســـی و، سنوورێکی هاوبەشی پابەندی نیشتمانی.

٧. زەمینەســـازکردن بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، لەو سۆنگەوە کە هەموو یەکیەتییەکی نێوخۆیی هەرێم پێویستی بە رێکەوتن لەسەر پارچەکانی تری کوردســـتان و، هێـــزە کوردیەکانی ئەو پارچەیەو بەتایبەتیش باکوورو رۆژئاوا هەیە.

٨. دەستکردن بە چاکسازی لەژیانی حزبایەتی و، پەروەردەیەکی نوێی سیاسی دابڕاو، لە مێژووی پڕ لە ناکۆکی رابردوو.

٩. فراوان کردنی بازنەی بڕیاری سیاسی.

**ئەگەر ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی، بەسروشتی حاڵ خاڵی لاوازی هەرناسیۆنالیزمێک و، لەوانەش ناسیۆنالیزمی کوردی بن، ئەوا نکوڵی لەوە ناکرێت کەهێزە پێکهێنەرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم رووەوە چەند لێپرسراوێتیان دەکەوێتە ئەستۆ**

**ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین زۆربەی بەربەستە دەرەکیەکانی بەردەم پرۆژەی نەتەوەیی کوردی و، سەربەخۆیی نەماون، یاخود لاواز بوون، بەبوونی ریزێکی نەتەوەیی یەکگرتووی نەتەوەیی و، نەخشە رێگایەکی هاوبەشی سازانی لەسەر کراو، دەتوانین سەربەخۆیی بکەینە پاداشتی هەزاران شەهید و، زیاد لە سەدەیەک ئازاری جەستەی نەتەوایەتی بریندارو جەزرەبە چەشتوومان**

**نەچوون بەپیری ئەم بانگەوازەی سەربەخۆیی، کە لە قووڵایی رۆحی نەتەوایەتی کوردییەوە هەڵدەقوڵێ و، تێکەڵە بەبۆن و بەرامەی گیانی بەرزەفڕی شەهیدانی شۆڕش و ئەنفال و کیمیاباران و زیندانەکان و، رۆژانی سەختی بەرخۆدان و، بڕیاری خۆبەدەستەوەنەدان، ئۆباڵێکە هێندە گەورەیە، کە نابێت هیچ هێزو سەرکردەیەک ئامادەی لە ئەستۆگرتنی بێت**



## دەیڤید پۆلۆک

گەورە تۆێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# واشنتۆن ئامادەیە مەشق و راهێنان بە سێ فیرقەی پێشمەرگە بکات و هەتا ئاستی ستاندەر پڕچەکیان بکات

**پرۆفیسۆر دەیڤید پۆلۆك گەورە تۆێژەری ئامۆژگای واشـــنتۆنە بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، هەتا ساڵی ٢٠٠٢ گەورە ڕاوێـــژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بووە، ئیستاش تایبەتمەندە لەســـەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کورد و عێراق بەتایبەتی، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا (داودئۆغلۆ) بۆ هەولێر و بەغدا و هەروەها ئاکامی ســـەردانی شاندنی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنگرێس ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** دوای سەردانەکەی ئەحمەد داودئۆغلۆی سەرۆك وەزیرانـــی تورکیا بۆ بەغداو هەولێر، باس لەوە دەکرێت بەغدا هەڵویستی ســـەبارەت بە هەنارده کردنی نەوتی کوردســـتان نەرم بووە، ئایا بەغدا ئەو نارەزایەتییانەی پێشـــتر لەســـەر هەناردەکردنی نەوت لەسەر هەرێمی کوردستان تۆماری کردووە، دەیانکێشێتەوە؟**

- پێموایە هەوڵی زیاتر هەیە بۆ گەیشتن بە نەرمی نوانـــدن و لێکنزیك بوونەوە لە نێـــوان بەغدا و هەولێر، بـــە دڵنیایەوە گەورەترین ئامـــاژەی ئەوەش بریتییە لە ڕێککەوتنی کاتیی لەبـــارەی داهات و هەناردەکردنی نەوتەوە لە کوردســـتان، ئەوەی دوێنـــی من بینم ئەوە بـــوو بەغدا نیو ملیۆن دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ڕەوانە کرد، وەك بەشـــێك لـــەم تەرتیباتە کاتییـــە نوێیە. بۆیە بە دڵنیاییەوە کەشـــێکی نوێ و بەرەوپێشچوونی عەمەلی هاتۆتە ئاراوە لە نێوان بەغدا و هەولێـــر و ئەنکەرە، تورك و کـــورد و عەرەبەکانیش بەوە خۆشـــحاڵن و ئەمـــە دۆخێکە لـــە بەرژەوەندی هەموویاندایە.

*** چۆن لە هەوڵەکانـــی تورکیا بۆ پێداچوونەوە بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی لە ئاست شەڕی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکەدا دەڕوانیت؟**

- پرسی ســـەرەکیی ئەوەیە ئایا هەڵوێستی تورکیا چییـــە لە دەســـتێوەردانی ســـەربازی لە ســـووریا؟ پێموایە حکومەتی تورکیا پشـــتیوانی داعش ناکات و هەوڵـــدەدات ڕێگری لە چوونی پارە و چەك و چەکدار بکات بـــۆ گرووپە هەر توندـــڕەوە جیهادییەکان. ئەوە بەرەوپێشچوونێکی ئیجابییە. مەســـەلەکە ئەوەیە ئایا تورکیا هەنگاوی دواتر هەڵدەگرێت و بەڕاستی بەشداری دەکات لە ڕێی بنکەی سەربازی و پشتیوانی لۆجیستی و ...هتد لە شـــەڕەکەدا و لە ناوچە سنوورییەکان، لە سنووری تورکیا و ســـووریا، لە کۆبانێ و ناوچەکانی دیکە؟ لێرەدا پێموایە هێشـــتا تورکیا مەرجی هەیە کە واقیعـــی نین، وەك ناوچەی دژەفڕیـــن و تەرکیزکردن لەسەر ڕزگاربوون لە بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی، نەك جەختکردنەوە لەســـەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش وەك ئەولەویەتی یەکەم. بەداخەوە هێشـــتا ئەمە پرسێکە کاری زۆری دەوێت.

*** بەم دواییە شـــاندێکی هەرێمی کوردســـتان کە پێکهاتبوون لە فوئاد حوسێن و فەلاح مستەفا سەردانی واشنتۆنیان کرد بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەمریکا بهێنن چەکی قورس و پێشکەوتوو بداتە پێشمەرگە، بۆچونی ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟**

- بەڵێ، مـــن چاوم بە د.فوئاد حوســـێن و فەلاح مستەفا کەوت کاتێك لێرە (ئەمریکا) بوون، من دەزانم بەتایبەتی لە کۆنگرێـــس گفتوگۆیەکی زۆریان کرد لە بارەی ئەم مەســـەلەیەوە، ڕۆژنامەکانی ئەمریکاش ڕووماڵێکی باشیان بۆ کرد. بەڵام تێگەیشتنی من ئەوەیە ئەمە مەسەلەیەکە هێشتا گفتوگۆیەکی زۆری لەبارەوە دەکرێت و هێشـــتا چارەسەر نەکراوە، من شەخسی خۆم پێموایە بیرۆکەیەکی باشـــە کە ئەمریکا چەکی قورس و پێشکەوتوو بداتە پێشمەرگە، پێموایە ئەوە ڕوودەدات، بەڵام هەنگاوەکان خاون و هێشـــتا نەگەیشتوونەتە ئەو خاڵە.

*** یەکێکی دیکە لـــە ئامانجەکانیان بریتی بوو لە باسکردن لە تاوان و کاولکارییەکانی شنگال، ئایا چۆن دەکرێت ئەمریکا دان بەوەدا بنێت کە پێویستە قەرەبوویان بکاتەوە، وەك ئەوەی بەڵێنی داوە؟**

- من دەڵێم لێرەدا چەند پرســـگەلێکی جیاواز هەیە، بۆچوونی من ئەوەیە وەسفکردنی بە جینۆساید پرسێکی ئەوەندە گرنگ نییە، من دەزانم ئەمە مەســـەلەیەکی عاتیفییە، بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگترە لە قســـەکردن، بریتییـــە لە هاوکاریـــی ڕاســـتەقینە و عەمەلی بۆ ئەوانەی ڕزگاریان بووە لە شـــنگال و ئەوانەی گیریان خواردووە لەوێدا. ئەمریـــکا هاوکارییەکی زۆر دەکات و هاوکارییەکـــی زۆری کردووە بۆ ئەو کەســـانە و بۆ هەموو ئاوارە و پەنارەکان لە ڕووی یارمەتی مرۆییەوە لە عێراق و ســـووریا. هەروەها لە ڕووی ســـەربازییەوە هـــاوکاری کردووە لە ڕێی هێرشـــە ئاســـمانییەکانەوە و هەوڵەکانـــی پێشـــمەرگە و هێزەکانـــی عێـــراق بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان و ئەو کەسانەی دیکەش کە لەلایەن داعشـــەوە گەمارۆ دراون. من دەزانم هێشـــتا

**شتێکی واقیعی نییە کە کوردەکان چاوەڕێی ئەوە بکەن کە ئەوان تەنها شەریکی ئەمریکا بن لە عێراقدا، کێشەکە زۆر گەورەیە و پێویست بە هاوپەیمانی لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیشدا دەکات**

**بۆ یەکەمجارە هاوکاری و هەماهەنگی کارا لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا دەکرێت، پێموایە ئەوەش پەرەسەندنێکی زۆر ئیجابییە**

**ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوان یەکێك لە هەرە گرنگترین هاوپەیمانەکان لە دژی داعش دەزانن**

**ئێستا کەسانێکی نوێ لە بەغدا دەسەڵات بەدەستن، بۆیە دەکرێت لە ڕێی ڕێککەوتنەوە کێشەکان چارەسەر بکرێت، نەک ڕووبەڕووبوونەوە**

**هێشتا تورکیا مەرجی هەیە کە واقیعی نین، وەک ناوچەی دژەفڕین و تەرکیزکردن لەسەر ڕزگاربوون لە بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی، نەک جەختکردنەوە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش وەک ئەولەویەتی یەکەم. بە داخەوە، هێشتا ئەمە پرسێکە کاری زۆری دەوێت**

**حکومەتی تورکیا پشتیوانی داعش ناکات و هەوڵدەدات ڕێگری لە چوونی پارە و چەک و چەکدار بکات بۆ گرووپە هەر توندڕەوە جیهادییەکان. ئەوە بەرەوپێشچوونێکی ئیجابییە**

خەڵکانێك هەن کە گیریان خواردووە و پێویستیان بە هاوکارییە و هیوادارم ئەو هاوکارییەیان پێبگات. بەڵام ئەو هاوکارییە عەمەلییانە زۆر گرنگترن لە هەڵبژاردنی دەستەواژەیەك بۆ چۆنیەتی وەسفکردنی ئەم تراژیدیایە، هیچ گومانیش لەوەدا نییە ئەمە تراژیدیایەکی مرۆیی گەورەیە.

*** چۆن لە سیاسەتی نەوتی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئایندەی کورد دەڕوانیت؟**

- ئەمەش مەسەلەیەکە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ڕێککەوتنە کاتییەکەی نێوان بەغدا و هەولێر مایەی هاندانێکی زۆر بوو کە بوار دەدات بە کوردستان بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نەوت و غاز هەنارده بکات و داهاتەکەی دابەش بکرێت. پێموایە ئایندەیەکی زۆر گەش چاوەڕێی هەناردەی وزەی کوردستان دەکات، کە ئێستا تورکیاش لە نزیکەوە هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکات لەم ڕووەوە. پێموایە حکومەتی ئەمریکا ویستی ئەمە بەرەوپێش بچێت، بەڵام بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا. هەڵسەنگاندنی من لە ئێستادا ئەوەیە ئەمە ئەگەرێکی واقیعییە، بەڵام لە سایەی حکومەتەکەی مالیکی، یان لە سایەی دەسەڵاتی شەهرستانی وەك وەزیری وزەی حکومەتی فیدراڵی عێراق ئەگەرێکی واقیعی نەبوو، واتە ئێستا کەسانێکی نوێ لە بەغدا دەسەڵات بەدەستن، بۆیە دەکرێت لە ڕێی ڕێککەوتنەوە کێشەکان چارەسەر بکرێت، نەك ڕووبەڕووبوونەوە.

*** واتە ئێوە گەشبینن بە گەیشتن بە ڕێککەتن لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا؟**

- بەڵێ، لە ڕاستیدا ئەمەش مایەی ئومێدی زۆرە، من دەزانم ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆز و سەختە، بەڵام ئاماژەکانی دوو هەفتەی ڕابردوو زۆر ئیجابیترن بە بەراورد بە چەند مانگێك پێش ئێستا.

*** پێشمەرگە سەلماندی کە توانای بەرەنگاربوونەوەی داعشی هەیە، ئەمە لە گرتنەوەی بەنداوی موسڵ و زومماردا بەدی کرا، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمریکا و ئەوروپا بە پێدانی چەکی قورس و پێشکەوتوو بۆ لە ناوبردنی داعش پشتیوانی پێشمەرگە دەکەن؟**

- پێموایە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوان یەکێك لە هەرە گرنگترین هاوپەیمانەکان لە دژی داعش دەزانن، ئێمە بەرژەوەندی ڕوون و بەهێزی هاوبەشمان هەیە لەو مەسەلەیەدا. ئەمە گۆڕانێکی زۆر گرنگە لە سیاسەتی ئەمریکا کە لە هاویندا ڕوویدا و دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی هەڕەشەی کتوپڕی داعش بوو لەسەر کوردستان و عێراق و سووریا بە تێکڕا. ئێمە ئامادەین کە بەلای کەمەوە ڕاهێنان بە سێ فیرقە لە هێزەکانی پێشمەرگە بکەین و چەك و تفاقیان پێ بدەین بۆ ئەوەی تواناکانیان بۆ ئاستی ستاندارد بەرز بکەینەوە، ئەمریکاش دەیەوێت بە هەماهەنگی حکومەتی عێراق ئەم کارە بکات. ڕاستییەکەش ئەوەیە بۆ یەکەمجارە هاوکاری و هەماهەنگی کارا لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدا دەکرێت، پێموایە ئەوەش پەرەسەندنێکی زۆر ئیجابییە.

*** چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ کە بە شێوەیەکی فەرمی ئەو کارە کرا، چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکەن؟**

- بەڵێ ئەوە کێشەیەك بوو لە نێوان هەرێمی کوردستان و پەیەدە لە سووریا و پەیەگە و حکومەتی تورکیا کە توانییان لە کۆتاییدا بگەنە ڕێککەوتنێك لەو بارەیەوە. بە باوەڕی من ڕەوتەکەی لە کۆبانێ گۆڕی و ڕێگری کرد لەوەی داعش ئەو شارە ستراتیژییە بگرێت، بەڵام




شارۆچکەیەی زومار دوای ئازادکردنەوەی لەلایەن پێشمەرگەوە

لە راستیدا ئەمە کردەوەیەکی زۆر بچووکە، چونکە ئێمە باسی تەنها چەند سەد پێشمەرگەیەك دەکەین، هەروەك ئەوەی من تێیگەیشتبم. پێموایە لە مەودای دووردا باشترە ئەگەر رێککەوتنێکی گەورەتر بکرێت بۆ کۆکردنەوەی هێزە کوردییە جیاوازەکان لە ناوچەی سنووری عێراق و سووریا و تورکیا. بەلای منەوە ئەوەی لە ئایندەدا پێویستە بکرێت ئەوەیە کە قسە بکرێت و بە کردەوە ئەنجام بدرێت، نەك تەنها لەبارەی کۆبانێ، بەڵکو لەبارەی تەواوی ناوچەکەوە، لە عەفرینەوە بۆ قامیشلۆ و زیاتریش بەرەو ناوچەی سنووری تورکیا و سووریا و عێراق و کورد.

*** هیچ شتێکی دیکەت ماوەی لەبارەی شاندەکەی کوردەوە بیڵێیت؟**

پێموایە ئەو شاندە ئاماژەیەکی زۆر روونە لەبارەی هاوکاری گەورەتری نێوان حکومەتی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا مەسەلەیەك هەیە کە کێشەیە، ئەویش ئەوەیە هێشتا هەست ناکرێت هاوکارییەکی نزیك لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە. بۆچوونی من ئەوەیە شتێکی واقیعی نییە کە کوردەکان چاوەڕێی ئەوە بکەن کە ئەوان تەنها شەریکی ئەمریکا بن لە عێراقدا، کێشەکە زۆر گەورەیە و راستە پێویستە هاوپەیمانی لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بەڵام پێویست بە هاوپەیمانی لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیشدا دەکات، لە هەر کاتێکی دیکەش زیاتر پێویستمان بەو هاوپەیمانێتییە هەیە. ئەمە خاڵێکە کە من شەخسی خۆم دەمەوێت کەش و تێڕوانینێکی باشتر لە نێوان سەرجەم لایەنەکانی ئەم گفتوگۆیەدا هەبێت.



## کێڵگەیەکی نوێی سیاسی

# لە هێڵی سوورەوە بۆ فەرشی سوور



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت



**پەیوەندیەکانی هێز، چ لە کێڵگەی سیاسیی تورکیدا و چ لە کێڵگەی سیاسیی کوردیدا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە. یەکێک لەو گۆڕانکارییە گەورانەش بریتییە لە کاڵبوونەوەی سنوورەکان**

**گەر تا دوێنێ جمهوریەتی تورکیا، لە بەرامبەر هەولێردا سیاسەتی «هێڵی سوور»ی بەکارهێنابێت، لە ئێستا و ئێرەدا، سیاسەتی «فەرشی سوور» بەکاردەهێنێت! ئەمەش یەکێکە لەو داتایانەی کە دەتوانێت گومان لەسەر چەندین حەرامی سیاسی لە تورکیادا درووست بکات**

رژێمی سیاسی لە تورکیادا چیدی ناتوانێت لە دەرەوەی داتا واقیعییەکاندا بجووڵێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات. نە تورکیا دەتوانێت لەسەر ئەم ستراتیژییە بەردەوام بێت، نە «جەوهەراندنی» سیاسەتی تورکیش لەلایەن بەشێکی گرنگ لە ناسیۆنالیسمی کوردی و رۆشنبیرەکانیەوە لە جێگەی خۆیدایەتی. دەکرێت لێرەدا بە خێرایی بگەڕێینەوە سەر پێوەندییەکانی تورکیا و PYD کوردستانی سووریا. ئەم پێوەندییە لەسەرەتادا بە نەفیکردنێکی رەها لەلایەن تورکیاوە دەستپێدەکات، بەڵام وەك هەموومان چادێریمان کرد، لە هاوینی ٢٠١٣ەوە و لەژێر زەبری داتا واقیعییەکاندا، هەمان ئەم پێوەندییە جۆرێکی تایبەت لە «نەرمی» لەخۆی دەگرێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. لە هاوینی ٢٠١٣ دا، چەندین کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و PYD دا ئەنجامدەدرێن و، لە کۆتاییشدا ساڵح موسلیم بەشێوەیەکی فەرمی و لەبەر چاوی کامێراکانی دنیا بانگهێشتی تورکیا دەکرێت. ئەمەش لە سەر ئاستی دیپلۆماسیەتی دەولی، بە جۆرێك لە سەلماندن و دانپیادانان وەسفدەکرێت. لەم سەردانەدا، ساڵح موسلیم چیدی لەگەڵ نوێنەرانی میتی تورکیدا کۆنابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا کۆدەبێتەوە! ئەمەش دیسان گۆڕانکارییەکی دیکەیە لەو پێوەندیەی کە ئاماژەمان پێدا. راستە ئەمە گۆڕانکارییەکی مەزن نییە، راستە ئەمە دابڕانی مێژوویی نییە، بەڵام ئەوەش راستە کە رووناکی دەخاتە سەر ئاڕاستەیەکی جیاواز لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی نوێدا.

بە دیوێکی دیکەدا، درووستبوونی پێوەندی لەنێوان ئەم دوو جەمسەرە لێکدژەدا، لە ساتەوەختێکدایە کە دوو جەمسەری لێکدژی دیکە سەرگەرمی «ئاساییکردنەوەی» تۆڕی پێوەندییەکانیان. ئەو دوو جەمسەرەش بریتین لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەك و پارتی کرێکارانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە. چەند لە کوردستانی عێراقدا هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر حزبەکانی دیکەوە تێبینی دەکرێت، هێندەش لە کوردستانی تورکیا و سووریادا هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان بەسەر تەواوی حزبەکانی دیکەوە تێبینی دەکرێت. ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو ئەکتەرە سیاسییە (پارتی

**ئەو پرۆسێسی ئاشتییەی کە چەند ساڵێکە لەنێوان دەوڵەتی تورکی و پارتی کرێکارانی کوردستاندا بەڕێوەیە، چەند لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرە کوردەکاندا بووە، دەهێندەش لە داد و گەشەپێدان کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەتایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا**

**چەند لە کوردستانی عێراقدا هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر حزبەکانی دیکەوە تێبینی دەکرێت، هێندەش لە کوردستانی تورکیا و سووریادا هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان بەسەر تەواوی حزبەکانی دیکەوە تێبینی دەکرێت**

و پەکەکــە، بارزانی و ئۆجــەلان)، هەلومەرجێکی نوێی سیاســەتکردن لەنێــوان ئــەم دیو و ئەو دیوی ســنووردا دروستدەکات و تورکیای ئەردۆگانیش ناچار دەکات بەوەی وەك واقیعێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

واقیعی نوێی کوردی (عێراق، تورکیا، سووریا) و مامەڵەی نوێی پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگان، هەر وەك چۆن دەســتکاری پێوەندییەکانی هێز لەنێو کێڵگەی سیاســی کوردیدا دەکەن، ئاواش دەســتکاری پێوەندییەکانی هێز لە نێو کێڵگەی سیاسیی تورکیدا دەکەن. داد و گەشەپێدان، لە ڕێگەی ئەم سیاسەتە نوێیەیەوە، چەند هەوڵدەدات ڕکابەرە تورکەکانی پەراوێز بخات، هێندەش هەوڵدەدات مۆنۆپۆلی دەنگە کوردییەکانی تورکیای ئەکتەرە سیاســییە کوردەکان کاڵبکاتەوە. بەشێکی زۆر لەو ریفۆرمانەی کە لە رووبەری کوردیــدا ئەنجامیاندەدات، پێش هەر شــتێك میکانیزمی ململانێن لەگەڵ ئەکتەرە کوردە سیاســییەکانی تورکیادا. لە ڕێگەی ریفۆرمەکانەوە، ئەردۆگان دەیەوێت جەماوەری کوردی لە تورکیادا قەناعەت پێبکات کە داد و گەشەپێدان باشتر لە ئەکتەرە کوردەکان و دەتوانێت نوێنەرایەتی خەون، بەرژەوەندی، خواست و ئارەزووەکانیان بکات.

یەکێــك لەو پرۆژانەی کە داد و گەشــەپێدان بەشــێوەی ناڕاســتەوخۆ پێشــنیاری دەکەن، بریتییە لە شوناســی تورکیا. گەر کەمالیزم بریتی بێت لە شوناسی دوورخەرەوە، پەراوێزخەر و سووککردنی ئەوانی دیکە، ئایین، بەتایبەتی ئیسلامی سوننی، دەتوانێت ببێت بە شوناسی کۆکەرەوەی هەموو ئــەو هاووڵاتییانەی کە لەســەر خاکی تورکیادا دەژین. گــەر کورد ئامــادە نەبێت شوناســی کەمالیزم هەرسبکات، بە ئاســانی دەتوانێت لەنێو شوناسی ئاییندا جێگەی خۆی بکاتەوە. لێرەوە گوتاری داد و گەشــەپێدان بە ئاڕاستەی کوردەکانی تورکیادا، هەمیشە کلیککردنێکی بەردەوامە لەسەر ئەم چوارچێوە ئایینییە، نەك کەمالیزم و عەلمانیەتی دەوڵەت.

کۆی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیا، دەریانخســت کە تا ئێســتاش بەشــێکی زۆر لە کوردەکانی ئەو وڵاتە، لەژێر کاریی ئەم گوتارەدان و ئامادەن بەبێ هیچ گرفتێك متمانــەی خۆیان بە داد و گەشــەپێدان (باتورکیش بن) بدەن.

بــەم شــێوەیە پارتی داد و گەشــەپێدان، لــە رووبەری کوردســتانی تورکیادا، دوو ســتراتیژ پێکەوە گرێدەدات: ستراتیژی ریفۆرم و خزمەتگوزاری لەلایەك و ستراتیژی گۆڕینــی پێگــەی شوناســی جمهوریــەت لەلایەکی دیکــەوە. بێهودە نییە کە لە ٢٠٠٢ەوە تا ئێســتا پارتی داد و گەشــەپێدان ڕکابەرێکی بەهێزی پارتی ئاشــتی و دیموکراســی کوردییە لە کوردســتانی تورکیادا و لە زۆر شــوێندا یارییەکەی لێبردووەتەوە. بە زمانێکی دیکە ئەو پرۆسێسی ئاشــتییەی کە چەند ساڵێکە لەنێوان دەوڵەتی تورکی و پارتی کرێکارانی کوردســتاندا بەڕێوەیە، چەند لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانــی ئەکتەرە کوردەکاندا بووە، دە هێنــدەش لە داد و گەشــەپێدان کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەتایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا.

لە مانگی ئۆگســتی ٢٠١٢ دا، داود ئۆغلوو سەردانی کەرکوك دەکات، لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٣دا بارزانی سەردانی دیاربەکر دەکات، لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٤ دا داود ئۆغلوو سەردانی هەولێر دەکات... یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆی ئەم سەردانە بەردەوامانە، بریتییە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێی ئیدارەکردنی رووبەری کوردی لە تورکیا و عێراق و سووریادا لەلایەن دوو پارتی ســەرەکییەوە کە بریتین لە: پارتی داد و گەشــەپێدان و پارتی دیموکراتی کوردســتان، ئەردۆگان و بارزانی! لەم ئیدارەکردنە هاوبەشــە نوێیەدا، ئیتر پردێکی راســتەوخۆ لەنێوان هەولێر و دیاربەکردا دروستدەبێت. پردێك کە هەموو شــتەکانی هەردوو لا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڕادیەك کە بۆ بەرگریکردن لە شــارێکی وەك کۆبانێ، تورکیا بەتەنها ڕێگە بە هەولێر دەدات کە هێزی ســەربازی بنێرێت و بە تەنها هەولێریش دەبێت سەرپەرشــتی ئەو هێزە سەربازییە بکات. تورکیا لەم ڕێگەیەوە، دەیەوێت جڵەوی ئیدارەکردنی رووبەری کوردی لە ســووریا و تورکیا و عێراقدا، بەتەنها لە ژێــر کۆنترۆڵی ئەو ئیدارە هاوبەشــەدا بێت کە چەند ساڵێکە لەگەڵ هەولێردا درووستی کردووە. تورکیا هەموو تواناکانــی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ســەنتەری مۆنۆپۆلی رووبەری کوردی بەســەر چەند سەنتەرێکدا دابەش نەبێت و لە هەولێردا بمێنێتەوە. چونکە پێیوایە فرە ســەنتەری، دەرگا لەسەر فرەکاریی وڵاتانی دیکە دەکاتەوە و ئەمەش دەکرێت وەك هەڕەشە لەســەر ئاسایشی نیشتمانی تورکیا بەکاربهێندرێت.

بەشێوەیەکی گشــتی، دەتوانین بڵێین لەم قۆناغە نوێیەدا پێوەندیەکانــی هێز، چ لە کێڵگەی سیاســیی تورکیدا و چ لە کێڵگەی سیاســیی کوردیدا گۆڕانکاری گەورەیان بەســەردا هاتووە. یەکێك لــەو گۆڕانکارییە گەورانەش بریتییە لە کاڵبوونەوەی سنوورەکان، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. گــەر تا دوێنێ جمهوریەتــی تورکیا، لە بەرامبەر هەولێردا سیاســەتی «هێڵی سوور»ی بەکارهێنابێت، لە ئێستا و ئێرەدا، سیاسەتی «فەرشی سوور» بەکاردەهێنێت! ئەمەش یەکێکە لەو داتایانەی کە دەتوانێت گومان لەسەر چەندین حەرامی سیاسی لە تورکیادا درووستبکات.

---

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس

# داعش
# لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

دوو گرووپی جیاواز سەرهەڵدەدەن کە نەخشەی مێژووی جیهانی ئیسلامی دوولەت دەکەن و تائێستەش جیهانی ئیسلامی پێیەوە دەناڵێنێ. بێگومان هەر گرووپە و ئایدیۆلۆژیای خۆی بە ئایەت و حەدیس پشت ئەستوور دەکاو هەندێجاریش لێکدانەوەی ئەقڵی و ئەزموونی خۆشیانی تێکەڵ دەکەن. پاش مردنی عەلی و خۆشبوونی تەختی دەسەڵات بۆ موعاوییە و پاشانیش بۆ وەچەکانی بەنی ئومەیە، دیسانەوە گروپێکی تر سەرهەڵدەدات بە ناوی مورجیئە تا بەرەنگاری بۆچونەکانی خەوارج بێتەوە و دەسەڵاتی بەنی ئومەیە لەبەرامبەر ناشیرینکردنی لێکدانەوەکانی خەوارج، بپارێزێت. نامەوێت لێرەوە بەدرێژی باسی شیعە و مەرجەعیەت بکەم مەگەر لە شوێنێکدا کە بۆ روونکردنەوەی فکری خەوارج پێویست بێت، ئەگینا هەوڵدەدەم هەندێ فراوانتر لەسەر فکری خەوارج برۆم کە هەندێ پێوەندی لە نێوان ئەوان و داعشی ئیمرۆکە دەبینرێتەوە، کە ئەوان لەم بابەتەدا جێگە مەبەستی ئێمەن.

**لە دەرەنجامی مشتومڕی عەلی و موعاوییە و ئەو ململانێ و تەنگژەیەی ئەوان هێنایانە ئاراوە، زەمینەیەک ساز بوو تا خەوارج تیایدا دەربکەوێت. واتە داوای خوێنی عوسمان لە لایەن موعاوییەوە فەرامۆشکردنی لەلایەن عەلییەوە ئاگری جەنگی لە نێوان هەردوو بەرەدا خۆشکرد**

**بەو کۆمەڵەی کە پشتیوانی عەلییان دەکردو پاشان وەک شیعە دەرکەوتن، دەیانوت: «ئێوە دژ بە قورئان وەستاونەتەوە، چونکی لە بری حوکمی خودا، حوکمی مرۆڤتان جێبەجێکردووە، بۆیە ئێوە تاوانتان ئەنجامداوە». کۆمەڵەکەی تریش کە بوونە شیعە بەوانیان دەوت: «ئێوەش دژی ئیمام جووڵاونەتەوە، ئەو ئیمامەی جێگە متمانەی هەمووان بوو، ئێوەش لە فەرمانی ئیمام دەرچوون»**

**(٣)**

**● بنەچەی خەوارج**

لە بەشــەکانی پێشــوودا لەڕێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوە دیــاردەی داعش خرایــە بەرچــاو تابتوانیــن هەندێك زانســتیانە و دوور لە قســەی ڕۆژانە، تێگەشــتنمان لە داعش نزیك بکەینەوە. بە شــرۆڤەیەکی کورت چەمکی ســایکۆپۆلیتیکمان تا ڕادەیەك ڕوون کردەوە. ئەوەشــمان ڕاگەیاند کە لەم بەشــەدا تیشکێك دەخەینە سەر خەوارج لەبەرئەوەی پێوەندییەکــی مێژوویی و عەقیدەیی لەنێوان خەواریج و داعشدا بەدیدەکرێ، ئەگەرچی جیاوازییەکی تایبەتیــش لــە نێوانیانــدا دەبینرێ. بەڵام بــۆ ئەوەی مەبەستەکەمان جوانتر خۆی بدات بەدەستەوە، هەندێکیش بەرەو مێژووی رابردوو دەگەڕێینەوە. واتە لە ساڵانی ٦٥٦ زایینیەوە دەســت پێدەکەین کە دیاردەیەکی وەک خەوارج بنەچەی خۆی تێدا داناوە.

**● لە داعشەوە بەرەو خەوارج**

لێرەدا بۆ ماوەیەک داعش جێدەهێڵین کە ســاڵی ٢٠١٤ و هەندێــك دەگەڕێینەوە و بە مێژوودا ســەردەکەوین تا دەگەینە ســاڵی ٦٥٦ زایینی. لەو ساڵەدا پاش کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە خەلیفەی چــوارەم دادەنرێت. بەڵام مردنی عوســمان و دەســگیر نەکردنی بکوژەکانــی گێژاوێ دەخوڵقێنــێ، بە جۆرێ جیهانی ئیســلام دابەش دەکات، ئیــدی لەوکاتەوە خــۆی پێنەگیراوەتەوە. لەســەردەمی فەرمانڕەوایی عوسماندا، موعاوییەی کوڕی ئەبوسوفیان کە خزمایەتیان لەگەڵ عوســماندا بــووە، کراوەتە والی شام. موعاوییە بە بیانووی ئەوەی کە عەلی بکوژەکانی عوســمان بەدەســتەوە نادات، لە عەلی یاخــی دەبێت و ملکەچی فەرمانەکانــی نابێت. بۆ ئێمە لێرەدا گرینگ نییە کــە بۆ عەلی بکوژەکان ڕادەســتی دادگا ناکا و بۆ موعاوییە داوای دەکات، بێگومان پاڵنەری سیاســی تایبەتی خۆیانی لە پشتەوە بووە، ئیتر کامیان خاوەن هەق بوونە یان نا، بابەتی ئێمە نییە، لێرەدا دادگایی کەســیان بکەین. بۆ ئێمە ئەوەی گرینگ بێت، گەیشتنە بەو زەمینە خۆشکەرەی کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی خەوارج. چونکە لە دەرەنجامی مشتومڕی عەلی و موعاوییە و ئەو ململانێ و تەنگژەیەی ئەوان هێنایانە ئاراوە، زەمینەیەك ســاز بوو تا خەوارج تیایدا دەربکەوێت. واتە داوای خوێنی عوسمان لــە لایەن موعاوییەوە فەرامۆشــکردنی لەلایەن عەلییەوە ئاگری جەنگی لە نێوان هەردوو بەرەدا خۆشــکرد. ئیدی بیرۆکەی خەوارج و شــیعەش لەو زەمینەیەدا چەکەرەیان کرد و ریشــەیان لەو زەمینەیەوە خۆراک دەدران، نەک تەنها گرووپێک بەڵکو بە درێژایی مێژووی ئیسلام، دەیان گرووپی تر لە جۆری خەوارج و شیعە سەریان دەرهێنا.

پاش جەنگێکی خوێناوی، کە هــەردوو بەرەی عەلی و موعاوییە تیایدا پەرێشــان ببوون، بەرەی موعاوییە لە بێ هیواییدا دەژیان و لە شکستهێناندا بوون، بۆیە بیریان لەوە کــردەوە بە هەر نرخێك بووە دەبێت ئەم جەنگە بوەســتێنن، ئەگینا دەشکێن، ئیدی هەرگیز بە ئامانجەکەیان ناگەن. دواجار بەرەی موعاوییە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە چەند پیاوێکــی خۆیــان لەگەڵ چەند موســحەفێکی قورئان کە کردبوویان بەســەر ڕمەکانیانەوە، بەناوی خواســتی ئاشــتەوایی، خۆیان کرد بە ناو ئۆردوگای عەلی دا، تا جــاڕی ڕاگرتنی جەنگ بدەن. ئەم ڕەفتارە سیاســییەی بــەرەی موعاوییە، لای گرووپێکی نــاو بەرەی عەلی، کاردانەوەیەکی ســایکۆلۆژیانەی خرۆشاند کە پێوەندی بە جۆری باوەڕی ئەوانەوە هەبوو. خرۆشــانی ئەو گرووپە لــەوەدا بــوو کە پــەڕاوی قورئانیان بەســەر ڕمی ئەو کەســانەوە بینی کە هاتبوون داوای ئاشــتی بکەن. ئەم دیمەنە بۆ ئەوان واتای ئەوەبوو کە بۆتە ئەرك لەســەریان دەبێــت ملکەچی کەلامی خودا ببن، ملکەچی ئەوان بۆ کەلامی خودا لە تێگەشتنێکی زاهیرانەوە بووە. واتە هیچ مەرامێکی سیاســی نابێت فەرمانی خودا بگۆڕێت. ئیتر بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کــە ڕەنگە ئەمەی موعاوییە فێڵێکی سیاســی بێت، ڕاســتەوخۆ خۆیان بەو ئایەتەوە بەســتەوە کــە داوا دەکات «ئەگــەر دوو کۆمــەڵ لە باوەڕداران دژ بەیەك جەنگین، ئاشــتی لە نێوانیاندا ساز بکەن، خــۆ ئەگەر یەکێکیان هەر ملهــوڕی کرد، ئەوا دەبێت بەردەوام بجەنگن تا ئەو گرووپە ملکەچی فەرمانی خــودا دەبێتەوە»[١]. پێوەندی ئــەم کاردانەوەیە بە لایەنی دەروونی و جیهانبینی گرووپی خەوارجەوە، لە بەشەکانی داهاتوودا بە درێژیی شــرۆڤەی دەکەین، کە ئەوەمان بۆ دەردەخات چۆن سیاسەت و سایکۆلۆژیا واتە ناخی مرۆڤ و ڕەفتاری سیاسی وابەستەی یەکتر دەبن.

ئەو کۆمەڵە کەسانەی ناو بەرەی عەلی کە ئەو ئایەتەیان لەو کاتــەدا بە حوکمی خودا دەزانی لــە نێوان خۆیان و بەرەی موعاوییە، بۆیە عەلییان هاندەداو بگرە زۆریشــیان لێدەکرد کە دەبێت بەو ســوڵحەی موعاوییە داوای دەکات ڕازی ببێت، ئەگینا چارەنووسی ئەویش وەک چارەنووسی عوســمان دەبێت. کاتــێ کە ڕێککەوتنەکــەی نێوانیان سازکرا، جارێکی تر ئەو کۆمەڵە کەسەی پێشتر عەلییان ناچارکرد بەو ڕێککەوتنە ڕازی بێت، پەشیمان دەبنەوەو ئەو ڕێککەوتنە بە لادان دەزانن لە فەرمانی خودا. ئەو باوەڕەیان لە لا دروســت دەبێت کە حوکمی خودا لەم ڕێککەوتنەدا جێبەجێ نەکراوە و تەنها مرۆڤەکان بە ڕاوبۆچوونی خۆیان ڕێککەوتنیان ئەنجامداوە. ئیدی لێرەوە ئەوان دروشمی «لا حکم إلا لله- تەنها حوکم هەر بۆ خودایە» بەرز دەکەنەوەو لــە بەرەی عەلی دەردەچن و هەرچی لەگەڵ خۆیان نەبێت بە کافری دەزانن. عەلــی و موعاوییەو هاوەڵەکانیان لە پێش هەموانەوە کافر دەکەن.





لە هەمان کات و لە بەرامبەر ئەوان گرووپێکی تر خۆی ئاشکرا دەکات، کە دەبنە پشتیوانی عەلی و بەرامبەر بەم کۆمەڵە دەوەستنەوە. ئەمەشیان دیسانەوە پێوەندییەکی پتەوی ناخ و دەروونی ئەم گرووپە و کاردانەوەیان لە بەرامبەر خەوارج و ڕووداوەکە، نیشان دەدات. دەبینی دوو نەستی پڕ لە دوو ئەزموونی جیاواز، کە دەبێتە هۆی خولقاندنی دوو ڕۆحی جیاواز، دوو کاردانەوەی سیاسی جیاواز، جەدەلێکی پڕ لە گێژاو لەبەرەی عەلیدا لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵەدا دەهێنێتە ئاراوە و هەریەکەیان ئەویتر تاوانبار دەکات. ئەوانەی دژ بە سوڵحەکەی عەلی و موعاوییە بوون و پاشان وەک خەوارج دەرکەوتن، بەو کۆمەڵەی تر کە پشتیوانی عەلییان دەکرد و پاشان وەک شیعە دەرکەوتن، دەیانوت: «ئێوە دژ بە قورئان وەستاونەتەوە،چونکی لە بری حوکمی خودا، حوکمی مرۆڤتان جێبەجێکردووە، بۆیە ئێوە تاوانتان ئەنجامداوە». کۆمەڵەکەی تریش کە بوونە شیعە بەوانیان دەوت: «ئێوەش دژیی ئیمام جووڵاونەتەوە، ئەو ئیمامەی جێگە متمانەی هەمووان بوو، ئێوەش لە فەرمانی ئیمام دەرچوون».

هەر لەم جێگەیەدا دوو گرووپی جیاواز سەرهەڵدەدەن کە نەخشەی مێژووی جیهانی ئیسلامی دوولەت دەکەن و تائێستەش جیهانی ئیسلامی پێیەوە دەناڵێنێ. بێگومان هەر گرووپە و ئایدیۆلۆژیای خۆی بە ئایەت و حەدیس پشت ئەستوور دەکاو هەندێجارێش لێکدانەوەی ئەقڵی و ئەزموونی خۆشیانی تێکەڵ دەکەن. پاش مردنی عەلی و خۆشبوونی تەختی دەسەڵات بۆ موعاوییە و پاشانیش بۆ وەچەکانی بەنی ئومەیە، دیسانەوە گروپێکی تر سەرهەڵدەدات بە ناوی مورجیئە تا بەرەنگاری بۆچونەکانی خەوارج بێتەوە و دەسەڵاتی بەنی ئومەیە لەبەرامبەر ناشیرینکردنی لێکدانەوەکانی خەوارج، بپارێزێت. نامەوێت لێرەوە بەدرێژی باسی شیعە و مەرجەعیەت بکەم مەگەر لە شوێنێکدا کە بۆ ڕوونکردنەوەی فکری خەوارج پێویست بێت، ئەگینا هەوڵدەدەم هەندێ فراوانتر لەسەر فکری خەوارج بڕۆم کە هەندێ پێوەندی لە نێوان ئەوان و داعشی ئیمڕۆکە دەبینرێتەوە، کە ئەوان لەم بابەتەدا جێگە مەبەستی ئێمەن. ئەوەی گرینگە لەسەرەتادا بیڵێم ئەوەیە کە پێکهاتەی دەروونی خەوارج و دەرکەوتنی لەو ساتەدا پێوەندیان تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە هەیە. دوو خەسڵەتی سەرەکی لە گرووپی خەوارجدا دەبینرێتەوە کە بەو شێوەیە لە مێژوودا بۆتە هۆی دەرکەوتنیان. خەسڵەتێکیان پێوەندی بە پێش مێژووی ئیسلامەوە هەیە و ئەویتریان لە ناو ئیسلامدا بۆیان پەیدا بووە. سەرەتا ئەو دوو خەسڵەتە دەخەمە ڕوو و شیکارییان بۆ دەکەین، کە یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرووپە عەرەبانەی سەر بە ناوچەیەکی تایبەت بوون لە دوورگەی عەرەبیدا و دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گرووپە زاهیرناس بوون، واتە بە بێ تەئویل و لێکدانەوە لە زاهیری دەقەوە حوکمیان داوە. لەم دۆخە دەروونییەی کە هەڵیانگرتووە، سێ سیفات لەواندا دەردەکەون، ئەوانیش: تەکفیرکردنی غەیری خۆیان، هیجرەت کردنی کۆمەڵگەی کافر و حاکمییەت تەنها بۆ خوادیە. پاشا ئەم ڕوونکردنەوانە عەقیدە و ئایدیۆلۆژیای خەوارج بە کورتی باس دەکەین. ئیدی دەگەڕێینەوە لای داعشی ئیمڕۆکە و بە قەد ئەوەنەی تێگەیشتوم و پێیگەیشتوم، قسە لەسەر ئایدیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیای ئەوانیش دەکەین و پاشان هێندەی بۆمان بلوێت پێوەندییان بە خەوارج و جیاوازییان لەوان، ئاشکرا دەکەین. چاوەڕێ بن بۆ بەشی چوارەم.

**ڕەفتاری سیاسییانەی بەرەی موعاوییە، لای گرووپێکی ناو بەرەی عەلی، کاردانەوەیەکی سایکۆلۆژیانەی خرۆشاند کە پێوەندی بە جۆری باوەڕی ئەوانەوە هەبوو. خرۆشانی ئەو گرووپە لەوەدا بوو کە پەڕاوی قورئانیان بەسەر ڕمی ئەو کەسانەوە بینی کە هاتبوون داوای ئاشتی بکەن**

---

(١) وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ. الحجرات ٩.



## پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب

تۆێژەری باڵا لە ئامۆژگای ماکدۆنالد بۆ دیالۆگی نێوان ئایینەکان بۆ گوڵان:

# دەبێت دیموکراتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی کوردستان ببێتە مۆدێل بۆ عێراق و دەوڵەتانی کەنداو

**پرۆفیسۆر مەحمود ئەیوب خەڵکی باشووری لوبنانە و ساڵی ١٩٦٥ بکالۆریوسی لە فەلسەفە لە زانکۆی ئەمریکی لە بیروت وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٥ دکتۆرای لە مێژووی ئایینەکان لە زانکۆی هارڤارد پێدراوە، ماوەی ٢٠ ساڵ ئوستاد و سەرۆکی بەشی دیراساتی ئایینی بووە لە زانکۆی تیمبل لە فیلادیلفیا، بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و ئایندەی عێراق و شەری نێوان شیعە و سوننە و چەند پرسێکی دی، ئەم دیالۆگەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** تێڕوانینتان چییە لەسەر دروستبوونی داعش و چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکەن؟**

- پێموایە هەڵکشانی داعش بەرئەنجامی چالاکییەکانی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، کاتێك رژێمی سەددامی لە عێراقدا رووخاند، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی سەددام حوکمڕانێکی باش بوو، بەڵکو ئەو کەسێکی خوێنڕێژ بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت، دۆخەکەی پاراستبوو. داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەو خەڵکانەی دروست کرد کە ئایدیۆلۆژیا و تەکنەلۆژیایان هەبوو، بەڵام ئایدیۆلۆجیایەکی ئاینی نا، ئەوەش لە بەشێکی زۆریدا بەعسییەکانی سەردەمی سەددام حوسێن بوون، کە دواتر ئەمانە بوونە توخمی جەوهەری، دەکرێت ئەمە لەو سەرکردانەدا بەدی بکەین کە لە ئارادان، واتە توخمێکی جەوهەرییان بۆ داعش، یان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دابین کرد. ئەوەی مایەی سەرسامییە بۆ من ئەوەیە کە ناسنامەی رێکخراوەکە بەردەوام لە سەر ئاستی ناوخۆیی دەگۆڕێت، بۆ نموونە، لە سەرەتادا بە داعش دەستیان پێکرد، واتە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، دواتر بوو بە داعس، واتە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، ئێستاش دەڵێت دەوڵەتی ئیسلامی، واتە دەتوانێت هەر شوێنێك لە جیهان داگیر بکەن و بیکەنە بەشێك لە خەلافەتەکە. ئەمەش بۆ من جێی بایەخە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئیسلامی، دوای هەر چوار خەلیفەکە، (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی)، حوکمڕانییەکە زیاتر وەك حوکمڕانی پاشایەتی بووە، نەك وەك چوار حوکمڕانەکەی پێشوو رەفتار بکەن. دواتر عەباسییەکان ئیمپڕاتۆریەتێکی مەزنیان دروست کرد و شارستانیەتێکی نێودەوڵەتی زۆر دەوڵەمەندیان دروست کرد، بەڵام خەلیفەی عەباسییەکان دوای سەدەی دە، تەنها بووە سەرۆکێکی رەمزی و لە واقیعدا جیهانی ئیسلام لەلایەن خانەوادەکانەوە، یاخود سوڵتانە مەحەلییەکانەوە حوکمڕانی دەکران، لە دەرئەنجامدا ئیمپڕاتۆریەتی گەورە دروست بوو، کە لە لایەن سوڵتانەکانەوە حوکمڕانی دەکران، وەك عوسمانییەکان لە تورکیا و سەفەوییەکان لە ئێران، هیچ کەسێك هەوڵی نەدا خەلافەت زیندوو بکاتەوە، ئەگەرچی خەلافەت وەك ئایدیایەك لێی دەڕوانرا. دووبارە لە ساڵی ١٩٢٤دا مستەفا کەمال ئەتاتۆرك بە تەواوەتی خەلافەتەکەی هەڵوەشاندەوە، ئەمە ئەوەی بیری خەڵك هێنایەوە کە خەلافەت دامەزراوەیەکی زۆر گرنگ نەبووە کە رۆڵی زۆر گرنگی گێڕابێت. ئێستاش ئێمە خۆمان لە رووی ئیتنییەوە پێناسە دەکەین، وەك کورد و عەرەب، یاخود بە مەزهەبێکی ئیسلامی، چوار یان پێنج مەزهەبی سوننە، لەگەڵ دوو مەزهەبی شیعە. خەڵکانێکی زۆر هەبوون خۆبەخشانە هاوکاری داعشیان کرد. ئەمڕۆش گوێم لە راپۆرتێك بوو لە رادیۆ کە داعش چەکێکی زۆریان هەیە و لە سوپای عێراقەوە بەدەستیان هێناوە، کە دەتوانن بەلای کەمەوە بەو چەکانەی هەیانە بۆ ماوەی سێ ساڵ شەڕ بکەن، پێموایە پێشمەرگەی کوردستان رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە شەڕی دژی داعش و رەنگە ئەوان رێکخراوترین هێز بن بۆ ئەوەی لە دژی داعش بەرگری بکەن.

*** ئێمە کاری دڕندانە و دڵڕەقانەی داعشمان بینیوە کە تێیدا مەسیحی و ئێزیدیەکان ناچار دەکەن ئایینی خۆیان بگۆڕن و بەزۆرەملێ بیانکەن بە ئیسلام، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من دەمەوێت موناقەشەیەکی ئەکادیمی ئەم مەسەلەیە بکەم. داعش هیچ مافێکی نییە کە ئاین بسەپێنێت بەسەر -بەلای کەمەوە- «اهل الکتاب»دا، کە مەسیحی و جوولەکەکانن، لە رۆژگاری ئێستاشدا و لە روانگەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە ناتوانن ئایینی خۆیان بەسەر کەسدا بسەپێنن. هەروەها ئەوان دژی خودی قورئانیش دەوەستنەوە کە دەفەرموێت: «لا اکراه فی الدین»، ئێزدییەکان هاووڵاتیەکی عێراقین و بە چەشنی هەر هاووڵاتیەکی دیکە مافیان هەیە و ئێمە ناتوانین ئیسلامی سەدەی حەوت بەسەر رۆژگاری

**پێشمەرگەی کوردستان رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە شەڕی دژی داعش و رەنگە ئەوان رێکخراوترین هێز بن بۆ ئەوەی لە دژی داعش بەرگری بکەن**

**ئێوە باسی کوردستانی عێراق دەکەن و کوردستانیش لەوە گەورەترە و ئەگەر چارەسەرێکیش بۆ کێشەی کورد هەبێت، ئەوا دەبێت بۆ هەموو ئەو ناوچانە بێت کە پێی دەوترێت کوردستان**

**کوردەکان سەلماندوویانە کە دەتوانن یەکێتی بەدەست بهێنن، تەکنەلۆژیا بەدەست بهێنن و دەتوانن حوکمڕانی خۆیان بکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش گرنگ بن**

**هۆکاری ئەوەی کورد نەبوونەتە خاوەن دەوڵەتی خۆیان ئەوەیە کە پەرت و بڵاون، بەشێک لە ئێران و بەشێک لە عێراق و بەشێک لە تورکیا، هەروەها لە روسیا و هەندێکیان لە سووریاش، زۆر زەحمەتە کوردستانیش وەک ناوچە و وەک قەوارە کۆبکرێتەوە**

**رەنگە لە کۆتاییدا عێراق دابەش بێت بۆ چەند دەوڵەتێک، لەوانە کوردستان و باشووری شیعەنشین و ناوەڕاست کە عەرەبی سوننەی لێیە، بەڵام من تەفزیلی عێراقێکی یەکگرتوو دەکەم کە فرەییەکی ئیتنی و نەتەوەیی و ئایین و ئینتیمای جیاوازی هەبێت**

**داعش دەیانەوێت دەستڕۆیشتوویی خۆیان بۆ دەرەوەی کەنداو و عێراق و سووریا و میسر و لوبنان بەرن، لەبەر ئەوە ناوی خۆیان ناوە دەوڵەتی ئیسلام، چونکە تەنها لە سووریا و عێراقدا خۆیان کورت ناکەنەوە**

سەدەی بیست و یەکدا جێبەجێ بکەین. دەبێت ئیسلامێك پیادە بکەین کە قسە لەگەڵ رۆژگاری مۆدێرندا بکات و ئیسلامیش ئەو توانایەی هەیە، بۆی هەیە ئیسلام جیهانیترین شارستانیەت بێت لە دنیادا بەهۆی ئەو هەموو گرووپە ئیتنییەی هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە، ئیسلامیش دەتوانێت خۆی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا بگونجێنێت و زۆرێك لە حوکمەکانی سەدەی حەوت و هەشت پیادە نابێت.

*** داعش لە عێراقدا ناوچەکانی بەسەر شیعە و سوننەدا دابەش کردووە، ئەمەش دابڕانێکی لە نێوان تایەفەی شیعە و سوننەدا دروست کردووەو چارەسەرکردنیشی زەحمەت بووە، لەبەر ئەوەی پێدەچێت شەڕەکە بەرەو شەڕێکی تایەفەگەری بڕوات، ئایا تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی پەلکێشکردنی وڵاتانی کەنداو بۆ ناو ئەم ناکۆکییە؟**

- نابێتە هۆی دروستبوونی ئەو دابەشبوونە، بەڵکو ئەو دابەشبوونە قووڵ دەکاتەوە. شیعەش قوتابخانەیەکی ئیسلامییە، هەروەها «حركة التقريب بين المذاهب الاسلامية» هەبوو کە لەلایەن ئەلئەزهەرەوە تەبەنی کرا، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی عەمەلی موسڵمانەکان لە سەرجەم مێژووی خۆیاندا لەگەڵ شیعە و سوننەدا ژیاون. شیعە و سوننەکان لە یەکیان روانیوە و سوننەکانیش جیاوازییان کردووە لە نێوان شیعەی باش و شیعەی خراپدا، شیعەی باشیش ئەوە بووە کە لەسەر بنەمای شەهادەت و فیقهی بەرەوپێشچوو بنیاتنراوە، شیعە خراپیەکانیش ئەوانە بوون کە پێیان دەوترێت «غلاه». پێموایە ئەو کێشەیەی ئێستا لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە لە راستیدا هیچ پەیوەندیەکی بە ئایینەوە نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسییە و چەند شتێکی دیاریکراو هەن کە لە ئێستادا شیعە و سوننەکان دەتوانن بیکەن. ئەوەی پەیوەندیی بە شیعەکانەوە هەبێت، ئەوا چیتر سووکایەتی بە هاوەڵەکان «صحابة» نەکەن، سوننەکانیش چیتر بە شیعەکان نەڵێن «کفار»، ئێمە دەتوانین لە چەندین شتی هاوبەشدا هاوکاری یەکتر بکەین. کاتێك باسی شیعە و سوننە و کوردەکان دەکەین، ئەوا خەڵکی کوردستان زۆرینەیان سوننەن و تەنانەت کوردەکانی ئێرانیش شافیعی مەزهەب و سوننەن و شیعە نین، شیعەش هەن، بەڵام کەمن بە بەراورد بە زۆرینەی دانیشتووانی کورد. لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە موسڵمان هەوڵی بەدەستهێنانی یەکێتی موسڵمانان بدات، بۆ ئەوەی لە مێژووی جیهانی مۆدێرندا شوێنی راست و دروستی خۆیان بەدەست بهێنن، ئەگەرنا ئێمە بەڕاستی ئوممەی خۆمان لەناو دەبەین، بەهۆی شەڕکردنمانە لەگەڵ یەکتردا. ئێوە چونکە نزیکترن لە من باشتر دەزانن کە داعش سوننە زیاتر لە شیعە دەکوژن، ئەوانە خەواریجی ئەم سەردەمەن و هەر کەسێك کە هاوڕا نەبێت لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا دیاریکراوەکەی ئەواندا ئەوا دەیکوژن. ئەوەش رێبازێکی ئیسلامی نییە.

*** بە هۆی هەڵەکانی مالیکی و پەراوێزخستنی سوننەکانەوە ئەوا سوننەکان باوەشیان بۆ داعش کردەوە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئەوە راستە، بەڵام نابێت رۆڵی نوری ئەلمالیکی زۆر گەورە بکەین، ئەو کارێکی ژیرانەی نەکرد کاتێك ژمارەیەکی زۆری سوننەی کوشت و زۆر نزیك بۆوە لەگەڵ ئێراندا، ئومێدەکە ئەوەیە سەرۆکی نوێی حکومەتەکە باشتر بێت. پێموایە کەس نایەوێت یەکێتی و یەکپارچەیی عێراق بکاتە قوربانی. باوەڕم وایە داعش بەلای کەمەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە دەستی پێکرد، ئەگەر زووتریش دەستی پێنەکردبێت، مالیکی رۆڵی بینی، بەڵام داعش بە بوون و نەبوونی مالیکی پەرەی دەسەند.

*** تا چ رادەیەك پێتوایە چارەسەر نەکردنی کێشەکان دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی عێراق؟**

- ئەمە واقیعەکەیە و دەکرێت رووبدات و بۆی هەیە رووبدات، بەڵام دەکرێت رێگە لە روودانی بگرین، بۆی هەیە لە دواتردا و لە کۆتاییدا دەستێوەردانی نێودەوڵەتی رووبدات، لەبەر نەوت، چونکە عێراق نەوتێکی زۆری هەیە و وڵاتێکی گرنگە لە کەنداودا، کە ئەمریکا و ئەوروپا بە رادەیەکی زۆر پشتی پێدەبەستن بۆ وزە. رەنگە ئەمریکا زیاتر لەوە تێوەبگلێت کە پلانی بۆ داناوە. بەڵام بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە کە نەدەبوو ئەمریکا دەستێوەردانی لە عێراق و لە ئەفغانستاندا بکردایە و نەدەبوو ئێستاش دەستێوەردان لە عێراق و ئەفغانستاندا بکات. هەروەها بە هۆی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە، ئەمریکا میسداقیەتێکی کەمی لە جیهانی عەرەبیدا هەیە.

*** هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق کردووە، بە ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەوە، کە ئەمە عەرەبەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوانیش ئاوارەی ناوخۆیین لە وڵاتەکەدا، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆدێلێك بۆ کەلتووری لێبوردەیی لە ناوچەکەدا؟**

- دەکرێت، بەڵام کێشەی ناسیۆنالیزم جیاوازی هەیە. ئێوە هەمیشە ئاماژە بە شیعە و سوننە و کورد دەکەن، بەڵام زۆرینەی کوردەکان سوننەن. پێموایە ئەوەی

کوردەکان کردوویانە زۆر باشە، لەبەر ئەوەی توانیویانە کوردستان بە دیموکراتی و ئاشتییانە و گەشەکردوو بهێڵنەوە، ئەوەش زۆر گرنگە و دەکرێت مۆدێلێك بێت بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە و وڵاتانی دیکەی کەنداو، چونکە دەکرێت لە کەنداو، لە سعودیە و ئیماراتیش هەڵگیرسێت و ئێمە ناتوانین بزانین لە ئێستادا چی روودەدات لە کەنداودا. بەلای منەوە داعش دەیانەوێت دەستڕۆیشتوویی خۆیان بۆ دەرەوەی کەنداو و عێراق و سووریا و میسر و لوبنان بەرن، لەبەر ئەوە ناوی خۆیان ناوە دەوڵەتی ئیسلام، چونکە تەنها لە سووریا و عێراقدا خۆیان کورت ناکەنەوە. مەبەستیان لە شام تەنها سووریا نییە، وەك ئەوەی ئێستا ئێمە تێیدەگەین، بەڵکو گەورەتر لە سووریا، کە فەلەستین و لوبنان و سووریا و عێراقیش بگرێتەوە.

*** هەر دەبێت ئەم کێشەیەش چارەسەر بکرێت و تیرۆریستان تێکبشکێنرێت، بەڵام تێکشکاندنی داعش پێویستی بە هێزی زەمینی هەیە و لە شەڕەکانی ئەم دواییە لە بەنداوی موسڵ و زوممار دەرکەوت کە پێشمەرگە پێویستی بە چەکی قورس هەیە بۆ تێکشکاندنی داعش، ئایا تا چەند گرنگە چەکی قورس و نوێ بە پێشمەرگە بدرێت، بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بن؟**

- بەزاندنی داعش تەنها بە هێزی سەربازی ناکرێت، بەڵکو دەبێت لە رووی سیاسییەوە قەناعەت بە دانیشتووانی موسڵمان بهێندرێت کە داعش و رێبازەکەی رەت بکەنەوە، هێزەکانی پێشمەرگە کارێکی باش دەکەن کە بە هاوکاری رۆژئاوا بەرەوپێشچوونی داعشیان راگرتووە. بە رای من پێویستە رۆژئاوا چەك و هاوکاری بەو هێزە مەحەلییانە بدات کە دژی داعش شەڕ دەکەن، بەڵام نابێت خۆی دەستێوەردان بکات لە عێراق و ئەو شوێنانەی دیکەش کە داعش تێیاندا چالاکە.

*** ئایا پێشبینی ئاشتەوایی سیاسی دەکەیت لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان تەواو عێراق دابەش دەبێت؟**

- رەنگە لە کۆتاییدا عێراق دابەش بێت بۆ چەند دەوڵەتێك، لەوانە کوردستان و باشووری شیعەنشین و ناوەڕاست کە عەرەبی سوننەی لێیە، بەڵام من تەفزیلی عێراقێکی یەکگرتوو دەکەم کە فرەییەکی ئیتنی و نەتەوەیی و ئایین و ئینتیمای جیاوازی هەبێت، بەڵام هاووڵاتی هەمان وڵات بن، بە چەشنی ئەوەی لە ئەمریکا هەیە، کە ئەمریکا چەندین گرووپ لە خۆدەگرێت، بەڵام توانیویەتی یەکێتی خۆی بپارێزێت، بەڵام ئایا عێراق دابەش دەبێت بۆ سەر چەند دەوڵەتێکی لێکدابڕاو، ئێمە ناتوانین وەڵام بدەینەوە، تەنها کات دەتوانێت ئەمە یەکلا بکاتەوە.

*** لەبارەی پێگەی سەرکردایەتی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە شەڕی تیرۆریزم رات چییە؟**

- کوردەکان نەهامەتی زۆریان چەشتووە، بۆ نموونە ئەوان ناتوانن ئەوە لەبیر بکەن کە لە هەڵەبجە دژی کورد کرا. لە راستیدا کوردەکان سەلماندوویانە کە دەتوانن یەکێتی بەدەست بهێنن، تەکنەلۆژیا بەدەست بهێنن و دەتوانن حوکمرانی خۆیان بکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش گرنگ بن. هەروەك دەزانن لە رووی مێژووییەوە هۆکاری ئەوەی کورد نەبوونەتە خاوەن دەوڵەتی خۆیان ئەوەیە کە پەرت و بڵاون، بەشێك لە ئێران و بەشێك لە عێراق و بەشێك لە تورکیا، هەروەها لە روسیا و هەندێکیان لە سووریاش، زۆر زەحمەتە کوردستانیش وەك ناوچە و وەك قەوارە کۆبکرێتەوە، منیش نازانم بیرکردنەوەی کوردەکان لەبارەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە چییە. ئێوە باسی کوردستانی عێراق دەکەن و کوردستانیش لەوە گەورەترە و ئەگەر چارەسەرێکیش بۆ کێشەی کورد هەبێت، ئەوا دەبێت بۆ هەموو ئەو ناوچانە بێت کە پێی دەوترێت کوردستان.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشمەرگەی رەوانەی کۆبانێ کرد و ئەمەش ساتەوەختێکی مێژوویی بوو بۆ هاوکاری نێوان کوردەکان، لێکدانەوەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە مانای چیە؟ ئایا بە مانای ئەوەیە کە لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان و کۆبانێ بۆیان هەیە ببنە بەشێك لە یەك قەوارە؟ زەحمەتە ئەمە ببینین. کۆتایی قسەکانم بەوە دەهێنم کە بە درێژایی مێژوو و بە شێوەیەکی گشتی موسڵمانان رێگایەکی ناوەندیان هەڵبژاردووە، خوا لە قورئاندا دەفەرموێت: «وكذلك جعلناكم امة وسطا لتكونوا شهداء على الناس»، ئەمەش واتە ئێمە ئێوەمان کردووە بە ئومەتی رێگەی ناوەند بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر خەڵکەوە، داعش نوێنەرایەتی توندڕەویی ئیسلام دەکات، لە کۆتاییدا موسڵمانان قبووڵی ناکەن و باوەڕم وا نییە داعش تەمەنێکی درێژیان هەبێت. بەڵام تاوەکو بە چەك شەڕیان لەگەڵدا بکەین و تاوەکو وڵاتانی رۆژئاوا دەستێوەردان بکەن، ئەوا ژیانیان پێدەبەخشینەوە، پێموایە لە کۆتاییدا موسڵمانەکان ئەوە قبووڵ ناکەن. بڕوانە وەهابییەت، کە هەندێ ئەفکاری باشیان هەبوو، بەڵام توندڕەو بوون و موسڵمانان بە گشتی رەتیان کردنەوە و ئێستاش وەهابییەت لە سعودیەدا کورت بۆتەوە.

**داعش سوننە زیاتر لە شیعە دەکوژن، ئەوانە خەواریجی ئەم سەردەمەن و هەر کەسێک کە هاوڕانەبێت لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا دیاریکراوەکەی ئەواندا ئەوا دەیکوژن. ئەوەش رێبازێکی ئیسلامی نییە**

**ناتوانین ئیسلامی سەدەی حەوت بەسەر رۆژگاری سەدەی بیست و یەکدا جێبەجێ بکەین. دەبێت ئیسلامێک پیادە بکەین کە قسە لەگەڵ رۆژگاری مۆدێرندا بکات و ئیسلامیش ئەو توانایەی هەیە**

**داعش هیچ مافێکی نییە کە ئاین بسەپێنێت بەسەر -بەلای کەمەوە- «اهل الكتاب»دا، کە مەسیحی و جوولەکەکانن، لە رۆژگاری ئێستاشدا و لە روانگەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە ناتوانن ئاینی خۆیان بەسەر کەسدا بسەپێنن. هەروەها ئەوان دژی خودی قورئانیش دەوەستنەوە کە دەفەرموێت: «لا اكراه فى الدين»**

# به سیاسیکردنی ئایین مەترسیدارە



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ناسنامەکان دیاردەیەکن مایەی سەرسامییەکی زۆرن. رەنگە خەڵکی هەر خۆیان ناسنامەکان هەڵبژێرن، بەڵام رەنگە خۆیانیش واببیننەوە کە بەرگی ناسنامەیەکیان بە بەردا کراوە، کاتێك دەچنە نێو گرووپگەلێکی کۆمەڵایەتییەوە، یان لە نێویاندا لە دایك دەبن. بە شێوەیەکی رێژەیی ناسنامەکان دەمێننەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بەپێی هەلومەرجەکان گرنگییەکەیان کەم و زیاد دەکات.

ناسنامەکان گرنگییەکی زۆر بەدەست دەهێنن کاتێك رووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجودی دەبنەوە و بەرگری لێ کردنیان دەبێتە پرسی مەرگ و ژیان، لەم کاتەدایە کە ناسنامەی گرووپەکە داوای ئەوپەڕی قوربانیدان دەکات لە ئەندامەکانی. لە بەدەمەوە چوونی ئەم داواکارییەشدا رەنگە ئەندامەکانی ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی یاخود ژیانی «دوژمنە مەترسیدارەکانیان» لە ناو ببەن.

**● ناسنامەی نەتەوەیی**

ئایا ناسنامەی دەستەجەمعی (نەتەوەیی ) ئێمە چییە؟ بە شێوەیەکی فەرمی وا دیاری دەکرێت کە ئێمە تورك و موسڵمانین. کاتێك ئایدیۆلۆژیای پێکهێنەری کۆمارەکە بریتی بوو لە ناسیۆنالیزمی تورکی، ئەوا بە دەنگێکی بەرز گوزارشت لە تورکبوون دەکرا، بەڵام موسڵمان بوونیش بەربڵاو بوو.

سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بەندە بە کارابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دەستەبەرکردنی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و ستانداردی بەرزی گوزەران و کۆدەنگی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە نەتەوەکان لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا. ئەو دەوڵەتانەی شکست دەهێنن لە هێنانەدی ئەم چاوەڕوانییانەدا، پێیان دەوترێت دەوڵەتانی شکستخواردوو. ئەو دەوڵەتانەی ناتوانن نەتەوەکانیان پێکەوە بهێڵنەوە. لیبیا و عێراق و سووریا لەم چەشنە دەوڵەتانەن.

هەروەها دەوڵەتی شکستخواردووی وەك میسر و لوبنانیش

هەن کە بە هەزار حاڵ دەتوانن یەکێتی نەتەوە و ئابوورییەکەیان بپارێزن. ئەوان رووبەڕووی مەترسی پشێوی دەبنەوە.

رەنگە دەوڵەتە شکستخواردوو و لەرزۆکەکان دامەزراوەی گەورەی دەوڵەتییان هەبێت، تا رادەیەك سوپایەکی زەبەلاحیان هەبێت، بەڵام تا ئەو کاتەی نەتوانن دادپەروەری و بەشداری پێکردن/ لە خۆگرتنی گرووپە جیاوازەکان (دابەشکردنی دەسەڵات) لە سیاسەت و ئابوورییەکی کارا دەستەبەر بکەن (دابەشکردنی کارای کار) دەستەبەر بکەن، ئەوا رووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە دەبنەوە.

ناسنامە خوار نەتەوەییەکان کەڵێنەکە پڕدەکەنەوە و دەسەڵات دەگرنەدەست و باڵادەست دەبن. ئەمە راستییە لەبەر ئەوەی خەڵکی پێویستیان بە دەستگرتن بە ژیانەوە هەیە، پێویستیان بەوە هەیە هەست بە سەلامەتی بکەن و پێکەوە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا کار بکەن. ئەوان پێویستیان بەوەیە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بپارێزرێن و کارا بن.

کاتێك ناسیۆنالیزم شکست دەهێنێت لەوەی ببێتە فاکتەری پێکەوەگرێدان، ئەوا خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ گرووپە ئایینییەکانیان، دەگەڕێنەوە بۆ بیروباوەڕ و وەك دواهەوڵیش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گرووپانەی پەیوەندی نزیکیان (گرووپە ئیتنی و خێڵەکی) لەگەڵیاندا هەیە.

**● تورکیا**

بەرەوپێشچوونی ناسنامەی نەتەوەیی تورکی هەمان رێڕەوی گرتۆتەبەر. نوخبەی حوکمڕان بڕیاریان دا کە ئەو گەنجانە بە ئیسلام گۆش بکەن کە زیاتر و زیاتر هاوسۆز دەبوون بۆ چەپەکان، ئەویش بۆ سنووردارکردنی مەترسی کۆمۆنیزم لە شەستەکانی سەدەی بیستدا. «دووانەیی تورك - ئیسلام» پرۆژەی ستراتیژیەتی دوورخستنەوەی گەنجانی تورکیایە لە مەیلی چەپگەرایی.

«دووانەیی تورك - ئیسلام» راستییەکی ئەمری واقیع بوو کاتێك تورکەکان هەزار ساڵ پێشتر تەبەنی ئیسلامیان کردبوو. هەرچۆنێك بێت لەگەڵ پرۆژە سیاسییەکەدا، ئەم پێکهاتەیە گۆڕا، لەبەر ئەوەی سەنگێکی زیاتری ئیسلامی (سوننە)ی بۆ زیاد کرا، کە کردیە دووانەی تورك - ئیسلام. لەو کاتەوە هەرگیز پەیوەندی سیاسەتی تورکیا وەك خۆی نەمایەوە.

گریمانەی بنەڕەتی ئەوەی پێی دەوترێت «دووانە» بریتی بوو لەوەی خەڵکی تەقوادار، بەتایبەتی سوننەکان ملکەچی دەوڵەت بوون. ئەگەر ئایین پتر جەخت لەسەر رازیبوونی ملکەچانەی بکاتەوە، ئەوا دەبێتە زەمانەتی ئاشتی و ئارامی گشتی.

هەنگاو بە هەنگاو بنەما ئیسلامییەکان و شێوە ژیانی خزێنرانە بواری گشتییەوە. بەم شێوەیە کادرە حوکمڕانەکان وایان بیر کردەوە کە هێشتنەوەی دەوڵەت بە عەلمانی و بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە دەبێتەهۆی درێژکردنەوەی تەمەنی حوکمڕانییان. بەڵام هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو لەبارەی ئەوەی کە ئەم دەستپێشخەرییە، ئەگەر بە شێوەیەکی رەسمی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا پەرە بە زەمینەیەکی سیاسی بەدیل دەدات و بەرفراوانی دەکات لەگەڵ دەستپێشخەرییەکی مەدەنی گەشەکردوودا. لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا خراپترین سیناریۆیان گەیاندە ترۆپك بە سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا و ١٢ ساڵی حوکمڕانی بەردەوامی ئاك پارتی (پارتی دادو گەشەپێدان).

بە سیاسیکردنی ئیسلام بۆ پتەوکردنی دەوڵەتە عەلمانییەکە دژیەکی بووە و بووە هۆی ئەوەی نوخبەی حوکمڕانی عەلمانی چیتر حوکمڕانی تورکیا نەکات. لە هەمان کاتدا پرۆژەیەکی هاوشێوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە کاتێك دستروێشتوویی سۆڤیەت لە ئەفغانستانەوە بۆ کەنداوی فارسی درێژ دەبۆوە. ئەوەی پێی دەوترێت «ئیسلامی میانڕەو» لەلایەن رۆژئاواوە پشتیوانی لێکرا لە دژی سیاسەتە نەتەوەیی سەربەخۆکان نەك لە دژی کۆمۆنیزم.

هەروەها دروستکردنی ستراتیژی «پشتێنەیەکی سەوز» بۆ ئیحتیواکردنی پرۆژەیەکی سیاسی بوو کە ئایینی (ئیسلام)ی بەکار دەهێنا بۆ ئامانجە سیاسییە/ ستراتیژییەکان. وەك دێوەزمەکەی فرانکشتاین ئەوەی جێما نە ئایین بوو، نە سیاسەت، بەڵکو ئاوێتەکردنێکی مەترسیداری هەردووکیان بوو: شەڕی پیرۆز، کە رقی لە دروستکەرەکەی دەبێتەوە.

موسڵمانان لە سەرجەم گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا نارازین، لە وڵاتەکانی خۆیان پەراوێز دەخرێن و ئیستیغلال دەکرێن، رایەڵی ئایینی خۆیان بەکارهێنا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە نارازییەکان. ئەوان هەم دژی مێژووی خۆیانن، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە شێواو و لەکەدار کراوە لەلایەن کۆلۆنیالیزم (لەلایەن رۆژئاواوە) و هەروەها دژی حوکمڕانەکانیان، ئەو حوکمڕانانەی دووریان خستنەوە لە بەها و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر(د.خ).

ئەوان دەیانەوێت مێژوو یان هەر شتێکی پەیوەست بە مێژووەوە پێچەوانە بکەنەوە. راستە ئەمە سیاسەتە، بەڵام بەرگی پیرۆزی بە بەردا کرا لەلایەن ئایینەوە، کە چیتر ئەوە باوەڕ نییە، بەڵکو هێزێکی سیاسییە. کە دروستکەرانی و ئێستاش پیادەکەرانی هیچ رێزێکیان بۆ ئایین نییە.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**ناسنامەکان گرنگییەکی زۆر بەدەست دەهێنن کاتێك رووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجودی دەبنەوە و بەرگری لێ کردنیان دەبێتە پرسی مەرگ و ژیان، لەم کاتەدایە کە ناسنامەی گرووپەکە داوای ئەوپەڕی قوربانیدان دەکات لە ئەندامەکانی**

**سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بەندە بە کارابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دەستەبەرکردنی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و ستانداردی بەرزی گوزەران و کۆدەنگی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە نەتەوەکان**

**دروستکردنی ستراتیژی «پشتێنەیەکی سەوز» بۆ ئیحتیواکردنی پرۆژەیەکی سیاسی بوو کە ئایینی (ئیسلام)ی بەکار دەهێنا بۆ ئامانجە سیاسییە/ ستراتیژییەکان. وەک دێوەزمەکەی فرانکشتاین ئەوەی جێما نە ئایین بوو، نە سیاسەت، بەڵکو ئاوێتەکردنێکی مەترسیداری هەردووکیان بوو: شەڕی پیرۆز، کە رقی لە دروستکەرەکەی دەبێتەوە**

**پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهامس** پسپۆر لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# چیتر ناتواندرێت لە بەغداوە حوکمڕانی عێراق بکرێت و ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی نامێنێتەوە

**پرۆفیسۆر ماکس ئەبراهامس توێژەری باڵایە لە سەنتەری ئاسایش و هاریکاری نێودەوڵەتی لە زانکۆی ستانفۆرد و تایبەتمەندە لەسەر تیرۆریزم و ستراتیژیەتی دژە تیرۆریزم و توندوتیژی سیاسی، بۆ قسەکردن سەبارەت بە چۆنیەتی تێکشکانی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و چەند تەوەرێکی دیکەی هەنوکەیی ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجام داوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** داعش دۆخێکی زۆر جیاوازی دروست کردووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەش بۆ جیهان سەلمێنراوە کە جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە هێزێکی دیکە نییە بەرەنگاری تیرۆریستانی داعش ببێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك کوردەکان وەك نەتەوەیەك سەلماندوویانە کە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمن؟**

- پێموایە کوردەکان سوودمەندن لەو هەموو پشێوییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا خوازیاری هاوپەیمانێتی و شەریکی باوەڕپێکراوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی چەندین هێزی تایەفەگەری و رادیکاڵی هەن. بۆیە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد بە ئیستیسنا دەزانێت و وەك شەریکێکی راستەقینە و متمانەپێکراو لە دژی هێزە رادیکاڵەکان سەیریان دەکات، راستە کوردەکان لە ئێران و سووریا و عێراق و ئێرانن، بەڵام پێموایە ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی وای لێ دەڕوانێت کە ئەگەری ئەوەی لێ بکرێت زیاتر یارمەتیدەری کورد بێت، بڕوانن لەوەی لە کۆبانێ روویدا، ئەمریکییەکان لە تویتەردا زۆر چالاك بوون و داوایان دەکرد هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەسەر کوردەکاندا زاڵ نەبن و بە پێویستیان دەزانی ئەمریکا لە رووی ئاسمانییەوە هاوکارییان بکات، ئەمریکییەکانیش زۆر ناڕاحەت بوون لە هەڵوێستی تورکیا کە لە سەرەتادا رێگەی لە هاتنی پێشمەرگە گرت لەوەی بێن و هاوکاری یەپەگە بکەن، پێموایە کوردەکان سوودمەند دەبن لەبەر ئەوەی ئەمریکا متمانەیان پێدەکات، ئەمریکییەکانیش پێیانوایە کوردەکان لە ریزی ئەواندان لەم شەڕەدا لە دژی ئیسلامی رادیکاڵی داعش.

*** کورد وێڕای ئەوەی لە بەرەکانی شەڕی داعش ئازا و لێهاتوو بوون، لەناو کوردستانیش لێبوردەیی و پێکەوەژیانیان چەسپاندووە، ئەم لایەنەی کوردستان چۆن سەیر دەکەیت؟**

- کوردەکان زۆر میانڕەوترن لەو کەسانەی لە دەوروبەریاندان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ سەربەخۆ بوونی کورد کە نەك تەنها لە رووی دەرەوە توندوتیژ نابن، بەڵکو لە ناوخۆشدا وڵاتەکەیان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەڕێوەدەبەن.

*** ئێستا خەریکە هاوکێشەکە لەسەر ئاستی ئیقلیمی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەتایبەتی نزیکبوونەوەی ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە، ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییە لە سەر ناوچە کاریگەری دەبێت؟**

- حاڵی حازر ئەمریکا وا پیشانی دەدات کە واشنتۆن کار لەگەڵ تاراندا ناکات، بەڵام ئەوە راست نییە، هەروەك دەزانن لە عێراقدا میلیشیا شیعەکان کە لە بنەڕەتدا لەلایەن ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، هەندێ کاری گرنگ دەکەن لە راگرتنی پێشڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لەوەی بەرەو بەغدا بڕۆن. هەروەها ئەمریکا هەست دەکات کە مەیلی بۆ ئەسەد نییە، بەڵام واشنتۆن و دیمەشقیش لە شەڕدا نین. لێبوردە بوونی واشنتۆن لە ئاست ئەسەد لە هەندێ رووەوە سازشە بۆ تاران. لەبەر ئەوە پێدەچێت جۆرێك لە هاوکاری هەبێت لە نێوان واشنتۆن و سەرکردەی شیعە و عەلەوییەکاندا. هەرچۆنێك بێت ئەو تێڕوانینە لە ئەمریکا بەرەو گۆڕانکاری دەچێت. پێموایە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە سووریا دەگۆڕێت، کە لە سەرەتادا بریتی بوو لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی و هێشتنەوەی ئەسەد. بەڵام هەستێکی روو لە زیادبوون هەیە لە واشنتۆن کە ناکرێت بە بێ لابردنی ئەسەد پشتیوانی خەڵکی سووریا بکرێت، لەبەر ئەوە زیاتر و زیاتر ئەمریکا هەوڵ دەدات پشتیوانی خەڵکی سووریا بەدەست بهێنێت بەوەی فشار بکات بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە کە ئەسەد لە دەسەڵات دوور بخاتەوە، ئەمەش ئاکامی بۆ سەر شیعە

**ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد بە ئیستیسنا دەزانێت و وەک شەریکێکی راستەقینە و متمانەپێکراو لە دژی هێزە رادیکاڵەکان سەیریان دەکات**



و ســـوننەکان لێدەکەوێتەوە. ئێران خۆشحاڵ نابێت بەم کارە و من نازانم کاردانەوی رووسیاش چی دەبێت، لەبەر ئەوە ئەمە مەسەلەیەکی جێی بایەخ دەبێت.

*** ئەمریکا زۆر ئومێـــدی بە حکومەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبادی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئایا تاچەند عەبادی لە جێگەی ئەو ئومێدەی ئەمریکا دەبێت؟**

- پێموایە هەمیشـــە پێشـــبینیەکی زۆر هەیە لەبارەی ئەو حکومەتە نوێیەی عێراقەوە، هەروەك دەزانن عێراق حکومەتێکی باشی نەبووە. ئێمە دەزانین ئەم سیاسییانەی عێراق هەموویان گەندەڵن و بنکەی پشـــتیوانییان نییە لە تـــەواوی عێراقدا، بەڵکو لەسەر بنەمای دابەشـــبوونی تایەفەگەری پشتیوانی بەدەست دەهێنن. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە بۆ من کە ئەم کەسە نوێیەش ئەو چاکسازییە فرەییە جێبەجێ نەکات کە واشـــنتۆن ویستی، من دڵنیا نیم کە ئەو سیاسەتە لە عێراقدا لە ئارادا بێت کە پشتیوانی تەواوی وڵاتەکە بەدەست بهێنێت، پێموایـــە ئەو وڵاتە ئەوەندە لـــە رووی ناوخۆییەوە دابەش بووە کە سەرکردەیەکی بەغدا ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەردا بشکێت، لەبەر ئەوە من دەقاودەق لەگەڵ دابەشکردنی عێراقدام، پێموا نییە حوکمڕانی ئەو وڵاتە لە بەغداوە ســـەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی وڵاتەکە لە رووی ناوخۆییەوە زۆر دابەش بووە.

*** لە شـــەڕەکانی ئەم دواییە لە بەنداوی موسڵ و زوممار دەرکەوت کە پێشـــمەرگە پێویستی بە چەکی قورس هەیە بۆ تێکشـــکاندنی داعش، ئایا تا چەند گرنگە چەکی قورس و نوێ بە پێشمەرگە بدرێت، بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتو بن ؟**

- ئەمریکا بەرژەوەندی لەوەدا نییە کە هێزی زەمینی بڵاو بکاتەوە، چونکە ئێمە قوربانییەکی زۆرماندا لە ســـەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشدا لە میانەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون لە عێراق و ئەفغانســـتان، لەبەر ئەوە بەدیلی هێزی زەمینی ئەمریکا ئەوەیە پشتیوانی لە هاوپەیمانە مەحەلییەکان بکرێت کە شەڕی راستەقینەکە بکرێت لە رێی هاوکاریکردنیان لەلایەن ئەمریکاوە لە رێی هێزی ئاســـمانییەوە، کوردەکانیش رۆڵێکیان هەیە کە قابیلی دەستبەرداربوون نییە، لەبەر ئەوەی هێزێکی زەمینی زۆر باشـــن بۆ ئـــەوەی ئەمریکا مامەڵەیان لەگەڵدا بـــکات. من زۆر بێزارم بـــووم بەتایبەتی لەوەی لە کۆبانـــێ روویدا کە کوردەکان زۆر بوێر بـــوون، بەڵام هەمان چەکی دەوڵەتی ئیســـلامییان نەبوو، لەبـــەر ئەوە من داوای کەلوپەلی سەربازی خێراتر و بەرچاوترم کرد بۆ شەڕکەرەکان، هەمان شـــت بۆ پێشمەرگە راستە، پێموایە ئەمریکا متمانەی بە کوردەکان هەیە، بەڵام بە تەواوەتی بواریان نادات ئەوەندەی دەکرێت ســـەرکەوتوو بن، لەبەر ئـــەوە من لەگەڵ ئەوەدام هەم لە ســـووریا و هەم لە عێراق پشتیوانی سەربازی بۆ کوردەکان زیاتر بکرێت.


*** دوا وتەت چییە؟**

ئەمریکا دەقاودەق دڵنیا نییە لەبارەی ئەوەی چی دەکات لە ئاســـت دەوڵەتی ئیسلامی داعش، بۆ نموونە: ئێمە دڵنیا نین لەوەی دەمانەوێت ئەســـەد لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە، یاخود لە دەســـەڵاتدا بمێنێتەوە. ئێمە نازانین چۆن حکومەتی نوێی عێراق توندوتیژی تایەفەگەری چارەسەر دەکات، یان کەمی دەکاتەوە. بەڵام یەکێك لەو شتانەی کە بەڕاستی ئەمریکا پشتی پێدەبەســـتێت، بریتییە لە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کوردەکاندا لە شەڕەکەیدا لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، بە چەشنی ئەوەی ئەمریکا هەندێ کێشـــەی بچووکی هەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەك دۆستێك متمانەمان پێی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمریکا هەمان تێڕوانینی لە ئاست کورد و لە شەڕەکەیدا لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هەیە.

**کوردەکان زۆر میانڕەوترن لەو کەسانەی لە دەوروبەریاندان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ سەربەخۆبوونی کورد کە نەک تەنها لە رووی دەرەوە توندوتیژ نابن، بەڵکو لە ناوخۆشدا وڵاتەکەیان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەڕێوەدەبەن**



# کۆتایی هابرماس و ئێرشمان



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

مەودایەکی گەورە دوو جۆر لە تێگەشتن، دوو جۆر لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر رووبەری گشتی و رووبەری تایبەتی لەیەك جیادەکاتەوە. تێگەشتنی ئێمە لە ئێستاو ئێرەدا، لەسەر ئەم ئیشکالیەتە گەورەیە، هەمان ئەو تێگەشتنە نییە کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر هەمانبوو. ئێمە دەتوانین لێرەدا بەخێرایی بگەڕێینەوە سەر ئەلبێرت ئێرشمان و کتێبە بەناوبانگەکەی «Shifting Involvements. Private Interest and Public Action» وەك نموونە وەربگرین. لەم کتێبەدا، ئەلبێرت ئێرشمان دێت و رووبەری گشتی وەك چوارچێوەی کردەیەك پێناسەدەکات کە ئامانجە سەرەکییەکەی بریتییە لە بەختەوەریی گشتی، بریتییە لە پابەندبوونی هاووڵاتی بە پرسە گشتییەکانەوە. هەروەها رووبەری تایبەتی وەك چوارچێوەی ژیانی تایبەت و گەڕان بەدوای بەختەوەری «خود»دا پێناسە دەکات. جیاکردنەوەی ئەم دوو رووبەرە بەپێی ئەلبێرت ئێرشمان، چەند مۆرێکی هەیە. یەکێك لەوانە بریتییە لە: بیناکردنی لەنێو زەمەنێکی دیاریکراودا. واتە جیاکردنەوەی رووبەری گشتی لە رووبەری تایبەتی، بەپێی ئەلبێرت ئێرشمان، دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی گەشەکردنی شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا. لەسەرەتادا ئەم جیاکردنەوەیە تەنها پرسی بەشێکی کەم لە کۆمەڵگە بوو. بێگومان مەبەست لەو بەشەیە کە لە ئاستێکی بەرزی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوون. مۆرکێکی دیکەی ئەم جیاکردنەوەیە بریتییە لەوەی کە لەنێو کۆمەڵگەیەکدا لەدایك دەبێت کە خاوەنی دەوڵەتی-نەتەوەیە.

لەم کتێبە جوانەدا، ئەلبێرت ئێرشمان پێماندەڵێت: لە مێژووی کۆمەڵایەتی/ سیاسی دەوڵەتی-نەتەوەدا، ئێمە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە بەپێی گۆڕینی دۆخەکان، هەژموونی هەر یەکێك لەم دوو رووبەرە بەسەر ئەوی دیکەیاندا دەگۆڕێت. واتە وەك چۆن دەکرێت کە لە قۆناغێکدا رووبەری گشتیی هەژموون بەسەر رووبەری تایبەتدا بکات، ئاواش دەکرێت لە قۆناغێکی دیکەدا رووبەری تایبەت هەژموون بەسەر رووبەری گشتیدا بکات.

بێگومان پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کشانی دیموکراسی لە رۆژئاوا و سەرهەڵدانی جیاکردنەوەی رووبەری گشتی لە رووبەری تایبەتیدا هەیە. گەر دیموکراسی بریتی بێت لە دەسەڵاتی گەل، واتە دەسەڵاتی کۆلێکتیڤ، گشت، هەمووان، لە دۆخێکی ئاوادا، هاووڵاتییان پێویستییان بە رووبەرێکی تایبەت هەیە، کە بەتەنها خودی خۆیان فەرمانڕەوایی تیادا بکەن و کەس مافی ئەوەی نەبێت کە بنەما و کۆد و نۆرمەکانی دەستنیشان بکات.

ئەم گۆڕانە گەورەیەی کە بەسەر مێژووی کۆمەڵگەی ئێمەدا هاتووە، باشتر لە کتێبە جوانەکەی (یورگن هابرماس) دا دەردەکەوێت «The Structural Transformation of the Public Sphere : An Inquiry into a Category of Bourgeois Society». لەم توێژینەوەیەدا، کە گەڕانێکی وردە بەنێو کۆڵانەکانی فەلسەفەی سیاسی و مێژوودا، رووبەری گشتی بە کۆمەڵێك مەرجی گرنگەوە دەخرێتە چوارچێوەیەکی «کۆنسێپتیول-مەفهومییەوە». هابرماس، رێك وەك نانسی فرازەر کە لەکتێبی «Transnationaling the Public Sphere» دەگەڕێتەوە سەر ئەم چەمکە، زنجیرەیەك مەرج بۆ دروستبونی رووبەری گشتی دادەنێت، لەوانە:

ئامادەیی دەوڵەتێکی مۆدێرن

ئامادەیی توێژێکی سیاسی دیموکراتخواز

ئامادەیی ئابوورییەکی گەشەکردوی نیشتمانی

ئامادەیی میدیای مۆدێرنی کارکردوو لە ئاستی نیشتماندا، میدیایەك کە بتوانێت هەلومەرجی گفتوگۆی گشتی ئامادە بکات

ئامادەیی کەلتوورێکی بەرز، بەتایبەتی ئەدەبی کە هەستی ئینتیمای کۆلێکتیڤ لای کەسی تاك دروست دەکات.

سی ساڵ پاش ئەم تێزانە لەسەر رووبەری گشتی و تایبەت، گۆڕانکارییە مەزنەکانی جیهانی ئێستا و ئێرە، گومانی گەورە لەسەر ئێرشمان و هابرماس دروست دەکەن. تەنانەت ئەو کاتەش کە هابرماس، تێزەکانی لەسەر ئەم ئیشکالیەتە بەرهەم دەهێنا، بەشێکی زۆر لە سۆسیۆلۆگەکان رەخنەی ئەوەیان لێدەگرت کە ئەو پێیوایە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك وەك یەك وان و لە هەمان ئاستدا دەتوانن لە شتەکان تێبگەن و گفتوگۆیان لەسەر بکەن، لەکاتێکدا واقیعی کۆمەڵایەتی زۆر لەوە ئاڵۆزترە، چونکە بەشێکی زۆر گرنگ لە کۆمەڵگە دوردەخاتەوە و بە پەراوێزەکانی دەسپێرێت. ئەوانەی کە لەم پەراوێزانەدا دەژین، هەمان شانسی ئەوانەیان نییە کە لە سەنتەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەکدا دەژین و دەستیان بە هەموو سەرمایە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان دەگات. ئەم سۆسیۆلۆگە رەخنەگرانە، پێیانوابوو کە هابرماس دوو شتی تێکەڵاو کردووە (ئایدیال لەگەڵ واقیع)دا. واتە ئەوەی ئەو باسیدەکات خەونێکی جوانە، بەڵام لەواقیعدا جێگەی نابێتەوە. بەڵام ئەوەی کە گرفتی گەورەتر لە ئێستا و ئێرەدا بۆ ئەم تێزە هابرماسییانە دروستدەکات، هەلومەرجێکی «گلۆباڵە» کە چیدی رێگەنادات مرۆڤەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی-نەتەوەدا دەرگاکان لەسەر خۆیان دابخەن و لەنێوان خۆیاندا ژیانی گشتییان بەڕێبکەن. سەردەمی «گلۆباڵ» و ئەو مرۆڤانەی کە لەم سەردەمەدا دروستبوون و چۆنیەتی کشانیان بەسەر جەستەی سەرزەمیندا، گورزی سەخت لە تێزەکانی هابرماس و ئێرشمان دەدەن و گومانی گەورەیان لەسەر دروستدەکەن.

لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، مارتین ئەلبرۆ، لە رێگەی گوزارشتی «زەمەنی گلۆباڵ»ەوە، بەتایبەتی لە کتێبە بایەخدارەکەیدا بەناوی «Global Age Essays on Social and Cultural Change»، دەرگای لەسەر لێکدانەوە و وێناکردنی نوێی پەیوەندییەکانی نێوان رووبەری گشتی و رووبەری تایبەتی کردەوە. ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لە بری خوێندنەوەی هاوکێشەکانی هێز و پەیوەندییەکانی دەوڵەت - نەتەوە و ستراتیژییە تەسکەکانی دەرگا لەسەر خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە کە جیهانی گلۆباڵیزەکراوە وەك خۆی و وەك ئەوەی کە هەیە، دەبینێت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، لەبری قسەکردن لە دەوڵەتی -نەتەوە، ئێمە قسە لەسەر ئەو شتە بکەین کە من ناومناوە «فیکری گلۆباڵ»؟

لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە چەندین گوزارشتی نوێ دێنە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە و سەرلەنوێ لە رێگەیانەوە دەستنیشانی پێگەی تاکەکان لە نێو رووبەرە گشتییەکاندا دەکەینەوە. بۆ نموونە، چەند نووسەری گەورە باس لە رووبەری گشتی نێونەتەوەیی دەکەن، چەند نووسەری دیکە باس لە رووبەری گشتی گلۆباڵ دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی، چیدی باسکردن لە رووبەری گشتی، لە چوارچێوەی دەوڵەتی-نەتەوەدا، نەك هەر گونجاو نییە، بەڵکو لەگەڵ واقیعی کۆنکرێتیشدا ناگونجێت، چونکە هیچ مانایەکی کۆنکرێتی بەدەستەوە نادات، هەروەها ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە چیدی تاکەکانی بریتی نین لە هاووڵاتی دەوڵەتێکی-نەتەوە، چیدی بریتی نین لە کۆمەڵێك بەرخۆری ئابوورییەکی نیشتمانی، بەپێچەوانەوە ئەوان ئیتر هەڵگری خەیاڵدانێکی جیهانین، با ژیانیشیان لە گوندێکی دوورەدەستدا بێت. کەمن ئەو وڵاتانەی کە نەبوون بە ژێر لافاوی کۆچبەرانەوە، نوقمی دەریای فرەیی کەلتوورەکان نەبوون! کەمن ئەو وڵاتانەی کە لێوانلێو نین لە جیهان بە هەموو ماناکانییەوە! مەگەر ئەوەی لە ئێستا و ئێرەدا لە کۆبانێ روودەدات، راستەوخۆ بەر یادەوەری تاکێکی پاریسی، یان لەندەنی ناکەوێت؟ یاخود ئەوەی کە لە پاریس و لەندەن روودەدات، نابێت بە بابەتی قسەکردنی گوندنشینێکی کوردستان؟

لەم رووبەرە گشتییە گلۆباڵەدا، رۆژ لە دوای رۆژ، رێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەسەڵاتیان گەورەو بەهێزتر دەبێت، بە رادەیەك کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئیتر دادگای نێونەتەوەیی، پۆلیسی نێونەتەوەیی، بانکی نێونەتەوەیی، پەرلەمانی نێونەتەوەیی و...، ژیانی مرۆڤەکانی سەر زەوی رێکدەخەن و بەڕێوەی دەبەن. بێگومان ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێمە ئیتر پشت لە هەموو شتە لۆکاڵییەکانمان دەکەین. نەخێر، ئاسۆی ئێمە دەکرێت گلۆباڵ بێت، بەبێ ئەوەی بوونمان لە نێو پانتاییەکی لۆکاڵدا بسڕێتەوە.


**ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تاکەکانی چیدی بریتی نین لە هاووڵاتی دەوڵەتێکی-نەتەوە، چیدی بریتی نین لە کۆمەڵێک بەرخۆری ئابوورییەکی نیشتمانی**

**ئاسۆی ئێمە دەکرێت گلۆباڵ بێت، بەبێ ئەوەی بوونمان لە نێو پانتاییەکی لۆکاڵدا بسڕێتەوە**

---

*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

# ڕۆشنبیر و به دواداچوون بۆ کاڵفامی



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕۆلان بارت لەســەر تواناکانی نووسینەوە جەخت دەکاتەوە، پێیوایە نووسینەوە لە ناو هەگبەی نووسیندا لەسەر پابەندێتی سیاسییانەی دانەر ناوەستێت، وەك چۆن پێشتر جان پۆل سارتەر لــە بڕوایەکی وەهادا بووە، بەڵکو تواناکانی نووســەرایەتی لەوەدایە، ئایا ئــەو دانەرە چەندە دەتوانێت تانوپۆیەك بخاتە ناو زمانەوە، لە ڕوانینی (ڕۆلان بارت)دا نووســـینەوە تەنیا ڕووبەڕووی زمان دەبێتەوە، تەنانەت لە کۆتاییشدا گەر بڵێین ئەوەی پێوەندی بە نووســـینەوە هەبێت، تەنیاو تەنیا بریتییە لــە واقیع بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، واقیعی سیاســییانە و کۆمەڵایەتییانــەو واقیعی ئابوورییانــەش، لە بەرئەنجامدا ئەمە بۆ خۆی جگە لە واقیعێکی دال هیچیتر نییە، دواتر نووسین خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك دەلالات و ئیماژە و هێمادا دەدۆزێتــەوە، مادام خودی واقیع وەك زمان و وەك ئیماژەی دال، خۆی دەنوێنێت..

هەرکاتێــك ئــەو ئیماژانە بکەونــە بەر فرەشــێوازگەلی هاوچەشــنایەتی و وابەســتەبوونەوە، ئەو کاتە ئیتر ئەرکی نووســـینەوە لە بنەڕەتدا بریتی دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو شــێوازانە، شتێکیش بۆ ڕۆشــنبیر نامێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت خــۆی بخزێنێتە ناو تۆڕەکانی بەرخودان، ئــەو تۆڕانەی کە هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە پرســیارو ڕووداوەکان هەڵهێنجێنــن و تاووتوێیان بکەنەوە، بە تایبەتی ئەو تۆڕانــەی کــە درز دەخەنە ئەو واقیعــەی کە بەرەو دەقبەستوویی و بەرجەستەبوونەوەی کاڵفامێتی دەچێت..

دۆزەکە هەمووی دەخرێتە سەرشــانی واتاکانی کاڵفامێتی، تەنانەت لە سەدەی نۆزدەیەمیندا ئەورووپا کەسێکی جیاوازی نەبوو لەسەر ئەوەی گومان لە هەبوونی کاڵفامێتی بکات، بەڵام

بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی پێی دەناسرایەوە تێیدەگەیشتین، ئەگەر واژەی دەستەجەمعیمان بۆ کاڵفامێتی بەکاربهێنایە، واتایەکی موجەڕەدی وەك گەمژەیـــی دەگەیاند، بەڵام بە واژەی تاك، واتاکەی بۆ وارِســـکی ئاژەڵایەتی و نەبوونی دانایی دەگەڕایەوە، بەرئەنجامیش بە واتای پەرچەکرداری وارِسکیی دەهاتەوە، لەم بۆچوونەوە ئیتر وشەکە ئاماژەدەربوو بـــۆ جۆرێك لە گێلایەتی، یان ئاماژەدەری نەبوونی جۆرێك لـــە ئەبیســـتم و زانیاری بوو، ئـــەوەش غیابێك بوو وا لێی دەڕوانـــدرا، وەك ئەوەی لە رێی پەروەردەو پێکهاتنەوە درکی پێ بکرێت..

لە ناونیشـــانی کتێبـــە سرووشبەخشـــەکەی فلۆبیرەوە کە بە نـــاوی فەرهەنگـــی فیکـــرە ئامادەکراوەکانـــەوە، لەو کتێبەدا دانەر بە ئەنقەســـت هەوڵی داوە هەموو دەستەواژە ئامادەکراوەکانی دەوروبـــەری خۆی کۆبکاتەوە کە خەڵکی لە زاریـــان دەکەوتنەخوارەوە، بە تایبەت ئەوانەیان کە خۆیان پێی دەنازان، بەوەی ئاگاداری هەموو کاروبارەکانی دنیایین، میلان کۆندێرا هەوڵی دا کاڵفامێتی دەستنیشان بکات، بەو واتا تازەیەی خۆی و لەو بارەیەوە نووسی ((بە واتای نەزانین نایەتـــەوە، بەڵکو بە واتای ئـــەو بێفکریەی کە لە ناواخنی بیرۆکە ئامادەکراوەکاندایە دێتەوە))

هیـــچ تیۆری ئیدیۆلـــۆژی لێرەدا بە هانامانـــەوە نایەت، بـــە تایبەتی ئەوەی وەك ئەرکێك دەخرێتە پاڵ رۆشـــنبیرکە بریتییـــە لە رەخنەی ئیدیۆلۆژیی، ئەو راپەڕینانەشـــی کە لەم ســـاڵانەی دواییدا لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی عەرەبی بەرپا کراون، ئەوەی ســـەلماندووە کـــە ئەم ئەرکە چەندە بێ بەهاو بێ ســـوودە، کاتێك دەوترێت بۆچی رۆشنبیران دوورن لـــە راپەڕینەکانەوەو بۆچی بەشـــداریی ئەکتیڤانەیان تێیدا نەبـــووە، هاوکات نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە راپەڕینەکان بوون کە رۆشـــنبیرانیان لە خۆیانەوە گەوزاندوەو نەیانهێشـــتووە بێلایـــەن بن، لە کاتێکدا وێنـــەی راپەڕینەکان لای ئەوانی تر گۆڕدراون، وێنەی خۆیان شـــێواندووە، ســـەرەئەنجام ئەو دروشـــمانەی لە زۆربـــەی ئەو وڵاتانـــەی راپەڕینی تێدا بەرپـــا بوو، دروشـــمەکان روویان لە دەســـەڵات یان حزبێك یان فەرمانڕەوایەتییەکان نەدەکرد، بەڵکو ئاڕاســـتەی چەند پێوەندییەکـــی کۆمەڵایەتی یان پشـــتخانێکی مۆراڵی یان شێوازێکی فیکری و بەها رۆشـــنبیرییەکان دەکرانەوە، یان ئاڕاســـتەی خودی مرۆڤ و کۆمەڵگـــە و فکر و مێژوو دەکرانەوە، چونکە کارەکە پێوەندی بە گۆڕینی رژێمەکانەوە نەبوو، هێندەی پێوەندی بە گۆڕینی زەینیەتەکانەوە هەبووە، لێرەوە رۆشـــنبیران درکیان کردووە بەو ئەرکەی کە پێویستە وەدیبهێنن، ئەرکێك کە لەوان زیاتر بە کەســـی تر جێبەجێ ناکرێت، گەرچی ئاڕاستەی رووداوەکان لە زۆربەی وڵاتانی کـــە راپەڕینیان تێدا ســـەرهەڵدەدا ئەوەیان ســـەلماندووە کە ئامانجـــی راپەڕینەکان لە زۆربـــەی کاتدا دەکەوتنە بەردەم بەرگریکردنێك لە لایەن هێزە پارێزگاریکارو تەقلیدیەکانەوە، یان دەکەوتنە ژێر باری فیکری باوەڕدارییەوە، کە بە هەرحاڵ ئەم فکرەیە پابەندکراوە بـــە میکانیزمێکی یەکگرتووی وا کە هەموو مۆزائیـــك و فرەیی بوونێك لە جیاوازی بیروڕاو هەڵوێســـتەکاندا رەت بکاتـــەوە، هەر ئەمـــە پاڵنەرێتی بۆ ئەوەی هەموو کارەکان بخزێنێتە بازنەی خۆیەوەو ناچاریشی بکات لەو بازنەیەدا کڕنۆش بۆ لۆژیکەکەی خۆی بهێنێت، کە بـــەرەو میکانیزمێکی رقەبەرایەتی پەلکێشـــی دەکات و هـــەر زوو وەردەچەرخێـــت بـــۆ تۆتالیتاریەتی فیکری، چەســـپاندنی ئەم تۆتالیتاریەتەش دەکەوێتـــە ناو چەندین بزاڤی توندوتیژەوە، بە شـــێوەیەك هەموو ئەو دروشـــمانەی لـــە راپەڕینەکاندا بەرزدەکرانەوەو ئەو پەیامانەی لە پێناویدا راپەڕیـــن رادەگەیاندرا وەلا دەخران، لە ئاکامی ئەمەشـــدا هەستێك لە لای رۆشنبیر دروست دەبوو، بەوەی باری شانی بەرپرســـیارێتیەکانی قورســـتر کراوە، هەروەها قەناعەتێکی بەهێزیشی لا دروست دەبوو کە رۆڵی رۆشنبیریی ئەمڕۆ بە تەنیا رەخنەگرتن نییە لە فکرەکان، ریسواکردنی رژێمەکانیش نییە، بەڵکو خستنە ســـەررێی ئەو تۆڕانەی بەرخودانە کە لە هەوڵدان بۆ هۆنینەوەی پرســـیار و درزخســـتنە ناو ئەو جیهانەی کە بەرەو جامبوون و بەرجەســـتەبوونی کاڵفامێتی دەچێت، بۆ راگرتنی فکری بڕواداریی، بەڵکو رۆشـــنبیری دەبێتە هاریکارییەك بۆ دژایەتی هەموو شێوازەکانی تیرۆری مادەیی و رەمزییانە..

> ■
> **لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی راپەڕینی تێدا بەرپا بووە، دروشمەکان رووەو دەسەڵات، یان حزبێک، یان فەرمانڕەوایەتییەکان نەدەکرانەوە، بەڵکو ئاڕاستەی چەند پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و پاشخانێکی مۆراڵی و شێوازێکی فیکری و بەها رۆشنبیرییەکان دەکرانەوە، یان ئاڕاستەی خودی مرۆڤ و کۆمەڵگە و فکر و مێژوو دەکرانەوە**

لەم بوارەدا رۆشنبیر درك بە بایەخی گەورەی ئەو شتانەش دەکات کە هۆیەکانـــی راگەیاندنی هاوچەرخ دەیگوازنەوە، هەروەها رۆڵی گرنگی ئەو هۆیانەی راگەیاندن کە هاندەر بوون بۆ بەرخودان و راپەڕینەکان و ســـەرهەڵدانیان، ئەمەش بایەخـــی کەمتر نییە لە خـــودی راپەڕینەکەو ئێســـتاش هەمان رۆڵ دەگێڕن بۆ بە دیموکراتیکردنی رۆشـــنبیری و بڵاوبوونەوەی زانیـــاری و مەعریفە، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوادارە بەوەی پێویســـتیبوون وا دەخوازێت کە رۆشنبیریی پابەند بێت بە حوکمەکانـــی تەکنەلۆژیای راگەیاندنەوە چ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان یان لەسەر ئاستی بە بازاڕیکردن و یان لەســـەر ئاســـتی بەکاربردن، ئەوەش روون دەبێتەوە کە زۆربەی تەقلیدەکانی پێڕەویی رۆشـــنبیری کەوتونەتە ژێر رکێفی ئەم تەکنەلۆژیا راماڵکارەوە، لەمەوە رۆشنبیر هەست بە پێویستێتی ئاوەزێکی زیندوو دەکات هەروەها بە فکرێکی رەخنەســـازانەو رۆحێکی تێکۆشـــەرانە، بە تایبەتی لە ژێر ســـایەی فراوانبوونی بەکاربردنـــی راگەیاندنێکی خێرای بەخۆڕاییکراودا.. یان لە ژێر سایەی ئەو سەرچاوەهەڵقوڵاوە زۆرانـــەی وێنەو تۆمـــارو زانیاری فرەچەشـــنەدا، لەمەوە پێویســـتیبوونی بۆ هەستێکی قووڵ لەســـەر بیرکردنەوە بۆ بەستنەوەو گرێدانەوەی کارایی رۆشنبیریی بەو تەکنەلۆژیانەوە بەدەردەکەوێت، بە شـــێوەیەك وای لێ بکات ببێتە پێوەندی بەرهەمهێنانی رۆشنبیری لە چوارچێوەی دەوڵەمەندکردنی تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیریدا، بە رادەیەك بۆ کرانەوەی بە رووی بەها گەردوونییەکاندا بەهێزتری بکات..

> ■
> **پێویستیبوون وا دەخوازێت کە رۆشنبیریی پابەند بێت بە حوکمەکانی تەکنەلۆژیای راگەیاندنەوە چ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان، یان لەسەر ئاستی بە بازاڕیکردن و یان لەسەر ئاستی بەکاربردن**

> ■
> **رۆڵی رۆشنبیریی ئەمڕۆ بە تەنیا رەخنەگرتن نییە لە فکرەکان، ریسواکردنی رژێمەکانیش نییە، بەڵکو خستنە سەررێی ئەو تۆڕانەی بەرخودانە کە لە هەوڵدان بۆ هۆنینەوەی پرسیار و درزخستنە ناو ئەو جیهانەی کە بەرەو جامبوون و بەرجەستەبوونی کاڵفامێتی دەچێت**

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**



عەمید ئەحمەد گەردی فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە کۆبانێ بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ هێزەکانی ناو کۆبانێ هەیە

## بە گەیشتنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ
## داعش مەعنەویاتی رووخا، ئومێدی سەرکەوتن زیاتر بوو

**ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەهاناوەچوونی براکانیان لە کۆبانێ وەرچەرخانێکی گەورەی لە ستراتیژیەتی نەتەوەیی کوردا دروستکرد. کورد سەدان ساڵە سنوورەکان لێکیان جیادەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە یەکدەگرنەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هێزەی ئیستا لە کۆبانێیە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ عەمید ئەحمەد گەردی فەرمانەدەی هێزی پێشمەرگە لە کۆبانی ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** لەو کاتەوەی هاتوونەتە کۆبانێ چ گۆڕانێك لە دۆخەکەدا روویداوە؟**

- لەو کاتەوەی هاتووینەتە کوبانێ، دۆخی مەیدانییانەی رووبەڕووبوونەوە بەرەو باشتر چۆتە پێشەوەو گۆڕدراوەو گۆڕانی دۆخەکەش لە بەرژەوەندی کوردو هێزەکانی پێشمەرگە و یەپەگە و شەڕڤانانیدایە، بیروباوەڕیش بەرزتر بووەتەوەو قەناعەتێکی تەواو بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی پەیدا بووە.

*** کەواتە پاش چوونتان بۆ کۆبانێ و بەشداریکردنی راستەوخۆتان لە شەڕەکاندا، ئاڕاستەی ئەو شەڕانە بەرەو کوێ چووە و داهاتووی ئەمشارە چۆن دەبینن؟**

- ئاڕاستەگۆڕینەکەی شەڕ، لە بەرژەوەندی کورددا بووە، داعش لە پاشەکشێدایە، بەڵام وەك هەمووتان دەزانن بەرەی شەڕ لێرە لە ناو شارەکەیە، شاریش وەك چیاو دۆڵ و دەشتایی نییە، کە شەڕیش کەوتۆتە ناو شارەوە، ئیتر شەڕەکە کۆڵان بە کۆڵانە و ماڵ بە ماڵە، هەر کۆڵانێك کە لە داعش خاوێن دەکرێتەوە، کاتی دەوێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تا ئێستا هێزەکانی کوردی لە بارێکی باشتردان و باشتریش دەبن.

*** ئایا تاچەند مەزندە دەکەیت هەردوولاتان پێکەوە (پێشمەرگە و شەڕڤانان) شەڕەکە یەکلایی بکەنەوە؟**

- بە قەناعەتی تەواوەوە دەڵێم هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو کۆبانێ لە بەرژەوەندی گشتی کورددا بووەو لە هەموو روویەکەوە شانسی سەرکەوتنی زیاتر بووە، چونکە وەك دیارە بە هاتنی پێشمەرگە بیروباوەڕی هێزەکان و خەڵکی ئێرە بەهێزتر بووە، لە ماوەی داهاتووشدا بۆ هەمووان روون دەبێتەوە تا چ ئاستێك سەرکەوتن بەدەست هێنراوەو تا چ ئاستێکیش پێشڤەچوونەکە ئاڕاستەی مەیدانیی شەڕەکەی گۆڕیوەو لە بەرژەوەندی کورددا دەکەوێتەوە، بیروباوەڕێکی تەواو یەکگرتووانە دروست بووە.

*** ڕێنمایی و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ ئێوە هەر لە سەرەتاوە کە رووتان لە کۆبانێ کرد، چی بووە؟**

- هاتنی ئێمە بۆ کۆبانی لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی و بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و لە ژێر چاودێری وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە، کورد لە هەموو شوێنێکی دنیا و بەتایبەتیش لەم بەشەدا بە گەیشتنی پێشمەرگە بە کۆبانێ بیروباوەڕێکی بەهێزی لادروست بوو، بە گەیشتنی ئێمە وره و مەعنەویاتی کوردان زۆر بەهێز بووە، بەڵێنیش بە گەلی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدەین کە لە ماوەیەکی نزیکدا موژدەی یەکجاری دەدەینە هەموویان، کۆبانێ لە دەستی چەتەکانی داعش دەردەهێنین.

*** یەکگرتنی کورد و یەکخستنی هێزەکانی لە بەرەیەکدا، شان بە شانی یەکتر چ واتایەك بە ئێوە دەبەخشێت؟**

- چوونی پێشمەرگە بۆ بەهاناوە چوونی خوشك و براکانیان لە کۆبانێ مەسیجێکە بۆ هەموو دوژمنانی کوردو کوردستان کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان، هەر کاتێ کورد پێویستی بەهێز هەبێت بێ سڵکردنەوە بە هانای یەکترەوە دەچن، چونکە ئێمە هیچ جیاوازییەك نابینین، چ شاری کۆبانێ بێت، یان کەرکووك، یان هەولێر، یان سلێمانی و خانەقین، بۆ ئێمە هیچ جیاوازی نییە، ئەمەش لەسەر بنەمای بیروباوەڕی کوردایەتییە، کۆبانێ ئەمڕۆ ماڵی هەموو کوردێکە لە خۆرئاواوە تا خۆرهەڵات و لە باکووریشەوە تا باشوور، رۆژانە لە هەموو لایەکەوە خەڵك دێن تا بەرگری لە کوردستانەکەیان بکەن.

*** تاچەند چوونی هێزی پێشمەرگە ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕی؟**

- پێش ئەوەی ئێمە بگەینە کۆبانێ، ئەم شارە گوشارێکی گەورەی پەلاماری چەتەکانی داعشی لەسەر بوو، بەرەو ئەوە دەچوو شارەکە بکەوێت، بەڵام بە گەیشتنی پێشمەرگە، هەم مەعنەویاتی دوژمن

**سەرۆک بارزانی شەخسی خۆی بەردەوام لەسەر هێڵی پەیوەندییە لەگەڵماندا، هەر شتێکمان پێویست بووبێت، بە زیادەوە بۆمان هاتووە**

**گەرچی رێگەکە دوورە، بەڵام کێشەمان لە رووی بەدەست گەیشتنی تەقەمەنی و چەک نییە، تەقەمەنییەکی باشمان لایەو وەزارەتی پێشمەرگە لەو رووەوە درێغی نەکردووە، بەردەوام لەسەر هێڵن لەگەڵمان**

**بەڵێنی بە گەلی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەدەین کە لە ماوەیەکی نزیکدا موژدەی یەکجاری دەدەینە هەموویان، کۆبانێ لە دەستی چەتەکانی داعش دەردەهێنین**




**هاتنی ئێمە بۆ کۆبانی لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆک بارزانی و بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و لەژێر چاودێری وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە**

ڕووخا، هەم ئومێدی شـــەڕڤانان لەو شارەدا بەسەرکەوتن زیاتر بوو، باشـــترین گەواهیدان بـــۆ گەڕانەوەی ئومێد، پێشوازی گەرمی ئەو جەماوەرە خوێنگەرمەی کورد بوو لە هێزی پێشمەرگە، کە بیروباوەڕی کوردی بەهێزتر کرد، لەو قەناعەتەدام کە هێزی پێشمەرگەشـــی بە حەماستر کردووە، من وەك ســـەرکردەیەکی مەیدانی کە ئێســـتا لە کۆبانێدام شایەتحاڵی ئەوەم کە ئێمە هاتینە ناوشارەکە تەنیا ٣٠./ی بە دەست هەڤاڵانی یەپەگەوە مابوو، بەڵام ئێستا لە ٤٥./ی زیاتریش هاتۆتەوە دەســـت هێزەکانی کوردی، چاوەڕوانین شوێنی زیاتر بخەینەوە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کـــوردی، بەو ئومێدەی چەتەکانی داعش لە ناو کۆبانێ بە تەواوی نەهێڵین.

*** خەڵکی ڕۆژئاڤاو باکووری کوردستان چۆن سەیری ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- بیروباوەڕو حەماسەتی خەڵك لە پاش گەیشتنی ئێمە لە ئاســـتێکی بەرزی وەهادا بوو بە وشە وەسف ناکرێت، لە ناو کۆڵان و ســـەرجادەکان خەڵکی زۆر دڵخۆش بوون و تا ئێســـتا چەندین لەو خێزانانەی کـــە بێئومێد ببوون و لە کۆبانـــێ دەرچووبـــوون، ئێســـتا گەڕاونەتەوە ناو کۆبانێ، باســـکردنی بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی لەسەر زاری هەموویانە و قەناعەتێکـــی پتەویان لا پەیدا بووە، بەوەی ئێستا بە چاوێکی کراوەتر و بە گەشبینییەکەوە لە فەرمانەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بڕوانن.

*** لە چەندین شـــوێنی دیکـــەش وەك فەرماندەیەکی مەیدانـــی پێشـــمەرگەی کوردســـتان لـــە چەندیـــن ڕووبەڕووبوونەوەی قارەمانانە بەشداریتان کردووە لە دژی تیرۆریســـتان، لەم بەرەیەدا چارەنووســـی تیرۆریستانی داعش بە دەســـت هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان چی بەسەر دێت؟**

- ئینشائەڵلا تەفروتوونابوونی چەتەکانی داعش لەسەر دەســـتی هێزەکانی پێشـــمەرگەو شـــەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانـــی دیکەی کوردی و گەلی کـــورد دەبینین، بە گەیشتنی پێشمەرگە و بە یەکخستنی هێزەکانی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ چەتەکانی داعش بێئومێدتر دەبن و لە پاشەکشێدان، بە یەکگرتنی میللەتی کورد مەعنەویاتی چەتەکان زۆر ڕووخاوە و بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەچن.





*** هەماهەنگی پێشمەرگە لەگەڵ شەرڤانان لە چ ئاستێکدایە؟**

- تەنسیقێکی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و شەرڤانانی یەپەگەو ئەرتەشی ئازادی سووریا دروست بووە، ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دروست کراوە، رۆژانە ئاگاداری یەکترین و بارودۆخی ئێرە هەڵدەسەنگێنین، گفتوگۆ و تەباییەکی زۆر باش لە نێوانمان هەیە. سەبارەت بە چەك و تەقەمەنی گەرچی رێگەکە دوورە، بەڵام کێشەمان لە رووی بەدەست گەیشتنی تەقەمەنی و چەك نییە، تەقەمەنییەکی باشمان لایەو وەزارەتی پێشمەرگە لەو رووەوە درێغی نەکردووە، بەردەوام لەسەر هێڵن لەگەڵمان، هەروەها جەنابی سەرۆك بارزانی شەخسی خۆی بەردەوام لەسەر هێڵی پەیوەندییە لەگەڵماندا، هەر شتێکمان پێویست بووبێت، بە زیادەوە بۆمان هاتووە، بۆیە توانیومانە زیاتر هاوکاری شەرڤانانی یەپەگە و ئەو هێزانەش بکەین کە لە ناو بەرەکانی رووبەڕووبوونەوەدان.

*** پێمان باشە لەسەر زاری ئێوە مۆراڵی پێشمەرگە بۆ خوێنەرانمان رابگەیەنن؟**

- ئەم پێشمەرگانەی لێرەن ورەیەکی بەرز و پۆڵاینیان هەیە و رۆژانە دەیانبینین کە بە روویەکی خۆش و بە حەماسەتەوە بەرگری لە کۆبانێ دەکەن، ئەمە سەربەرزییەکی بەرز و جێی شانازییە بۆمان کە لە هەرێمی کوردستانەوە هاتووین لە پێناوی هەر بستێکی خاکی کوردستان ئامادەی گیانفیدایی بین، مەعنەویاتمان زۆر بەرزەو رۆژ بە رۆژ بەرزتریش دەبێت، بۆ یەك جار و بە یەك وشەش پێشمەرگە گلەییەك، یان بێزارییەکی دەرنەبڕیوە لەوەی لە ناو ئەم شەڕەدا بەشدارن، رۆژانە سەدان تەلەفونمان لە پێشمەرگەکانی دیکەی ناو هەرێمەوە بۆ دەکرێت، تا رێیان پێ بدرێت لە رزگارکردنی کۆبانێ بەشداری بکەن، بۆیە ئەمە ئەرکێکی شەرافەتمەندە و بە پیرۆزی دەزانین. لەو ماوەیەدا هەشت پێشمەرگەمان بریندار بوون، بەڵام لە رێی تیمە پزیشکییەکانەوە کە لەگەڵ هێزەکەی پێشمەرگە نێردراونەتە ئێرە، هەر لێرەو لە کۆبانێ برینەکانیان تیمار کراون و لە ژێر چارەسەریدان.

**شەڕەکە کۆڵان بە کۆڵانە و ماڵ بە ماڵە، هەر کۆڵانێک کە لە داعش خاوێن دەکرێتەوە، کاتی دەوێت**

### پرۆفیسۆر ئان دۆگلاس تایبەتمەند لەسەر پرسی جینۆساید بۆ گوڵان:

# ئەوەی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزیدی و بە کۆیلەکردنی ئافرەتانیان کردوویانە بناخەی جینۆسایدە

**تیرۆریستانی داعش بە نییەت و بەدەستی ئەنقەست ویستیان دڕندایەتی و وەحشیگەری خۆیان پیشانی هەموو جیهان بدەن، بۆ ئەوەی وای پیشان بدەن کە هێزیکن تێکناشکێندرێن، هەر بۆیەش لە پیادەکردنی رەفتارە دڕندانەکانیان رەچاوی هیچ بنەمایەکی ئایینی و مرۆڤایەتییان نەکرد و تاوان و دڕندایەتییان گەیاندە ئاستی بێئەخلاقی لەبەرامبەر کوردانی ئێزیدی لە شنگال و کریستیانەکان لەناو موسڵ و ناوچەکانی دیکەی پارێزگای نەینەوا، لە بەرامبەر ئەم هێزە دڕندە و تاریکخوازەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هەموو جیهانی سەلماند، تیرۆریستانی داعش ئەو هێزە نین کە تیکنەشکێندرێن و نەتوانرێت پاشەکشەیان پێ بکرێت، لە هەمانکاتیشدا سەلماندیان کە دەکارن تۆڵەی هەموو تاوانەکانیان لێبکەنەوە، دیارە تۆڵەکردنەوە تەنها لە بەرەکانی شەڕدا نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی پێشمەرگە توانی هەیبەتی داعش تێکبشکێنێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانانەی تیرۆریستانی داعش دژی کوردانی ئێزیدی و کریستیانەکان ئەنجامیان داوە، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئان دۆگلاس ئوستادی  زانستی سیاسەت لە زانکۆی «النجاح الوطنی» لە قاهیرە و تایبەتمەند لەسەر پرسی جینۆساید لە عێراق، ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** چۆن لە جینۆسایدکردنی کوردە ئێزیدییەکان لەلایەن داعشەوە دەڕوانیت، کە لەســەر دەستی ئەم تیرۆریستانە ڕووبەڕووی کوشتن و بڕین و بە کۆیلەکردن بوونەوە؟**

ـ ئاشکرایە داعش لە چەندین جۆرە تاوانی نێودەوڵەتییەوە تێوەگلاوە، پێدەچێت بــە ڕاددەیەکی گەورە لە ڕوانگەی بەڵگە هەلومەرجییەکانەوە، توخمی ئەنجامدانی جینۆساید لە ئارادا بێت. ڕەنگــە ئێوەش ئەوە بزانن کە ڕێککەوتنی جینۆســاید، ڕێگەگرتــن لە جینۆســایدیش دەگرێتەوە. هەروەك — تاوانی جینۆســاید- لایەنی نییەت و لایەنی هزریــش لەخۆدەگرێت، بە دڵنیاییەوە پێدەچێت داعش ئەم حاڵەتەی بەســەردا جێبەجێ ببێت. هەروەها دەبێت ئاست و مەودای تێوەگلانەکەش لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی کە باســی سەدان هەزار قوربانی دەکەین. هەروەها دەبێت وریا بین لە پۆلێنکردنی ئەوەی کە دەچێتە چ خانەیەکی تاوانەوە، بەدڵنیاییەوە لایەنە هزرییەکە ئامادەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت بچەســپێندرێت. ئاستی دووەم بریتییە لە یەکلاکردنەوەی ئەمەو دیاریکردنی، ئەزموونی ئێمەش پێمان دەڵێت ڕێگەیــەك نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە ســایەی ئەم بارودۆخەی ئێستادا لە پێوەندی بە یاسای نێودەوڵەتیی تاوانەوە، چونکــە ڕێگەیەك نییە بۆ هێنانە پێشــەوەی ئەم کەیسە. ڕەنگە پێناســەکردنی جینۆساید هەندێ کاریگەری هەبێت، بەڵام من نازانم چۆن لەســەر ئەرزی واقیع هاوکاری ئەو کەسانە دەکات.

*** چۆن لە دەستدرێژیکردن و بەکۆیلەکردن و فرۆشتنی کچانی ئێزیدی دەڕوانن؟**

ـ لە بنەڕەتدا پرســیارەکەی ئێــوە دەربارەی ڕەفتاری داعشــە لەگەڵ ئافرەتانی گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان. خودی تاوانی جینۆساید تاوانێکی بایەلۆجییە، هەوڵدانە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی کەسانێك، ئیدی چ گرووپێکی ئایینی، یــان ئیتنی، یان نەتەوەیی بن، ئاشــکرایە کە کاریگەرییەکەی لەسەر ئافرەتانیش بەشێکە لە نییەتێکی گەورەتــر، کــە نییەتێکی ئاشــکرا هەیە بــۆ بینینی دەرئەنجامەکە، بە شــێوەیەك لە شێوەکان ئەوە هەوڵێکە بۆ شــپرزەکردن و تێکشــکاندن و یاخود لەناوبردن، ئەم جۆرە تاوانە بەشێکە لە وێنەیەکی گەورەتر.

*** ئایا ئەم ڕەفتارانــەی داعش هیچ پێوەندییەکان بە ئەفسەرەکانی ڕژێمی پێشووی سەددامەوە هەیە؟**

ـ پێموایە داعــش بەرهــەم و بەرئەنجامی ئەجێندای تایەفەگەری ســەپێندراوی بیست ساڵی ڕابردووە بەسەر عێراقدا، بەلای منەوە لە ئێســتادا داعش تەرکیز لەسەر

**داعش بەرهەم و بەرئەنجامی ئەجێندای تایەفەگەریی سەپێندراوی بیست ساڵی ڕابردووە بەسەر عێراقدا، بەلای منەوە لە ئێستادا داعش تەرکیز لەسەر سووریا دەکات، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ تێکدان و شپرزەکردنی جووڵە و بزاوتی خەڵک لەوێدا**

**چ رووده‌دات کاتێک ئەمریکا پاڵنەری ئەو تایەفەگەرییەی ناوچەکەیە، سعوودیەت هەیە کە هاوکاری دارایی بۆ ئەو گرووپانە دابین دەکات، قەتەرت هەیە کە هاوکاری دارایی بۆ ئەو گرووپانە دابین دەکات، لە نێو ئەو هاوپەیمانێتییەشدان کە دژ بەو گرووپە دامەزراوە**

**هەموو تاوانەکان لەسایەی یاسای نێودەوڵەتیدا ئەگەر تاوانی سیستماتیکی بوون و نییەتێکی دیاریکراو لە خۆبگرێت، ئەوا وەک ئەوەی ئێمە تێگەیشتبین دەکرێت بچێتە خانەی جینۆسایدەوە**

**نەتەوە یەکگرتووەکان شوێنکەوتەی خواست و مەرجەکانی هێزە گەورەکانە، ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاوکاری ئەو خەڵکانە نەکات، ئەوا ئەمە بەسەردا تێپەڕبوون نییە، بەڵکو سیاسەتە**

سووریا دەکات، وەك بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ تێکدان و شپرزەکردنی جووڵە و بزاوتی خەڵك لەوێدا، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر عێراق. من هیچ زانیارییەکم نییە لەبارەی رژێمی پێشووەوە، ئەگەرچی پێکهاتەیەکی دیاریکراو بەرهەڵستی داعشیان نەکرد لە کاتی پێشڕەوییەکەیدا، لەبەر هەندێ هۆکار، هەروەك ئەوەی لەم هاوینەدا بینیمان کە هەندێ هەوڵدرا بۆ دووبارە دروستکردنەوەی هاوسەنگیی سیاسی پێش ئەوەی مالیکی دەستبەرداری دەسەڵات بێت. بەڵام لەو کاتە بەدواوە دەقاودەق روون بۆوە کە داعش چییە و باوەڕم بەوە نییە هیچ پێوەندییەکی بە سوپای پێشووی عێراقەوە هەبێت.

*** هێشتا دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئیدانەی جینۆسایدی ئێزیدییەکانی نەکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێ ئەم کوشتارەی ئێزیدییەکان بهێندرێتە بەر ئەو دادگایە؟**

ــ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەوە بەدناوە کە دەستەوەستانە لە ئاست تاوانی گەورەدا، نموونەگەلی دیکە هەیە لە کاتی روودانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیدا، هەروەها جینۆسایدیش لە شوێنەکانی دیکەی جیهان روویداوە و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هیچ کارێکی نەکردووە لە ئاستیاندا، مەبەستەکە ئەوەیە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی گوزارشت نییە لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، بەڵام لە راستیدا دامەزراوەیەکە لە رووی سیاسییەوە سنووردارکراوە لەلایەن هێزە رۆژئاواییە سەرەکییەکانەوە، من وای نابینم هیچ شتێك بکرێت لەو رووەوە، ئەگەرچی رۆژئاوا هەڵڵایەکی زۆری دروست کردووە لەبارەی ئەوەی داعش نوێنەرایەتی دەکات. لەبارەی ئەوەی شتێك بکەن بۆ ئەوەی ئەو-کەیسە- بهێننە بەردەم ئەو دادگایە، ئەوا من لەو بارەیەوە بە گومانم، چونکە ئەمە دەبێتە پێشینەیەك، ئەگەر تۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بیت، ئەوا دەتوانیت رازی بیت بە سیستمی دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەمەش واتە باسکردن لە تایبەتمەندییەکی جیهانی، پرسیاری دواتر ئەوەیە کێ بەرپرسیارە لەوەی روو دەدات، بەلای منەوە ئەگەرچی شەڕکەران لەسەر زەمینن و ئەگەرچی هێزەکانی داعش لەسەر زەمینن، ئەوا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، کێ هاوکاری کردوون لە رووی داراییەوە؟

*** ئێستا نزیکەی ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستاندان، هەروەها بەپێی ئاماری رێکخراوەی UNHCR نزیکەی ١٦ ملیۆن ئاوارە و پەنابەری عێراقی هەن، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست یارمەتیدەر نەبووە، ئایا هۆکارەکە ئەوەیە توانای ئەم کارەی نییە، یاخود ئایدیۆلۆژیای بیرۆکراتی وای لێدەکات لە ئاستی پێویستدا نەبێت؟**

ـ ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و من هاوڕام لە گەڵتاندا، جگە لە قسەی جوان دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان توانای ئەوەی هەبێت چارەسەری ئەو ئێش و ئازارانە بکات، لە رووی سیاسییەوە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردان بکات، ئەوا لە پێناو ئەجێندایەکدایە، هەروەها ئەگەر دەستێوەردان نەکات و چاوی دابخات و دەستەوەستان بوەستێت، ئەوەش هەر گوزارشتە لە بوونی ئەجێندایەك. نەتەوە یەکگرتووەگان لە سەدەی بیست و یەکدا بەو شێوەیە نییە کە ئومێد دەکرا لە سەرووی ئەم بارودۆخانەوە بێت، نەتەوە یەکگرتووەکان شوێنکەوتەی خواست و مەرجەکانی هێزە گەورەکانە، ئەگەر نەتەوە یەگکرتووەکانیش هاوکاری ئەو خەڵکانە نەکات، ئەوا ئەمە بەسەردا تێپەڕبوون نییە، بەڵکو سیاسەتە.

*** لە پارێزگای دهۆکدا ئاوارەکان لە نزیکەی ٥٠٠ قوتابخانەدا نیشتەجێ بوون، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ٢٠٠ هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش کراون، ئەمە سەرەڕای منداڵی ئاوارەکان، واتە نە منداڵی پارێزگاکە و نە منداڵی ئاوارەکان بەهرەمەند نابن لە پرۆسەی خوێندن، ئایا ئەمە کارەساتێك بۆ نەتەوەیەك دروست ناکات؟**

ـ ئێمە ئەم دۆخەمان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا لە عێراق بینیوە، کە تێکشکاندنی پرۆسەی خوێندن بەشێك بووە لە تێکشکاندنی نەتەوەکە، لێرەدا من هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە بۆ وێنە گەورەکە، ئەگەرچی ئێستا ئێمە لە نێو قەیرانێکی بەپەلەداین. وەك ئەوەی من دەیبینم، ئەویش ئەوەیە داعش بەرهەمی ئەجێندایەکی تایەفەگەرییە لە جیهانی عەرەبی و لە عێراقیشدا، بەهۆی هۆکارە جیوپۆلەتیکی و جیۆئابوورییەکانەوە بەرپاکراو پێدەچێت ئەو ئەجێندایەش لە پەرەسەندندا بێت، لە نێو هەموو ئەوانەش بەهاری عەرەبی روویدا، کە لە بەشێکیدا دەکرێت وەك هەوڵێك لەلایەن خەڵکانی عەرەب و لە بەشە جیاوازەکانی جیهانی عەرەبدا بۆ ئەوەی ببنە خاوەن سەروەری. لە سووریاشدا کە شەڕی سەرتاسەری و شەڕی ناوخۆیی روویدا و پەرەدرا بە گرووپگەلێکی دیاریکراو و لەو دۆخەشدا داعش بەهێز بوو، ئەمەش بۆ وڵاتە عەرەبییە پرۆ ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە، وەك سعودیە و قەتەر و ئەوانی دیکە، کە داراییان بۆ ئەو گرووپە دابین کردووە و ئێستاش بۆی دابین دەکەن و بەرپرسیارن لەوەی ئەو گرووپە ئەنجامی دەدات و ئەو پشتیوانییەش بەردەوامە. پرسیارە جەوهەرییەکەش ئەوەیە ئایا کاریگەری داعش و کردەوەکانی لە مەودای دووردا چییە؟ لە سووریادا ئەوەی وەك شۆڕشی خەڵك دەستی پێکرد، ئێستا ئەگەر ئەم نەتەوەیە بە هەر فۆرمێك رزگاری بێت، ئەوا وەك موعجیزە دێتە بەرچاو. ئێستاش ئەگەر لە سیاقەکەدا بمانەوێ بزانین ئەمانە لە کوێوە سەرچاوەیان



گرتووە، لەگەڵ ئاراستەی واقیعەکە وەك ئەوەی لە ئێستادا ئێمە دەیبینین، هەروەها ئەوەی ئەجێندایان چییە، ئەوا بۆ هەموو ئەمانە عێراق مەسەلەیەکی سەرەکییە، زۆر کەس پێیانوابوو عێراق دەستی بە بەهاری خۆی کردبوو، پێش ئەوەی محەمەد -بوعەزیزی- لە تونس ئاگر لە خۆی بەربدات.

*** ئایا ناچارکردنی مەسیحی و ئێزیدییەکان بە گۆڕینی ئایینی خۆیان دەچێتە خانەی چ تاوانێکەوە، هەروەك چۆن دەکرێت قەرەبووی ئەم قوربانییانە بکرێتەوە؟**

ـ من نازانم کەس هەبوبێت هەنگاوی هەڵگرتبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانە، (لێرەدا من بۆچوونی شەخسی خۆم دەردەبڕم) پێموایە هەموو ئەو عێراقییانەی لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ئێش و ئازاریان پێگەیشتبێت دەبێت قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام نابینم ئەوە رووبدات. جۆرەها تاوان روویان داوە، بەڵام ئێوە وەك کەسێك پرسیار لە من دەکەن کە کارم لەسەر پرسی جینۆساید کردووە، ئەمە دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، جینۆسایدیش سەرەتا نییەتێك لە خۆدەگرێت و دواتر تاوانی سیستماتیکی. هەموو تاوانەکان لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەگەر تاوانی سیستماتیکی بوون و نییەتێکی دیاریکراو لە خۆبگرێت، ئەوا وەك ئەوەی ئێمە تێگەیشتبین ئەوا دەکرێت بچێتە خانەی جینۆسایدەوە. هێرش کردنەسەر گرووپێکی ئایینی، یان نەتەوە یاخود نەژادی وەك ئەوەی هەیە، بریتییە لە بناغەی تاوانی جینۆساید. پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك بەم شێوەیە پێناسەی دەکەیت، ئەوا چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ ئێمە چەندین ساڵ بە وردی شیکردنەوە بۆ بارودۆخی عێراق دەکەین و ئەوەمان خستۆتەڕوو کە روودانی جینۆساید تێیدا مومکین بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دڵنیا نین لەوەی هاوکاری تاقە قوربانییەکمان کردبێت لەو بارودۆخەدا لە عێراق. هەرچەندە پێناسەی یاسایی گرنگە، بەڵام ئەوەش گرنگە لە سروشتی ئەوە تێبگەین کە روودەدات بە شێوەیەکی راستەوخۆ، لە رووی تێگەیشتن لەوەی کێ چەکیان پێدەدات و کێ لە رووی داراییەوە پشتیوانییان دەکات. ئەوانە مەسەلەگەلێکی گرنگن، بەتایبەتی دێینە سەر ئەو دژیەکییە مەزنەی لە هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدا هەیە، یان ئەو وڵاتانەی کە دارایی بۆ ئەو رێکخراوە دابین دەکەن. کەواتە ئەمە پرسیارێکی بەرفراوانترە کە بکرێت. ئایا چ روودەدات کاتێك ئەمریکا پاڵنەری ئەو تایەفەگەرییەی ناوچەکە بێت؟ سعوودیەت هەیە کە دارایی بۆ ئەو گرووپانە دابین دەکات، قەتەرت هەیە کە دارایی بۆ ئەو گرووپانە دابین دەکات لە نێو ئەو هاوپەیمانێتیەی دژ بەو گرووپە دامەزراوە.

*** دوا وتەتان چییە؟**

ـ پێویستە بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بکەین، پێویستە ئەو بەرگرییەش سنوورە نەتەوەییەکان یاخود سنووری ئێتنی و ئایینی و نەژادی و هەر شتێکی دیکە تێپەڕێنێت، پێویستە هەمو مرۆڤەکان لەم مافانە بەهرەمەند بن بە چاپۆشین لە هەموو ئەو پۆلێنکردنانەی سەپێندراون بەسەریاندا، ئەمە زۆر گرنگە لە ناوچەکەدا و زۆر گرنگە لەوەی لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی روویداوە.

**داعش بەرهەمی ئەجێندایەکی تایەفەگەرییە لە جیهانی عەرەبی و لە عێراقیشدا بەهۆی هۆکارە جیوپۆلەتیکی و جیۆئابوورییەکانەوە بەرپاکراو پێدەچێت ئەو ئەجێندایەش لە پەرەسەندندا بێت**


UNHCR
UNHCR





### شایەتحاڵەکانی کوردی شەبەک

# ١٥٩ کوردی شەبەک لەلایەن داعشی تیرۆریستەوە بێسەروشوێن کراون

**فازڵ عەباس:**
**لەگوندی قەرەتەپەو بازۆیە ١٠ گەنجمان دوای ئەوەی کەوتنە دەستی داعشەوە بێسەرو شوێن کراون**


**حەسەن موحسین:**
**کاتێک داعشەکان نزیک گوندەکەمان بوونەوە رامانگرتن لەبەرئەوە هەرچییەکیان بەردەست کەوت بەرەو شوێنێکی نادیار بردیانن**

**ئافرەتێکی شەبەک:**
**بارودۆخمان لە کەمپەکان زۆر ناخۆشە بە ١٦ ماڵ توالێتێکمان هەیە**

**جەمال قاسم:**
**هەر ٥٦ گوندی شەبەک کەوتوونەتە دەستی داعشەوەو ماڵەکانمانیان تاڵان و خاپوور کردووە**

**کوردی شەبەك لە بن دەواری دەربەدەریدا**

دیمەنی منداڵانی کوردی شـــەبەك لە بن دەوارەکاندا بەڵگەیەکی حاشـــاهەڵنەگری ترە بەرامبـــەر ئەو تاوانە قێزەونانەی داعش کە هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان کوردی (ئێزیدی و کاکەیی و شەبەك)و کوردستانیەکانی (کریستیان و تورکمان)و هەموو پێکهاتەکانی تری دەشـــتی نەینەوا نەکردووە، تیمی گۆڤاری گوڵان ئەمجارەیان ســـەردانی کەمپی کوردی شەبەکی کرد لە(هەرشەم یەك و بەحرکە)، کە زۆرترین ئاوارەی کوردی شەبەك لە پارێزگای هەولێر روویـــان لـــەم دوو کەمپە کردووە، ئـــەوان وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٥٦ گوندیان بەجێهێشـــتووە هاوکات باســـیان لە بێسەروشـــوێنکردنی زیاتر لە ١٥٠ کەسیان دەکرد کە لە ناویاندا ئافرەتیش هەیە، ئەمە جگە لەوەی داعشـــەکان بەبیانووی بوونی پێشـــمەرگە لەناو گەنجەکانی کوردی شەبەکدا ماڵ و موڵك و مەڕومالاتیان دزیون و چەندین گەنجیشیان گوللە باران کردوون، ئەوان جگە لەوەی خۆیان قوربانی دەستی داعشەکانن زۆر دڵتەنگیشن لەبەرامبەر ئەو دەســـتدرێژییەی کرایە سەر برا کوردەکانی ئێزیدی و ژمارەیەك لە ئافرەتەکانیشـــیان رفاندوون، لەم راپۆرتەدا تاوانە وەحشیگەرییەکانی داعش بەرامبەر کوردی شەبەك لەسەر زمانی خۆیانەوە دەخەینەڕوو .



## تەرحیلکردنی ٥٦ گوندی شەبەك و تاڵانکردنی ماڵەکانیان

کوردەکانی شەبەك کە دەکەونە سنووری ناحیەکانی بەرتڵەو بەعشیقەو قەرەقۆش و تەلکێف و خاوەنی ٥٦ گوندن هەر هەمووی لەلایەن داعشەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو خەڵکە رەسەنەکەی دەربەدەرکراون و ژمارەیەکیشیان بێسەرو شوێنکراون، لەمبارەیەوە لە کەمپی هەرشەم یەك چاومان کەوت بەژمارەیەك لەئاوارەکانی کوردی شەبەك و لەنزیکەوە گوێبیستی ئەو تاوانە دڕندانەیە بووین کە دەرهەق بەم پێکهاتە رەسەنەی کورد کراوە؛ سەرەتا حەسەن موحسین کە خەڵکی گوندی خورسوباتە و خۆیی و خێزانەکەی پێش گەیشتنی چەتەکانی داعش رایانکردووەو ئێستا لەم کەمپە نیشتەجێن بە گۆڤاری گوڵانی وت: (داعشەکان لەگوندەکانی خۆرسوبات و باریمەو فازڵیەو عومەرقاپچی هەرچی ماڵی پێشمەرگەو ئەو کوردانەی لەدامودەزگا حکومیەکاندا کار دەکەن تاڵانیان کردووەو هەندێکیشیان بۆمبرێژ کردووە، تەنانەت هەر کوردێکی شەبەکیان دەست بکەوتایە کە کوڕەکانیان لەریزەکانی پێشمەرگە یا دامودەزگا حکومیەکان بووایە، راستەوخۆ پیاوەکانیان دەستبەسەر دەکردوو زۆریشیان دەکوشت، لەم تاوانەشدا عەرەبەکانی ناوچەکە چاوساغیان بوون و ماڵە پێشمەرگەکانیان بۆ داعشەکان ئاشکرا دەکرد..). زیاد ئەسعەد کە هاووڵاتیەکی گوندی شەبەك بوو تەئکیدی لەوە کردەوە کە زۆر لەخەڵکی ناو گوندە عەرەبەکان یارمەتی داعشەکانیان داوە بۆ دەرکردن و تاڵانکردنی ماڵەکانمان لەم رووەوە وتی: (عەرەبەکانی ناوچەکە رق و کینەیەکی مێژوویی زۆریان بەرامبەر کوردی شەبەك هەبوو بگرە ئەوان ناوچەکەمانیان بەخاکی عەرەب دادەنا؛ هەربۆیە یارمەتی داعشەکانیان دا و دەربەدەریان کردین و ماڵەکانمانیان تاڵان کرد، بگرە زۆر لەو ماڵانەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون دوای تاڵانکردنی خانووەکانیان تێکدا). هەر لەناو ئەو کەمپە ئافرەتێکی کوردی موسڵمانی شنگالمان بینی کە بە خۆیی و خێزانەکەی ئاوارە بوو بوون ئەو پێی راگەیاندین لە شنگال داعشەکان جیاوازییان لەنێوان کوردی ئێزیدی و شەبەك و موسڵمان نەکردووە، گەرچی ئێزیدیەکان قوربانیەکی زۆرتریان دا، بەڵام گەنج و پیاوەکانی ئێمەی کوردی موسڵمانی شنگالیشیان کوشت، ئێمەش بەهاوشێوەی کوردانی ئێزیدی دەربەدەر بووین و ئازیزانمان بێسەروشوێن کراون و کوژراون. هەر لەکەمپی هەرشەم یەك هاووڵاتیەکی کوردی شەبەك بەناوی جەمال قاسم کە خەڵکی گوندی گۆپ جەلی بوو وتی: (داعشەکان بێ جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی موسڵ و دەوروبەری پەلاماری هەموو پێکهاتەیەکیان دەدا کە لەگەڵ خۆیاندا نەبن، لەکاتی هەڵهاتنەکەدا چەندین کوردی شەبەك هەبوو دوای ئەوەی کەوتە دەستی داعشەکان درانە بەر گوللەو شەهید کران، تەنانەت زۆر لەخەڵکی ئێمە بێسەروشوێنن).

**داعشەکان لەگوندەکانی خۆرسوبات و باریمەو فازڵیەو عومەرقاپچی هەرچی ماڵی پێشمەرگەو ئەو کوردانەی لەدامودەزگا حکومیەکاندا کار دەکەن تاڵانیان کردووەو هەندێکیشیان بۆمبرێژ کردووە**

**عەرەبەکانی ناوچەکە رق و کینەیەکی مێژوویی زۆریان بەرامبەر کوردی شەبەک هەبوو بگرە ئەوان ناوچەکەمانیان بەخاکی عەرەب دادەنا؛ هەربۆیە یارمەتی داعشەکانیان دا و دەربەدەریان کردین و ماڵەکانمانیان تاڵان کرد، بگرە زۆر لەو ماڵانەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون دوای تاڵانکردنی خانووەکانیان تێکدا**

### بێسەروشوێنکردنی کوردانی شەبەك

سەبارەت بەبێسەروشوێنکردنی کوردی شەبەك فازڵ عەباس کە ئێستا ئاوارە بووەو لەکەمپی عەنکاوە نیشتەجێیە وتی: (لەگوندی بازۆیە داعش ٨ پیاوو گەنجی کوردی شەبەکیان بردووەو چارەنووسیان دیار نییە، لەگوندەکەی ئێمەش کە ناوی قەرەتەپەیە ٢ گەنجمان دوای ئەوەی دەست داعشەکان کەوتوون بێسەرو شوێنن، لەسەرجەم گوندەکان دەیان کوردی شەبەك دوای ئەوەی بەجێماون یا کەوتوونەتە ناو بۆسەکانی داعشەوە بێسەروشوێن کراون و ئەگەری کوشتنیان هەیە، لەم رۆژانەشدا کە پێشمەرگە لەپێشڕەویدایە زۆر لەو دیلانەیان کوشتووە). سەباح ساڵح کە کوردی شەبەکەو خەڵکی بەعشیقەیە چاوەڕوانی ئازادکردنی زێدی باوك و باپیرانیانەو لەم رووەوە وتی: ( ئێمە ئامادەین ببینە پێشمەرگەو زێدی باوك و باپیرانمان رزگار بکەین ئومێدم زۆرە بەسەرۆکی کوردستان کە تەواوی ئەو ناوچانەمان بۆ ئازاد دەکاتەوەو بگرە ئاوەدانیشی دەکاتەوە).

لە میانەی سەردانی تیمی گوڵان بۆ کەمپی بەحرکە، ئاوارەکانی کوردی شەبەك وێڕای ئەوەی سوپاسی رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی و رێکخراوی روانگەیان کرد کە هاوکاری زۆریان کردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرەو زستان و وەرزی بەفر و باران دەڕۆین، ئاوارەکان پێویستیان بە هاوکاری زیاترە لەمبارەوە موحسین محەمەد لەکەمپی بەحرکە وتی: لەم وەرزەی سەرماو سۆڵەو بارانەدا ژیان لەناو چادر زۆر زەحمەتە، خراپی خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەباو ئاوەڕۆ نەبوونی شوێنی خۆشوشتن ئەگەری کەوتنەوەی نەخۆشی و پەتای لێدەکەوێتەوە هەربۆیە داواکارم ئەم چادرانەمان بۆ بگۆڕن بە کابینە. سەعد عەلی لەناو کەمپەکە داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد هیچ نەبێت ناو کەمپەکە چەوڕێژ بکرێت و رێگایان پێبدرێت پەرژینێك بەدەوری خەیمەکاندا دابنێن تاوەکو منداڵەکانیان لەچوونە دەرەوەو ونبوون بپارێزن. ژمارەیەکیش لەئافرەتەکان هەر بەبیستنی ئەوەی ئێمە رۆژنامەنووسین لێمان نزیك بوونەوەو داوایانکرد حکومەت بە بلۆك لەهاوشێوەی کەمپی کوردانی ئاوارەی رۆژئاوا حەمام و و توالێت (WC) و مەتبەخیان بۆ دروست بکات و تانکی ئاویان بۆ دابنێت).



**مەلا سالم محەمەد شەبەک** ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر کۆتای شەبەک بۆ ( گوڵان ):

# کوردانی شەبەک پابەندی بڕیارەکانی (سەرۆک بارزانی)ن بۆ رزگارکردنی ناوچەکەیان


**مەلا سالم محەمەد شەبەك ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە بارودۆخی ئەو ئاوارە کوردانەی شەبەك کە ژمارەیان نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەسەو زۆربەیان لە کەمپ و باڵەخانە تەواونەکراوەکانی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك نیشتەجێن تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان وتی:**

(سەرجەم کوردانی شەبەك کە کوردی رەسەنن و بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیان نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەسن ئاوارە بوون، ئێستا ٧٠٪ی کوردانی شەبەك ئاوارەو نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بوون و لە ٣٠٪ی چوونەتە شارەکانی نەجەف و کەربەلاو بەسرەوە، بەمشێوەیە لەسەرجەم ئەو قەزاو ناحیەو ٥٩ گوندەی کە شەبەکی تێدایەو دەکەونە ناحیەکانی بەرتلەو بەعشیقەو قەرەقوش و تەلکێف لەلایەن داعشەوە داگیرکراوە، ئەمەش دوای ئەو هێرشە دڕندانەیەیانو کوشتنی چەندین پیاوو کوڕمان،جگە لەبێسەوشوێنکردنی ١٥٩ کەس کە ئافرەتیشیان تێدایەو تا ئێستا هەواڵ و چارەنووسیان نازانین، کە بەپێی هەندێك زانیاری دەڵێن کوردانی داعش لە قەسری سەرۆکایەتی لەشاری موسڵ دەستبەسەرکراون و لەبارودۆخێکی مرۆیی و تەندروستی و دەروونی زۆر خراپدان.

بەو پێیەی شەبەك پێکهاتەیەکی رەسەنی کوردە هەربۆیە کەوتنە بەرشالاوی نەتەوەپەرستی و هێزە شۆڤێنیەکان و تیرۆرستە نێودەوڵەتیەکان، جەنابی سەرۆك بارزانی لەدهۆك چاوی بە پێکهاتەی شەبەك کەوت بەوپەڕی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە پێی راگەیاندین کە سەرجەم ناوچە کوردستانیەکان لەدەستی داعش رزگار دەکرێت و پارێزگاریی لە کوردی شەبەکەیش وەکو هەموو پێکهاتە رەسەنەکانی تری کوردو کوردستانیان دەکرێت، هەر لەم روانگەیەشەوە داوامان لەجەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد چەند فەوجێك بۆ کوردانی شەبەك بکاتەوە کە بە خۆشحاڵییەوە بەدەنگ بانگەوازەکەمانەوە هاتوو کە لەرێگای وەزارەتی پێشمەرگە فەوجێکی بۆ کردینەوە، تا ئێستا بەسەدان کوردی شەبەك خۆیان ناونووس کردووە تاوەکو لەریزەکانی پێشمەرگە بجەنگن و ناوچەکانی خۆیان رزگاربکەنەوە، بۆیە کوردی شەبەك پێویستی بەچەند فەوجێکی ترە بۆ رزگارکردنی تەواوی ناوچەکانیان لەدەشتی نەینەوا. ئێمە پابەندی هەر بڕیارێکین کە سەرکردایەتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی دەری بکات بۆ رزگارکردنی ئەو ناوچانە لەدەستی تیرۆریستانی داعش، پشت بەخوا بەم نزیکانە سەرجەم خێزانەکان دەگەڕێنەوە زێدی باوك و باپیرانیان، من دەستخۆشی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە خێرخوازەکان دەکەم کە خەمخۆری کوردانی شەبەك بوون لە ئاوارەبوونیان بەڵام دۆخەکەیان بەچاوی خۆتان بینیوتانن زۆر خراپەو چاوەڕوانین ئاوڕێکی زیاتریان لێبدرێتەوەو هیچ نەبێت خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانیان بۆ دابین بکرێت، چونکە لەم وەرزەدا خێزانە کوردە رەسەنەکانی شەبەك لەبەر سەرماوسۆڵەو بارانی زستاندا لە مەترسیدا دەبن.

# پەروەردە و فێرکردن وەک سامانی گشتی





ڕێبوار سیوەیلی*
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

من گومانم نییە لەوەی پەروەردە و فێرکردن بەشێکن لە سامانی گشـــتی، بەڵام هیچ بنەمایەکی تیۆریم بۆ ئەم خستنەڕووە نییە. هێندە هەیە دەمەوێت بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخـــی کۆمەڵگەی خۆمان و بـــە بنەما وەرگرتنی (داهاتـــوو) وەك (بەهایەکـــی بەرز)، بیر لـــە پەروەردە و فێرکردن وەك (سامانی گشتی) بکەمەوە.

سامانی گشتی وەك هەر ســـامانێکی تر، وەك نەوت، گاز و ســـامانی ژێرزەوی، یان وەك سرووشت و ژینگەی هاوبەش و هەر شتێکیتری مانادار لە ژیانی ئێمەدا، ئەرك و مافی گشـــتی بەسەرەوەیە. گشـــت لە ئاست سامانی گشـــتیدا هەم بەرپرســـیارە و هەم ماف و پشکی تیایدا هەیـــە. ناکرێ مـــرۆڤ خۆی بە خاوەن ماف و پشـــك بزانێـــت و ئەرکی خـــۆی لە ئاســـتیدا جێبەجێ نەکات. شەقام شـــوێنێکی گشتییە، وەك شوێنێکی گشتی دەبێت بـــاش و لەبار بێت، ئەمەیان ئەرکـــی حکومەتە تاکو بەو باجەی لە خەڵکی دەســـتێنێت، نوێ و نۆژەنیان بکاتەوە. بەڵام ئەرکی هەموانیشـــە بیپارێزن، لانیکەم سەرپێچی لە یاســـاکانیدا نەکەن و بەهەڵە بەکاری نەهێنن و نەیکەنە زبڵدانێکی گشـــتی. فیلمێکی ڤیدیۆیی ئەمریکیم بینی کە تیایدا خانمێکی گەنج بەهۆی ماتۆڕەکەیەوە شـــوێن ئەو کەســـانە دەکەوت کە لە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە خاشاك و زبڵیان فڕێدەدایە ســـەر شەقامەکان. ئەو هەڵیدەگرتنەوە و فڕێیدەدایەوە ناو ماشێنەکان. ئەوەی مافی گشتی پێشێل بکات، دەبێت ســـزای خۆی وەربگرێت. ئەوە چ فڕێدانی قنچکـــە جگەرەیەك بێت، یان بازرگانیکـــردن بە نەوتەوە لەگەڵ داعش.

مافی گشـــتی لێرەدا و لەم تێگەیشتنەی مندا بۆ ئەم چەمکـــە، مانایەکی تایبەتی هەیە. (گشـــتی)ی لێرەدا بەمانای ســـەرژمێری و کۆی ئەو دانیشـــتووانە نایەت کە لەو شـــوێنە دەژین و حەقی ســـوودمەندییان هەیە لە سامانە گشتییەکان، بەڵکو (گشـــتی) لێرەدا مانایەکی زۆر لـــەوەش فراوانتر وەردەگرێت کـــە دەرەوەی ئەم کات و شـــوێنەش بگرێتەوە، (ئێمە) هەنووکـــە تیایدا دەژین. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم مانایەی گشـــتی، (ئێمە) لە چوارچێـــوەی دڕندەیەکدا دەرکەوێت، کـــە تێڕوانینی بۆ گشتی و مافی گشتی، سنووردار دەکات لەو شوێنکاتەی تیایدا دەژی و خۆی دەکاتە (خاوەندارییی گشت و ڕەها)ی هەر ســـامانێك کە لە تەمەنی خۆیدا دەتوانێت دەستی بەســـەردا بگرێت و وەك کاڵا بیخاتـــە خزمەت پڕۆژە و تەماعە تایبەتییەکانی خۆیەوە.

ڕەتکردنەوە و لێکردنەوە و دابڕکردن و لەبەرچاونەگرتنی مافی ئەوانەش کە لەمەودوا دێن و بەردەوامی بە نەوەی مرۆیـــی لە هەمان ئەم شـــوێنە و لـــە کاتێکیتردا دەدەن و خۆیـــان وەك ئێمـــە بە مرۆڤ و کورد پێناســـە دەکەن، ڕۆحیی ســـتەمکاریی و دیکتاتۆرییەتە. ئەم دابڕکردن و

**دەبێت لە ئێستادا بەهەمان ئەندازە بایەخ بە سەنگەرەکانی پەروەردە و پێشمەرگە بدرێت. سەرکردە و شەڕڤانانی هەردوو بەرەکەی جەنگ هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن**

**هەر وەکچۆن لە ئێستادا سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەرگری لە مانەوەمان دەکەن، ئەوە چالاکی و سیاسەتی پەروەردەیشمان ئەو سەنگەرانەن کە داهاتوومان بۆ دابین دەکەن**

**سامانی گشتی نەک هەر سامانە بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا لە ژیاندایە، بەڵکو سامانی گشتییی ئەو نەوانەشە کە بەڕێوەن بێنە ژیانەوە**

**مامەڵەکردن و دەستبردن بۆ سامانی گشتی، هەمیشە قەیدێکی ئەخلاقی لەسەرە**

بێبەرییکردن و چاوپۆشییکردن و قۆرخکردنە سەرلەبەری بیرکردنەوە و سیستەمی ئەخلاقی و دادوەریی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە تەنیا هەر ئەوە ئەخلاقی و ڕەوا نییە کە لە ئێستادا ڕەوایەتی وەردەگرێت، یان بە کردەیەکی ئاکارمەندانە وەسفدەکرێت. بەڵکو پێویستە ئەو ڕەوایەتی و ڕەفتارە ئەخلاقییە بۆ نەوەی داهاتوویش ڕەوا و ئەخلاقییانە بێت.

لەبەر ئەوە، سامانی گشتی پەیوەندییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوەی ئێمەوە هەیە لە داهاتوو، هەروەها بیرکردنەوە لە داهاتوو نیشانەی ئامانجداربوونی بیرکردنەوەکەمانە و لێرەشەوە هەر هەنگاوێکمان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەك ئەوەیە بیر لە داهاتوو بۆ هەمووان بکەینەوە. بۆیە داهاتوو بەهایەکی بەرزە، بەهایەکی نادیار، لێرەنەبوو، بەڵام چاوەڕوانکراو، پێشبینیکراوی ئەوتۆ کە وەك داینەمۆی بوونی مرۆیی ئێمە لە پشت بە جووڵەخستنی هەر کار و کردەوەیەکمانەوەیە.

هەموو بەهایەکی بەرز، لە بنەمادا بەهایەکی هاوبەشە. بۆیە کاتێك قسە لەسەر (پەروەردە وەك سامانێکی گشتی) دەکەین، لە هەمان کاتیشدا وەك بەهایەکی هاوبەش دەیهێنینە ناو بیرکردنەوەی خۆمانەوە، بەڵام پەروەردە و فێرکردن وەك بەهای هاوبەش و وەك سامانی گشتی، جیاوازییەکی بنەمایی لەگەڵ بەها و سامانە هاوبەش و گشتییەکانیتردا هەیە. گشت سامانە گشتییەکانیتر پێش بیرکردنەوەی ئێمە لە بوونی ئەوان، بۆخۆیان لە سرووشت و دەوروبەرماندا هەن و پاشان ئێمە بەهۆی ئەزموون و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریمانەوە، بیریان لێدەکەینەوە، ئاشکرایان دەکەین و بە دەستپێوەگرتن و بەهۆی پلانی تایبەتەوە سوودیان لێوەردەگرین، بەڵام پەروەردە وەك سامانی گشتی، ئەنجامی بیرکردنەوەی پێشوەختە لە مرۆڤ و کۆمەڵگە: چۆن لە پەروەردە و فێرکردن ئەو مرۆڤە لە ڕووی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی و زانستی و هووشیارییەوە دروستدەکەین کە بۆ داهاتوومان وەك سامانێکی گشتی بەرجەستە دەبێت؟ پەروەردە و فێرکردن بە ڕامان لە ئێستا و بە بیرکردنەوە لە داهاتوو وەك سامانێکی گشتی لەو مرۆڤانەدا بەرجەستە دەبێت منداڵانی ئێستا و کەسانیی دوارۆژن و داهاتووی ئەم وڵاتەیان دەکەوێتە بەردەست.

سامانی گشتی نەك هەر سامانە بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا لە ژیاندایە، بەڵکو سامانی گشتییی ئەو نەوانەشە کە بەڕێوەن بێنە ژیانەوە. بۆیە



**بەو ئەندازەیە دەستدەبەین بۆ سامانی گشتی کە پێویستییەکانی ئێستامان بە شێوەکی ڕێژەیی بۆ پڕ بکاتەوە و ڕێگەخۆشکەربێت بۆ ژیانێکی ئاسوودەی نەوەکانی پاشتر**

**ڕەتکردنەوە و لێکردنەوە و دابڕکردن و لەبەرچاونەگرتنی مافی ئەوانەش کە لەمەودوا دێن و بەردەوامی بە نەوەی مرۆیی لە هەمان ئەم شوێنە و لە کاتێکیتردا دەدەن و خۆیان وەک ئێمە بە مرۆڤ و کورد پێناسە دەکەن، ڕۆحیی ستەمکاریی و دیکتاتۆرییەتە**

**فیلمێکی ڤیدیۆیی ئەمریکیم بینی کە تیایدا خانمێکی گەنج بەهۆی ماتۆڕەکەیەوە شوێن ئەو کەسانە دەکەوت کە لە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە خاشاک و زبڵیان فڕێدەدایە سەر شەقامەکان. ئەو هەڵیدەگرتنەوە و فڕێیدەدایەوە ناو ماشێنەکان. ئەوەی مافی گشتی پێشێل بکات، دەبێت سزای خۆی وەربگرێت**

مامەڵەکردن و دەستبردن بۆ سامانی گشتی، هەمیشە قەیدێکی ئەخلاقی لەسەرە: بەو ئەندازەیە دەستدەبەین بۆ سامانی گشتی کە پێویستییەکانی ئێستامان بە شێوەکی ڕێژەیی بۆ پڕ بکاتەوە و ڕێگەخۆشکەربێت بۆ ژیانێکی ئاسوودەی نەوەکانی پاشتر. بەمجۆرەش بەکارهێنانی سامانی گشتی بیرکردنەوەیەکی جوتجەمسەر دەکات بە بەری ئاکارەکانماندا: لەیەك کاتدا بیرکردنەوە لە ئێستا و لە هەمان کاتدا بیرکردنەوە لە داهاتوو.

پەروەردە و فێرکردن هەر تەنیا دیسپلینێکی زانستی، یان مەهارەتێکی پیشەیی، یان بڕێك لە خزمەتکردن نییە بە کۆمەڵگە و دەستەیەکی تایبەت لە ئێستادا، بەڵکو هەڵوێستێکی ئەخلاقییانەشە لە ئاست داهاتوودا. هەڵوێستێکی پێشوەختی ئەخلاقییانەیە کە بەرجەستەکەری ئیلتیزامی ئێمەیە لە ئاست ئەوانیتری هاوچەشندا.

بەبێ فراوانکردنی تێگەیشتنمان لە پەروەردە و فێرکردن بە ئاراستەی چۆنێتی دروستکردنی داهاتوو، پەروەردە لە پەروەردەی جەستەیی و بارهێنان و فێرکردنی هەندێ شتی وەك کامە چاکە و کامە خراپە بە منداڵەکان و هەروەها فێرکردنیش لە چوونە قوتابخانەدا کورت و بچووك دەکەینەوە. لە کاتێکدا هیچکام لەمانە مانای تەواوی پەروەردە و فێرکردن نادەن بەدەستەوە. لەبەر ئەوە نیاز لە ناردنە قوتابخانە، نابێت هەر ئەوە بێت کە منداڵان لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی چەندین ساڵەدا بە زۆر، یان بە حەزی خۆیان، ڕۆژی چەند کاتژمێرێك بنێردرێنە دەرەوەی ماڵ، بەڵکو ئەم نیازە پێویستە لە تێگەیشتنی ئێمەوە بێت لە کارکردی داهاتوویانەی قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری. بەمجۆرەش هەر وەکچۆن لە ئێستادا سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەرگری لە مانەوەمان دەکەن، ئەوە چالاکی و سیاسەتی پەروەردەیشمان ئەو سەنگەرانەن کە داهاتوومان بۆ دابین دەکەن. ئەم تێگەیشتنە دابڕ نییە لە پێشبینیکردنی ئێمە بۆ داهاتوو کە دەمانەوێ لە ڕێگەی ئەم نەوەیەوە کە ئێستا دەیاننێرینە قوتابخانە، ئاراستەشیان بکەین بەرەو داهاتوویەك کە بەرژەوەندیی گشتی ئێمە و هاوچەشنەکانمانی تێدا پارێزراو بێت. بۆیە دەبێت لە ئێستادا بەهەمان ئەندازە بایەخ بە سەنگەرەکانی پەروەردە و پێشمەرگە بدرێت. سەرکردە و شەڕڤانانی هەردوو بەرەکەی جەنگ هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن.

لەبەر ئەوە پەروەردە و فێرکردن وەك سامانێکی گشتی، جگە لە بنەما پیداگۆکیی و زانستییەکەی، لەسەر بنەمای پرانسیپێکی ئەخلاقییەوە دامەزراوە کە تیایدا هاوچەشندۆستی و بەرزکردنەوەی ئاسایشی ژیان و مرۆڤویستی لە سەرووی هەموو شتێکیترەوەن. ئەگەر لێرەوە بڕوانینە قوتابخانە و فێرکار و فێرخواز و مامۆستاکان، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم دامەزراوەیە چ گرنگییەکی لە ژیانی هەر یەکێکماندا هەیە و چۆن دەتوانین لە ڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە ئامانجی هاوبەش و خەونی هاوبەش دروستبکەین وچۆنیش لە پێناوی ئەو ئامانجە هاوبەشەدا کۆدەنگیی ئەخلاقیانە و پراکتیکیانە پێکبهێنین. بەمجۆرەش پەروەردە و فێرکردن هەر تەنیا چوون وناردنی منداڵ نییە بۆ قوتابخانەکان، هەر تەنیا فێرکردنیان نییە بەوەی ناوی خۆیان بنووس و ببنە خوێندەوار، بەڵکو ئەمە هەڵگریی ئەو نیگا ئەخلاقییەشە کە ئێمە هەمانە بۆ داهاتوو، کە تیایدا بەهای هاوبەش و ئاماجی هاوبەش لە دەوری سامانێکی گشتی کۆماندەکاتەوە.

بە بڕوای من ئەم تێگەیشتنە لە پەروەدە و فێرکردن هەر تەنیا بەس نییە بەشێك بێت لەو سیستەمە سیاسییەی جڵەو و ئاراستەی ڕەوتی پەروەردەیی لە کۆمەڵگەدا دەکات، بەڵکو گرنگیشە بەشێکی جیانەکراوە بێت لە نیگای دایکان و باوکان بۆ منداڵەکانیان و بۆ داهاتووش. گرنگە ئەوانیش لەوە تێبگەن کە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە هەر تەنیا ئەرکێك نییە، بەڵکو هەڵوێستێکیشە لە ئاست داهاتوودا و بگرە لەوەش زیاتر: بەشدارییەکیشە لە دروستکردنی سامانێکی گشتیدا کە دەکرێ بە دڵنیاییەوە داهاتووی لەسەرەوە بینا بکرێت.

ئەم نیگایە پێویستە لە پرۆسەیەکی پەیوەنددارانە و بەشداریکەرانەی دایکان و باوکان و سەرپەرشتیاران لەگەڵ دامەزراوە فێرکاری و پەروەدەییەکانیشدا پەرەی پێبدرێت و بە دەروونی بکرێت و ببێتە بەشێك لە ڕۆشنبیریی گشتیی نێوان پەروەدەکاران و فێرکاران و باوان. لێرەشەوە زیندووکردنەوەی کۆی ئەو بۆنە و ڕیتوالانەی کە ڕێگە بە بەشداریی باوان لە ژیانی قوتابخانەدا دەدات، وەك کۆبوونەی گشتی و خولی ڕاهێنان و ڕۆشنبیری و هتد، زۆر گرنگن و پێویستە بەبەردەوامی ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی ژیانی خێزانی و ژیانی قوتابخانەیی تێکەڵ بە یەکتر بکرێن و شوێنێکی گشتی، یان ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی پەروەدەیی هاوبەش بێتە کایەوە کە هەموان و پێکەوە بە ئاراستەی ئامانجی هاوبەش و پارێزگاریکردن لە سامانێکی گرنگیی هاوبەش کار بکەن.

*** مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین**





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ماوەیەکە لەلایەن دۆستەکەتەوە بەهۆی پشتگوێخستنی گلەیی و گازاندەت لێدەکرێت، گەر خۆشت دەوێ ئەوا فەرامۆشی مەکە، ئەگینا لە دەستت دەچێت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
لەگەڵ خۆشەویستەکەت، یان لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستت بەیەك دەگەن و کاتێکی خۆش دەبەنە سەر و ماوەیەکی باش لە گرفت و خەمەکانت دادەبڕێیت.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئەگەر بەم شێوەیە لە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانت بەردەوام بیت، ئەوا تووشی گلەیی دەبیت و سەرزەنشت دەکرێیت، بۆیە پێویستە بەخۆتدا بچیتەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
لە کارەکەت پاداشت دەکرێیت، یاخود دەستخۆشیت لێ دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ڕاستگۆیی و چالاکیتەوەیە، دەرامەتیشت باشتر دەبێت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
باری تەندروستیت کەمێك گرفتی تێ دەکەوێت، ئاگاداری خۆت بە و زۆر دەمەقاڵێ و مشتومڕ مەکە، چونکە کاتەکە ناسکە، ئەگینا تووشی کێشە دەبیت و پەشیمان دەبیتەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
پێویستیت بە کەسێك دەبێت کە ورەت بەرز بکاتەوە و ئامۆژگاریت بکات، زۆر ڕەخنە لە هاوکارانت مەگرە و برینداریان مەکە، ئەگینا بەتەنیا دەمێنیتەوە.


## مانای خەون


### کوشتن :

زۆربەمان خەون بەو بەزمە دەبینین، یان لە خەودا کەسێك دەکوژین، یان کەسێك دەمانکوژێت، یان دیمەنی کوشتن دەبینین، با بزانین کوشتن چ مانایەکی هەیە لە خەودا. ئەگەر لە خەودا کەسێکت کوشت و هۆکارەکەشت نەزانی، ئەوە مانای ئەوەیە لە داهاتوودا کێشەیەکی گەورەت بۆ دروست دەبێت و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەی واتە لە ناکاو بۆت دەردەکەوێ، ئەگەر لە خەودا کوشتنت بینی و لە خەونەکەدا خوێنت بینی، ئەو خەونە بەتاڵە، ئەگەر کەسێك تۆی کوشت، کەسەکەشت ناسی، بزانە تۆ بەرامبەر ئەو کەسە هەڵەیەکت کردووە و لە دڵی ماوە، ئەگەر لە خەودا بینیت خەڵك یەکتر دەکوژن، مانای ئەوەیە ژیانی گشتی بەرەو خۆشی دەچێت.

## دیشلەمەی بلۆک

ئەوەی بیەوێت داهێنانێك بکات، دەتوانی لە سادەترین کەرستە کارێکی وا بکات کە دەوروبەر سەرسام بکات، دیشلەمە و شەکر لەگەڵ چای نۆش دەکرێن، شێوەی چوارگۆشە و بچووکە، بەڵام ئەگەر جارێك لە شوێنێك بووی و دیشلمەیەکیان بۆت هێنا وەك بلۆك وابوو، سەرسام مەبە و مەڵێ ئەمە چییە، چونکە ئەوەتا دیشلەمەی شەکر لە شێوەی بلۆك دروست کراوە، تەنیا ئەوە نەبێ ڕەنگی سپییە و بلۆکیش ڕەساسیە.





### وێنە بۆ زاخاوی مێشک

- ئەمە وێنەی دەمانچەیەکی گەورەیە و لەبەردەم ماڵێك دانراوە، هەوڵبدە بزانیت ئەو شتە چییە و بۆچی وا دانراوە، بۆ ئاسانکاری، چ شتێك لەبەردەم ماڵان دادەنرێت زیاتر !

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
بەهۆی ڕووداوێك باری سۆزداریت دووبارە دەگەشێتەوە و لە خۆشەویستەکەت نزیك دەبیتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە ورەت بەرز و گەشبین بیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە هەوڵ و کۆششدایت، بەڵام هەست بە ماندووبوون و هیلاکی ناکەیت، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە باری سۆزداریت تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێش چووە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
باری تەندروستیت باش دەبێت و هەست دەکەیت هێزو توانات گەڕاوەتەوەو دەتوانیت ڕووبەڕووی کێشەکەکانت ببیتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بڕوات بەخۆت پتەو بێت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
هەست دەکەیت بە تەنیایت و کەس هاوکاریت ناکات، بۆیە جاروبار خەم دادتەگرێت و بێزار دەردەکەویت، باشترە زیاتر تێکەڵی دەوروبەرت ببیت و تەنیا خەمی کارەکەت بێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
بەئەزموونێکی ناخۆش و ئاڵۆز تێپەڕ دەبیت ء ناچار دەبیت چارەسەری هەندێ گرفت بکەیت، کە بە شێوەیەکی کتوپڕ دەردەکەون، بەڵام ئەوەش لە بیر مەکە کە تا ئێستا بەخت لەگەڵتدایە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
لەوانەیە هەنگاوەکانت کۆسپی بێتە سەرڕێت و نەتوانیت ئاواتەکانت بێنیتە دی، بەڵام گەر ئارامی و هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، دەتوانیت بەردەوام بیت.



## پەند و وتە!

**- چارلی چاپلن بۆ دواکەوتنی کەسانی دیکە دەڵێ:**

لە ژیاندا هەموو کەسێك شوێنێکی هەیە، هەر یەکە شوێنی خۆی بۆ داندراوە، کەواتە تۆش شوێنی خۆت بکەوە و واز لە شوێنگرتنەوەی کەسانی دیکە بهێنە، چونکە ئەوانیش هەر یەکە شوێنێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## ماسی ڕوون !

هەموومان دەزانین شێوەی ماسی چۆنە، کە پێستی دەرەوەی وەك پەڕپەڕ و پوولەکە وایە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ماسییە بکەی، ناو گیان و جەستەی بە تەواوی دەبینی، چونکە ئەو جۆرە ماسییە ڕوونە و پێستی نییە، تەنیا تەبەقەیەکی سەر پێستە، ئیدی دەتوانی زۆر بە ئاسانی ئەندامەکانی ناو جەستەی ببینی، ئەو جۆرە ماسییە بۆ یەکەمین جار لە زەریای هێمن لەلایەن تیمێکی پشکێنەرانی ئوسترالیی دۆزراوەتەوە.